# ئاین و هەرا

عومەر عەلی غەفوور

# پێشەکی

ئاین و ئاینزا جیاوازەکان بەدرێژایی مێژوو لە ململانەدا بوون و تا ئێستەیش لەو ململانەیە بەردەوامن. لەو ململانەیەدا چەکی هزر و مەعریفە و ئەدەب و هونەریان بۆ تانەدا لێدان و رەخنەلێگرتنی یەکتر بەکار هێناوە.

ئەڵبەت بەدەر لەو ململانەیەی بەهۆی جیاوازییە لاهوتی و فیکرییەکانی نێو ئاین و ئاینزاکانەوە رووی داوە، بەهۆی ئەوەی ئاین و ئاینزاکان بوونەتە یەکێك لە سیمبوڵە رۆحییەکان و یەکێك لە سەرچاوەکانی "هێز" بۆ گرووپەکانیان، بەرژەوەندیی ئابووری و سیاسیش تێکەڵ بە پرسەکە بوون و زۆر جار رووی داوە و روو دەدات هێزێکی سیاسیی نائاینی و سیکیولار و رەنگە فوول ماتریالیستیش بکەوێتە ئەو ململانەیەوە و سەنگەری شەڕ لەدژ یان لەپاڵ ئاین/ئاینزایەك بگرێ کاتێ بزانێ ئەو کارە بەرژەوەندییەکی بۆ دەستەبەر دەکات.

هەروەها روویش دەدات لەنێو ئاینزاکانی هەمان ئایندا هەمان حاڵەتی ململانێ و دژایەتی پەنای بۆ ببرێ و لەو شەڕەیشدا چەکی مەعریفە و هزر و هونەر بەکار بێ. هەروەك روو دەدات ئەو ململانەیە لەنێو هەمان ئاینزایشدا بەهۆی خوێندنەوەی جیاواز بۆ دەقە بنچینەییەکان و تێگەیشتن لە ئاینەکە روو بدات و بگاتە حاڵەتی تانەدان لە راستی و رەوایی ئینتیمای یەکتر بۆ ئاین یان ئاینزاکە.

ئەگەرچی ئەو ململانەیە (مەبەست لێرەدا ململانەی مەعنەوییە لەرێی رەخنە و تانەلێدانەوە)، بۆ سەرەتاکانی سەرهەڵدانی ئاینەکان، بە ئاینی ئیسلامیشەوە، دەگەڕێتەوە، بەڵام ماوەی زیاتر لە سەدەیەکە جیهانی ئیسلامی زەقتر لە جاران لەم ململانەیەدا دەژی، چ لەسەر ئاستی دەرەوە و چ لەسەر ئاستی ناوخۆدا.

تا ئەو کاتەی ئاین و ئاینزا و ئایدیۆلۆژیاکان لە چالاکی و ململانەدا بن، تا ئەوکاتەی شەڕی بەرژەوەندییە سیاسی و ئابورییەکان بمێنن، کە هەر دەمێنن، ئەو شەڕەیش هەر دەمێنێ.

ئەڵبەت جگە لە شەڕ و ململانەکانی نێوان ئاین، ئاینزا، ئایدیۆلۆژیا و بەرژەوەندییە ناکۆکەکان کە تێیدا راشکاوانە چەکی رەخنەی رووخێنەر و سووکایەتیکردن بە یەکتر بەکار دەبرێ، هەندێ جار ململانەکە ململانەیەکی ناوەخۆیی نێوان هەمان ئایدیایە و شەڕەکە شەڕی نێوان بیرکردنەوەی قوتابخانەی کلاسیکی و قوتابخانە نوێخوازەکانە، کە تێگەیشتن و خوێندنەوەی جیاوازیان بۆ دەقە بنەڕەتییەکانی ئاین و ئایدیۆلۆجیاکە هەیە جیاواز لەوەی قوتابخانە کلاسیکییە باڵادەستەکە هەیەتی و تەوژمە نوێیەکە دەست بۆ هەندێ پنت دەبات کە بەلایەوە نەك جێی مشتومڕ و پێداچوونەوەن بگرە قسەلێکردنەوەیان بە پێویستییەکی حاشاهەڵنەگر دەزانێ و بەلای قوتابخانەکەی پێشووەوە لە شتە جێگیر و پیرۆزەکانن کە زانایانی گەورەی سەلەف بەرهەمیان هێناوە و لە توانادا نییە لەوە باشتر بێتە بەرهەم، هەر بۆیە رەخنەکانی لایەنی دووەم بە پیلان و جۆرێك لە سووکایەتی بە ئایدیاکە دەزانن و هەوڵەکانی دەخەنە ریزی ئەو پیلان و هێرشانەی دوژمنانی دەرەوە دژ بە ئاین/ئایدیاکە ئەنجامی دەدەن.

لە راستیدا کەمن ئەو نووسەرە موسڵمانە–عەلمانییانەی کە قسەیان لەسەر ئاین کردووە و بەرهەمەکانیان لەلایەن ناوەندە ئاینییەکەوە قاو دراون، نەیاری و دەرچوونی خۆیان لە ئاینەکە راگەیاندبێ و کارەکانیان بە دژایەتیکردنی ئاین دانابێ، تەنانەت هەندێك لەوانە کە راشکاوانەش نکولییان لە رەهەندە ئاسمانییەکەی ئاینی ئیسلام کردووە، وەك مەعروف رەسافی لە کتێبی (الشخصیە المحمدیە)دا، خۆ لەوە دەبوێرن خۆیان وەك "دژ" بە ئاینەکە بناسێنن. ئیدی ئەم خۆناساندنەیان چەندە لەلایەن ناوەندە ئاینییە باڵادەستەکەوە لێ قبووڵ کراوە، ئەوە مەسەلەیەکیدیکەیە.

گرنگ ئەوەیە ئەوانە خۆیانیان وەك پرۆژەیەك بۆ سووکایەتیکردن بە ئاینەکە و سیمبوڵەکانی نەخستووەتە روو.

له به‌رامبه‌ردا هه‌ندێ نووسه‌ری تری سیکیولار له‌به‌ر هه‌ر هۆکارێك بێ، رادیکالانه مامه‌ڵه‌یان له‌گه‌ڵ ئایندا کردووه و نه‌ته‌نیا به ره‌خنه‌گرتنی ئه‌کادیمی دڵیان ئاوی نه‌خواردووه‌ته‌وه، بگره خۆیان نه‌بواردووه له‌وه‌ی زمانی سووك و ناشایسته به مه‌قامی رۆحیی و کۆمه‌ڵایه‌تی و شارستانیی ئیسلام و په‌یامبه‌ره‌که‌ی به‌کار بێنن. له کوردستاندا کتێبه‌که‌ی مه‌ریوان هه‌ڵه‌بجه‌یی و لێکۆڵینه‌وه‌که‌ی نه‌وه‌ده‌کانی گۆڤاری (نڤار) نموونه‌یه‌کی روونی ئه‌م جۆره بابه‌ته‌ن.

له‌م ساڵانه‌ی دوایدا بابه‌تی "سووکایه‌تیکردن به ئاین و پێغه‌مبه‌ری ئیسلام" به‌شێوه‌یه‌کی به‌رچاو بووه‌ته بابه‌تی میدیاکانی ناوخۆ و جیهان و ته‌نانه‌ت بابه‌تی ناوه‌نده سیاسی و دیبلۆماسییه‌کانی دنیایش، به‌تایبه‌ت دوای بڵاوکردنه‌وه‌ی وێنه کاریاتێرییه‌کانی دانیمارك و دواتر بڵاوکردنه‌وه‌یان له هه‌ندێ له وڵاتانیتری ئه‌وروپیدا، که قه‌یرانێکی جیهانی به‌دوای خۆیدا هێنا تائێستایش ئاسه‌واری هه‌ر ماوه.

ئه‌و مشتومڕه کوردستانیشی گرتووه‌ته‌وه و هه‌ر له سه‌ره‌تای نه‌وه‌کانه‌وه ناوبه‌ناو ئه‌و کێشه‌یه سه‌ری هه‌ڵداوه، تا له چه‌ند ساڵی رابردوودا گه‌یشته ئاستێکی ئه‌وتۆ که ده‌سه‌ڵات له به‌رزترین ئاستیدا بۆ چاره‌سه‌رکردن و رێگرتن له ته‌شه‌نه‌کردنی کێشه‌که بێته سه‌ر خه‌ت.

ئه‌م کتێبه وێنه‌ی به‌شێك له‌و ململانه و کێشه‌یه ده‌خاته روو.

بابه‌ته‌کان هه‌ندێکیان دۆکیۆمێنتارین و له ئاماده‌کردنیاندا پشت به ماڵپه‌ڕه ئه‌لیکترۆنییه‌کان وه‌رگیراوه، ئه‌وانیتریش کۆمه‌ڵه وتارێکن که له چه‌ند ساڵی رابردوودا له گه‌رمه‌ی ئه‌و مشتومڕانه‌ی به‌هۆی "سووکایه‌تیکردن"ه‌کانه‌وه سه‌ریان هه‌ڵداوه نووسراون و بڵاو کراونه‌ته‌وه.

دوو له وتاره‌کان پێشتر له کتێبی (مرۆڤایه‌تیمان له بۆسه‌ی ئایدیۆلۆژیادا، ٢٠٠٩) بڵاو کراونه‌ته‌وه، به‌ڵام به‌هۆی په‌یوه‌ندییان به بیرۆکه‌ی ئه‌م کتێبه‌وه به‌پێویستم زانی لێره‌دا بۆ جارێکیتر بڵاویان بکه‌مه‌وه.

له کۆتایدا به پێویستی ده‌زانم ئه‌وه بڵێم که ئه‌م کتێبه ئایدیۆلۆژییانه نه‌نووسراوه، یان وردتر بڵێم نووسه‌ر به‌و نه‌فه‌سه نه‌ینووسیوه و بۆچوون و خوێندنه‌وه‌ی نووسه‌ر بۆ ئه‌و مشتومڕه ده‌خاته روو، که پێویسته زۆری له‌باره‌وه بنووسرێ.

پوخته‌ی بۆچوونه‌که‌یش ئه‌مه‌یه: تۆ باوه‌ڕت به راستی و ئاسمانیبوون و پیرۆزیی ئاین هه‌بێ یان نه‌بێ، که له‌مه‌دا ئازادیت، ده‌بێ باوه‌ڕت به پیرۆزیی ئیراده و بڕیاری مرۆڤ وه‌ك تاك به‌گشتی و وه‌ك کۆی تاکه‌کان (واته کۆمه‌ڵگه) هه‌بێ و رێزی بگری. ئه‌م رێزگرتنه له ئیراده‌ی مرۆڤ ده‌کاته رێزگرتن له کۆبڕیاری کۆمه‌ڵگه له باوه‌ڕبوون به ئاین و به‌پیرۆزڕاگرتن ئاین و سیمبوڵ و به‌هاکانی، بۆیه مافی ئه‌وه‌ت نییه سووکایه‌تی به ئاین و به‌ها و سیمبوڵه ئاینییه‌کانی کۆمه‌ڵگه بکه‌یت.

به‌ڵام له به‌رامبه‌ردا ده‌بێ ئاگادار بین، به‌ناوی رێگری له سووکایه‌تیکردن به‌ئاینه‌وه سنووری ئازادی بیرکردنه‌وه‌ی زانستییانه و لێکۆڵینه‌وه‌ی جدی به‌رته‌سك نه‌که‌ینه‌وه، چونکه هه‌موو شته‌کانی که‌لتووری ئاینیش پیرۆز نین که نه‌کرێ ده‌ستیان بۆ ببرێ و ره‌خنه‌یان لێ بگیرێ و بێنه گۆڕین، بگره هه‌ندێ دیارده هه‌ن به‌رگی ئاینیان له‌به‌ر کراوه و کۆمه‌ڵگه به پیرۆزیان داده‌نێ، که پێش له‌وه‌ی له‌گه‌ڵ عه‌قڵی ساغ ناکۆك بن، له‌گه‌ڵ خودی ئاینی پاکیشدا ناکۆکن.

نابێ به‌ناوی به‌گژاچوونه‌وه‌ی سووکایه‌تییه‌وه، دژایه‌تیی هه‌ر خوێندنه‌وه‌یه‌کی جدی بۆ لایه‌نێك له لایه‌نه‌کانی ئاین و مێژوو و فیکری ئیسلامی بکرێ، با ئه‌و خوێندنه‌وه‌یه له‌گه‌ڵ بیرکردنه‌وه‌ی باو و مێژوویی ناوه‌نده ئاینییه‌که‌یشدا ناکۆك بێ.

له راستیدا وه‌ك مافێکی سه‌ره‌تایی مرۆڤ له ئازادیی بیرکردنه‌وه و ده‌ربڕیندا، ناتوانین ته‌نانه‌ت مافی ئه‌وه‌ی لێ زه‌وت بکه‌ین بۆچوونی ره‌خنه‌ییانه و ره‌تکردنه‌وه‌ی بۆ خودی ئاینه‌که‌یش هه‌بێ، چونکه ئاینیش کۆمه‌ڵێ بیر و بۆچوون و به‌ها و سیستم و ئاکاره، که ده‌کرێ به‌لای عه‌قڵی ئه‌م یان ئه‌و مرۆڤه‌وه ره‌ت بکرێنه‌وه و په‌سه‌ند نه‌کرێن، ئه‌وه‌یش شتێکی ئاساییه، ئاینه‌کانیش

که له سەرەتاوە هاتوون وەك هەر ئایدیایەك هاتوونەتە گۆڕەپانەکە و هەندێ قبوڵیان کردوون و هەندێکیش ڕەتیان کردوونەتەوە.

هەر ئەوە كە یەك تاكە ئاین نەبووەتە ئاین و عەقیدەی ڕەهای مرۆڤایەتی کە کەس، لە هیچ نەتەوە و سەردەمێكدا، نەتوانێ خۆی لە باوەڕپێهێنانی ببوێرێ، بەڵكو چەندین ئاین هەیە و هەریەکەیان خۆی بە ئاینی ڕاستی دادەنێ و تەمەنی هەندێکیان هەزاران ساڵە، بەڵگەی ئەوەیە كە دەكرێ مرۆڤ ئاینێك ڕەت بكاتەوە.

کێشەکە لەوەدایە شوێنکەوتوانی ئاینێك پێیان وابێ مرۆڤ ئازادە لە بیرکردنەوە و هەڵوێست وەرگرتن لە ئاینەکاندا تا ئەوکاتەی دێتە ناو ئاینەکەی ئەوانەوە، کە هات، ئیدی مافی بیرکردنەوەی لێ دەسەنرێتەوە، کەچی لە هەمان کاتدا پێیان وابێ دەبێ شوێنکەوتوانی ئاینەکانیتر مافی ڕخنەگرتن لە ئاینەکانی خۆیان هەبێ تا بتوانن بە دوای ئاینی ڕاستیدا بگەڕێن، کە مەبەستیان ئاینەکەی خۆیانە، ئیدی ئەوەیان لەبیرکردووە كە شوێنکەوتوانی هەموو ئاینێك، چەندە بەلای من یان تۆوە سەخیف و پڕوپوچ بێ، ئاینەکەی خۆیان بە ئاینی ڕاستەقینەی مرۆڤایەتی دەزانن.

بەڵام لەبەرئەوەی دوای چەند وەچە و سەدەیەك ئیدی ئاین وەك نەریتێکی بۆماوە لەرێی باوانەوە بە تەلقین و پەروەردە، نەك بە بیرکردنەوە و مشتومڕی فیکری و فەلسەفی، بۆ وەچەکان دەگوێزرێتەوە، وردە وردە ئاین لە مەیدانی شتە جێمشتومڕەکان دەردەچێ و کۆدەنگییەکی کۆمەڵایەتی دروست دەبێ كە ئاینی كۆمەڵگە سەرچاوەی پیرۆزی و بناغەی سیستمی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەیە و نابێ ڕکابەری بکرێ، چونکە ئەو کارە هەڕەشە لە ئاسایشی ڕۆحی و سیستمی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگە دەکات، هەربۆیە دەبێ چاکسازی و ڕەخنەکان ئاراستەی بەشە مێژووییەکانی کەلتوورە ئاینییەکە بکرێن، نەك خودی ئاینەکە.

لە هەموو بارەکاندا ڕەخنەی زانستی و سەنگین و دوور لە سووکایەتی و بێنرخ سەیرکردن، دەبێ ڕێزی لێبگیرێ و هەر شێوەیەکی سووکایەتیکردن و لاقرتێ پێکردنیش ڕەت بکرێتەوە.

ئێمە دەبێ بە هەمان هێز کە بەگژی سووکایەتیکردندا دەچینەوە، پشتیوانی یان لانی کەم ئاسانکاری بۆ ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی ڕەخنەگرانەی جدی لە پرسە ئاینییەکاندا بکەین و ئەو سینەفراوانییە بەرامبەر لێکۆڵینەوەی جدی بکەینە ئامرازێك بۆ بەرتەسککردنەوەی شاڵاوەکانی سووکایەتی، کە هەندێ جار کاردانەوەیەکی تووڕەن بەرامبەر بە نەبوونی ئازادیی بیرکردنەوە لە پرسە ئاینییەکان.

عومەر عەلی غەفور

تەمموزی ٢٠١٢

## ئاین: دایەلۆگ و سووکایەتی

رەخنە وەك سووتەمەنییە بۆ رەورەوەی ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵگە، کە وای لێ دەکات بەردەوام لە کارژفرێدان و نوێبوونەوە و بەرەوپێشچووندا بێ و بە دیار شت و سیستم و میکانیزم و ئاستە بۆماوەکانییەوە دۆش دانەمێنێ و وەك میراتێکی پیرۆز و دوا وێستگەی مومکین کە بکرێ عەقڵی مرۆڤ پێی بگات، تەماشای نەکات و نەبێتە پاسەوان و پێشمەرگەیان.

ناکرێ ئێمە لە هیچ بارێکدا رێ لە رەخنە بگرین، چونکە بەوە بریاری بە بەردبوون لەسەر خۆمان دەدەین. ئەمە تەنانەت ئاینیش، کە قووڵترین ریشەی لە ناخی مرۆڤە ئایندارەکاندا هەیە، دەگرێتەوە، ئیدی شتەکانی تر دەبێ رەخنەلێگرتنیان لە ئاسایی ئاساییتر بێ.

ئاین بۆ مرۆڤ هاتووە، پێش لە هاتنی ئاینەکان مرۆڤ هەبووە، لە غیابی ئاینەکانیشدا مرۆڤ هەر هەیە. دەکرێ دوای سەدان ساڵ لە باڵادەستیی ئیسلام یان مەسیحیەت یان هەر ئاینێکی تر لە کۆمەڵگەیەکدا، ئەو ئاینە لەو کۆمەڵگەیەدا بپوکێتەوە یان باڵادەستی لەدەست بدات، ئەوەیش زۆر رووی داوە، بەڵام مرۆڤەکان هەر دەمێنن و بەئاسایی درێژە بە ژیانی خۆیان دەدەن. رەنگە مرۆڤ بەبێ هیچ ئاینێك بژی، بەڵام ئاین بەبێ مرۆڤ ناژی و نامێنێ.

کەواتە مرۆڤ یەکەم و ئاین دووەمە، رەنگە هەر لێرەشەوە بووبێ هەندێ لە بیرمەندانی ئیسلامیش گوتویانە "صحه الابدان اولی من صحه الادیان" واتە ساخلەمیی جەستەکان لە ساخلەمیی ئاینەکان لەپێشترە.

کەواتە مادام رەخنە بۆ مرۆڤ گرنگ بێ، دەبێ ئاینیش ئەمە قبوڵ بکات، ئەگینا پەراوێز دەکەوێ و ئەمڕۆ بێ یان سبەی، تۆزی بێنازی لێ دەنیشێ.

ئەمڕۆ قبووڵکردنی رەخنەگرتن لە ئاین لای شوێنکەوتوانی هەندێ لە ئاینەکان ئاسایی بووەتەوە، بەڵام لای کۆمەڵگەی موسڵمان هێشتا نەك رەخنە لە جەوهەری ئاینەکە و لە بنەما فەلسەفییەکانی، بگرە رەخنەگرتن لە زۆر بیروبۆچوونی مێژووییش، کە بەرهەمی عەقڵی زانا موسڵمانەکانن و بەشێکی بونییەوی نین لە دینەکە، رەخنەلێگرتنیان بووەتە بڤە و ئەنجامدەری بەر نەفرەت دەکەوێ.

ئایا ئاین لەمە بەرپرسە یان عەقڵی موسڵمانان؟ ئایا دەقە تەئسیسییەکانی ئیسلام (قورئان و فەرموودە) شتێکی وایان تێدایە کە بیرکردنەوەی رەخنەگرانە لە ئاست ئاینەکەدا قەدەغە بکات؟

ئەز کە نزیکەی ٢٥ ساڵە وەك ئەویندارێکی ئیسلام و پەیامەکەی کارم کردووە و لێی کۆڵیومەتەوە و سەردەمێك وەك هەر موسڵمانێکی وابەستە بە ئاین لە ناخەوە بە رەخنەلێگرتنی ئیسلام و تەنانەت هەندێ جار لە بە رەخنە لە شتە مێژووییەکانیشی نیگەران و بریندار بووم، لەو باوەڕەدام ئەوەی وای کردووە عەقڵی ئیسلامیی ئێمە هێندە دژ بە هەر نەفەسێکی رەخنەگرانەبێ نەك تەنیا لە دینەکە بگرە لە زۆر لە شتە مێژووییەکانیشی، ئەو کەلتوورە دواکەوتووەیە کە لە سەردەمی پاشەکشەی عەقڵ و شارستانییەتیی ئیسلامییەوە، کە لە سەدەی پێنجەمی کۆچییەوە دەست پێ کردوە و هەر دەستبردنێکی رەخنەگرانە بۆ ئەو کەلەپوورەی بۆمان ماوەتەوە بە بڤە و مەترسی زانراوە، بۆمان ماوەتەوە، نەك خودی ئاینەکە.

واتە ئەو پاسەوانیکردنەمان پاسەوانیکردن نییە لە ویستی ئاینەکە بەقەدەر ئەوەی پاسەوانیکردنە لە ویستی کەلتوورێکی مێژوویی دواکەوتوو، هەر ئەوەیش وای کردووە نەتوانرێ بۆ ماوەی سەدان ساڵ نوێگەرییەك لە بیر و جیهانبینیی ئیسلامیدا بێتەکایە و هەموو بیرکردنەوە نوێ و هاوچەرخەکان زیاتر جووینەوە و میکیاژدانەوەی بیروبۆچوونەکانی پێش خۆمان بن.

ئیسلام سیستمێکە لە بیروبۆچوونی فەلسەفی و ئەخلاقی و سلوکی، لە بەرامبەر دەیان سیستمیدیکەی جۆراوجۆر کە لە دنیادا هەن چ ئاینی ئاسمانی بن یان فەلسەفەی بەشەری، بۆیە مافی هەر تاکێکی هۆشمەندە، جا لە بنەماڵەیەکی موسڵمان بێ یان غەیرە موسڵمان، بیر لە بنەماکانی ئەو سیستمە بکاتەوە، هەڵیانسەنگێنێ و لە بناغە مەنتیقییەکانیان رامێنێ، ئەنجا هەڵوێستی خۆی لەبارەیانەوە، بەباوەڕپێهێنان، یان نەهێنان دیاری بکات.

ئەمە سەرەتاییترین مافی مرۆڤە لەبەرامبەر هەر ئاینێکی دنیادا. هەموو ئاینێکیش لە سەرەتادا بەم شێوەیە مامەڵەی کردووە. ئەوەتا لە قورئاندا دەیان رەخنە و گومانی بێباوەڕەکان لەبارەی حەقیقەتی پەیامە نوێیەکەوە تۆمار کراون، لەوانە تۆمەتبارکردنی بەوەی لەلایەن خواوە نەهاتووە و قورئان دەمهەڵبەستی محەمەدە، یان تۆمەتبارکردنی پێغەمبەر بەوەی پەیامبەری خوا نییە، بەڵکو شاعیرە، درۆزنە، شێتە، قورئان ئەفسانەی دێرینەکانە و چەندان تۆمەت و رەخنەی تر کە قورئان خۆی پاراستوونی و بۆ ئێمەی گواستوونەتەوەن بڕوانە: {الأحقاف/٨}. {الشورى/٢٤}. {الطور/٣٠}.المؤمنون/٧٠}.{الأنعام/٢٥}.

ئەعرابی هەبووە راشکاوانە بەپێغەمبەری گوتوە "لەو دابەشکردنەدا دادگەر نەبوویت". هەبووە ملیوانی کراسەکەی پێغەمبەری بە توندی راکێشاوە تا ئەو رادەیەی لاملی سوور بووەتەوە، بەبێ ئەوەی ئەو تەکفیریان بکات.

بەڵام دوای چەند سەدەیەك وای لێ دێ لە پرۆسەی گفتوگۆکردن و قبوڵکردنی ئایندا ئیرادەی مرۆڤ سەلب دەکرێ و ئاین وەك هەر کەلەپوورێکی نەتەوەیی بە میرات بۆ وەچەکانی دواتر دەگوێزرێتەوە و خۆشی بێ و ترشی بێ موسڵمانە، دیارە ئەمە تەنیا تایبەتی ئاینی ئێمە نییە و لە هەموو ئاین و مەزهەبەکاندا هەر وایە.

ئاین بەهیچ شێوەیەك لەو سەلبکردنی ئیرادەیەی مرۆڤ بەرپرس نییە و هەر مرۆڤێك گەیشتە تەمەنی پێگەیشتن و هۆشی پڕا، بەچاوپۆشین لەوەی باوان و کۆمەڵگەکەی هەڵگری چ ئاینێکن، مافی ئەوەی هەیە بە بیرکردنەوە و هەستی تایبەتی خۆی ئاین و رێبازەکان بپشکنێ و بڕیاری شوێنکەوتن یان نەکەوتنیان بدات، هەر بەوەیش بنەمای بەرپرسیاریەتی (تەکلیف) واتای دەبێ، ئەگینا وەك چۆن بەپێی ئایەتی "الا من استکره وقلبه مطمئن بالایمان" کوفرێك بە زۆر مرۆڤ بیکات لەسەری حسێب ناکرێ، ئیمانێکیش بەزۆر لەسەری فەرز بکرێ بایەخی نابێ، بەتایبەت کە قورئان راشکاوانە دەڵێ زۆرکردن لە ئایندا نییە "لا اکراه في الدین".

لێرەوە دێمە سەر ئەسڵی مەبەست و دەڵێم بەشێك لە بەرپرسیاریەتیی ئەوەی هەندێ لە نووسەرانی عەلمانی یاخود نەیار بە ئاین ناوبەناو دەیکەن و تێیدا بەم یان بەو شێوە سووکایەتی بە پیرۆزییە ئاینییەکانی موسڵمانان دەکەن، دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەلتوورە دواکەوتووە ئاینییە، کە دەرگای گفتوگۆی زانستی و بابەتییانەی لەبارەی پرسە ئاینییەکانەوە لە نەیارانی ئاینەکە قفڵ داوە، بۆیە بەو سەلبکردنە تا دێ زیاتر پەنگ دەخۆنەوە تا دواتر ئەو هەستە لە شێوەی پەرچەکردارێکی ناعەقڵانی و تووڕەدا خۆی بەرجەستە دەکات و قاڵبی سووکایەتی وەردەگرێ.

مرۆڤ کاتێ بواری تەعبیر لەخۆکردنی ئازادانە و عەقڵانی نەبوو، لە ناخی خۆیدا پەنگ دەخواتەوە تا دەگاتە ئاستی پڕ بوون، ئەو جا لێی دەرژێ و بەشێوەیەکی ناعەقڵانی و توندڕەوانە گوزارشتی لێ دەکات.

رێنەدان بەخۆدەربڕینی ئازادانە، تەنیا زیانەکەی ئەوە نییە کە ئەو لایەنە کپکراوە پەرچەکرداری ناعەقڵانی و توندڕەوانەی دەبێ، بەڵکو وا دەکات لایەنی کپکەریش وەك لایەنێکی لاواز لە بەرامبەر روبەڕوبونەوەی عەقڵانیی تەوژمەکان دەربکەوێ و کپکراوەکان وا هەست بکەن کە ئەوان لە ترۆپکی هێز و داهێناندان و هەر لەبەرئەوەیشە هێزە ئاینییەکە لە حزور و ئازادییان دەترسێ.

ئەمە جگە لەوەی زۆر جار دروستکردنی هەڵا لەسەر کتێبێك هێندەی زیان بەو کتێبە و نووسەرەکەی و تەوژمەکەی دەگەیەنێ، زیاتر لەوە سوودی پێ دەگەیەنێ، چونکە رەواجێکی پێ دەدا کە رەنگە لە رووی ناوەرۆکی زانستی و ئیبداعیەوە ئەو نرخەی نەبێ. سەلمان روشدی بە فتواکەی ئیمام خومەینی ناوبانگێکی پەیدا کرد کە شایستەی نەبوو، کتێبەکەی تەسلیمە نەسرین بەهۆی هەڵای زانا ئاینییەکانی بەنگلادیشەوە نەسرینی کردە ئەفسانەیەکی سەردەم، وێنە کاریکاتێرییەکانی دانیمارك بەهۆی خۆپیشاندانەکانەوە سەدان جار لەوەی رۆژنامە دانیمارکییەکە چاوەڕێی دەکرد رەواجی پەیدا کرد، کە ئەوەیان بە ملیاران دۆلار رێکلام بۆ نەدەکرا. گۆڤاری وێران بەم هەڵایەی لەسەری دەکرێ رەواجی پەیدا کردوە و ئەوانەیش دژینی حەز دەکەن بیبینن.

ئەمە جگە لەوەی لەو هەرایانەدا ئایندارن وەك میراتگرانی دادگەی پشکنین و ئەوانەی بە سووکایەتیکردن تۆمەتبار دەکرێن وەك میراتگرانی گالیلۆ و کۆپەرنیکۆس و هاوشێوەکانیان دەخرێنە روو، لەکاتێکدا نە ئەوانەی یەکەم خۆیان بە رێگر لە ئازادیی دەربڕین و داهێنان و دژی جوانییەکان دەزانن، رەنگە نە ئەو مادانەیش کە هەڵاکەیان لەسەر دروست دەکرێ لە رووی ئەدەبی و ئیستاتیکییەوە هێندە داهێنەرانە و نەمر بن کە شایستەی ئەو ناوبانگە بن کە بۆیان دروست دەکرێ.

بەندە لە لێکۆڵینەوەیەکدا لەسەر گوتاری ئاینیی رۆژانی هەینی ئەوەم گوتوە کە مامۆستایانی ئاینی لە هەموو کەسێك زیاتر پێویستیان بە ئازادیی دەربڕین هەیە، چونکە ئیشی ئەوان قسەکردن و رادەربڕینە، لەبەرئەوە دەبێ ئەوان لە هەموو کەس زیاتر سەرسەختانە داکۆکی لە ئازادیی دەربڕین بکەن ئەگەر دژی بیروبۆچوونی خۆیشیان بێ، بەپێچەوانەوە ئەگەر ئەوان داوای زمانبڕینی ئەوانە لە دەسەڵات بکەن کە جیاواز لە خواستی ئەوان بیر دەکەنەوە، دوور نییە رۆژێك بێ هەر لەسەر زمانیان مقەستی دەسەڵات بە زمانی ئەوانیش بگات.

دیارە شەڕی تەوژمە ئایدیاییە جیاواز و ناکۆکەکان کۆتایی نایە، بەڵام ئەرکی ئێمەیە ئەو شەڕە لە شەڕێکی کێوی و بەدەوییەوە بکەینە شەڕێکی ماڵیی و شارستانی. ئەو زمانەی لە چەند رۆژی رابردوودا لە مشتومڕی هەندێ لە وتارخوێنەکان و چەند یەکگرتوویەك لەلایەك و هەوادارانی سیکیولاریزم لەلایەکیترەوە بەکار هات، بەداخەوە زمانی گفتوگۆی تێپەڕاند بۆ زمانی شەڕ و داشۆرین، زیاتر لە شەڕێکی کێوی دەچوو تا شەڕێکی مەدەنی. زیاتر لە تەقینەوەی گڕکانێکی پەنگخواردوو دەچوو کە ئاگر و زیخ و بەرد و دووکەڵی بەرووی ئەویتردا دەکرد، نەك لە گفتوگۆیەکی هێمنانەی دوو تەوژمی فیکری کە باوەڕیان بەفرەفیکری و نیسبیەتی حەقیقەت هەبێ.

ئێمە بەسازکردنی زەمینەی گفتوگۆیەکی عەقڵانی و کراوە لە نێوان تەوژمە فیکریە جیاوازەکاندا، دەتوانین کوانووی هەناوە داخبوەکان سارد بکەینەوە و لەرێی رێگەدان بە رەخنەی جیدی، بازنەی پەنابردن بۆ سووکایەتیکردن تەسك بکەینەوە.

سروشتی زمانی رەخنە و زمانی سووکایەتیکردن، ئەگەرچی لێکچوونیشیان هەبێ، بەڵام زۆریش تایبەت و لێك جیاوازن.

لە رەخنەدا زمانی زانست و مەنتیق بەکار دەهێنرێ کە سەنتەری بیرکردنەوەی مرۆڤ، واتە عەقڵ، دەدوێنێ و زۆر بە کەمی دەبێتە هۆی وروژاندنی مرۆڤ و کاردانەوەی توند لە دژی وروژێنەرەکە، بەڵام زمانی سووکایەتیکردن، وەك جوێندان و گاڵتەپێکردن، زمانێکی زیاتر بازاڕییە و سەنتەری هەست و سۆزی مرۆڤ، واتە دڵ ، دەپێکێ و دەیوروژێنێ و تەنانەت کار لە توانای عەقڵیش بۆ بیرکردنەوەی مەنتیقی لاواز دەکات و وا لە کەسی وروژاو دەکات کاردانەوەی توند و حساب بۆ نەکراوی لە بەرامبەر ئەو وروژاندنە هەبێ.

# شەڕی "سووکایەتیکردن بە ئاین" بەرەو کوێ؟

لە ناوەڕاستی نەوەدەکانەوە تا ئەمڕۆ، بەردەوام مەسەلەی "سووکایەتیکردن بە ئاین و پیرۆزیەکان" یەکێك بووە لەو بابەتانەی ناوەندەکانی رۆشنبیری و ئاینی و تەنانەت سیاسی و یاسایشی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردوە، کە مەبەستیش تێیدا بەدیاریکراوی ئاینی ئیسلامە، نەك ئاینەکانیدی.

لە نەوەدەکاندا نامیلکە شیعرییەکەی "پەتای شۆڕش"ی دکتۆر نامۆ، وتارێکی ڕێبوار ئەحمەد لە رۆژنامەی "بۆپێشەوە"ی ئۆرگانی پارتی کۆمۆنیستی کرێکاری لەبارەی پێغەمبەرەوە، دواتر لێکۆڵینەوەیەکی گۆڤاری "نقار" لەبارەی قورئانەوە، لەم دەیەی دواییشدا دوو کتێبی د.جەمال رەشید و مەریوان هەڵەبجەیی، لە ساڵی ٢٠١٠یشدا چەند بابەتێکی نێو گۆڤاری (وێران) و هەفتەنامەی (چاودێر) و رۆژنامەی (هاوڵاتی)، لە دیارترین ئەو نووسینانە بوون کە لەلایەن ناوەندی ئاینیی رەسمی و حزبییەوە تۆمەتی سووکایەتیکردن بە ئاینیان دراوەتە پاڵ.

دیارە نە لای ناوەندە ئاینییەکە و نە لای ناوەندەکەیدی سنوورێك لەنێوان رەخنە و سووکایەتیکردندا نەکێشراوە، بۆیە زۆربەی جار تێکەڵ دەکرێن و کێشە دروست دەبێ. نووسەر یان هونەرمەندێك رەخنەیەکی زانستی دەگرێ، کەچی بە سووکایەتیکردن تۆمەتبار دەکرێ، یەکێکیدی سووکایەتی دەکات، کەچی پێی وایە ئەو هیچی نەکردووە جگە لە رەخنەگرتن، کە مافێکی سرووشتییە.

سنووری نێوان رەخنە و سووکایەتی لە کوێدایە، کە –بە دەربڕینەکەی قورئان– ئەمدیوی هێڵەکە رەخنە و رەحمەت و حەڵاڵ بێ، ئەودیوی هێڵەکەیش سووکایەتی و چەرمەسەری و حەرام بێ؟

رەنگە دیاریکردنی ئەو سنوورە بەهۆی جیاوازیی پێوەر و روانگەکانەوە کارێکی وا ئاسان نەبێ. رەنگە هەندێ پێیان وابێ کێشانی وێنەی کاریکاتێریی پیاوە گەورەکان، چ پێغەمبەران بن، یان سەرکردە رۆحی و سیاسییەکان، سووکایەتیکردن نییە، لە بەرامبەردا لایەنگرانی ئەو کەسایەتییانە ئەو کارە بە سووکایەتییەکی گەورە بزانن. رەنگە هەندێ لە بابی "یجوز للشاعر ما لایجوز لغیره" و "المعنی فی قلب الشاعر"ەوە پێیان وابێ زمانی ئەدەب و هونەر زمانێکی رەمزی و مەجازییە و ناکرێ بەپێوەری حەرام و حەڵاڵی فیقهی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ، هەندێکیدی پێیان وایە هیچ چالاکیەکی هۆشیارانەی مرۆڤ لە دەرەوەی ئەو پێوەرەوە نییە.

بەڵام لەنێو ئەم گێرمەوکێشەیەدا دەبێ پانابیەك بۆ دەربڕینی ئازاد و بزواندنی هزر و دیالۆگێکی ژیرانە و بەرپرسانەی روانگەکان بدۆزینەوە. نابێ و ناکرێ ناڕوونیی سنوورەکان و ناجێگیریی تیرەی بازنەی ئازادییەکانی دەربڕین بکرێنە پاساو بۆ درێژەدان بەو شەڕە سایکۆلۆجییە بێهودەیەی هەردوولا وەك مەراق دژ بە یەکتر ئەنجامی دەدەن.

هەزاران ساڵە ئاینەکان هەن، هەر لەو کاتەوە خەڵکێك هەبوون بەو ئاینەیان وتوە ئەفسانەی پێشینان و رێبازی خەڵکە رەشوڕووت و نەزانەکان، (وَمَا نَرَاكَ اتَّبَعَكَ إِلاّ الَّذِينَ هُمْ أَرَاذِلُنَا بَادِيَ الرأي) هود ٢٧. تا ئەمڕۆ ئەو شەڕە بەردەوامە و رەنگە تا دنیاش مابێ هەر بمێنێ، ئەوەیش راستیەکە کە لەگەڵ هەموو شۆکەکانی رۆژگاردا ئاین، بە دروستی بوبێ یان بە نادروستی، بە پێکهێنەرێکی سەرەکیی ناسنامەی کۆمەڵگەکان ماوەتەوە، بەتایبەت لە کۆمەڵگە موسڵمانەکاندا کە جگە لە عیبادەتەکان، زەواج و تەڵاق و میرات و زەکات و خێرخوازی و ئاکار و پێوەندییە خزمایەتیەکان و جۆری خواردن و خواردنەوە و.. هتدی پێوە بەستراوە. لە هەندێ قۆناغی مێژوویدا تەنانەت دڵی ئوردوی داگیرکەریشی داگیر کردوە.

له بەرامبەر ئەو راستییەی کە ئەرکی توێژی روناکبیرە بەردەوام لەبارەی ئاینەوە قسەی نوێی پێ بێ و بۆچوونەکانیان بە شێوازی زانستیانە و دوور لە تانە و تەشەر و وروژاندنی هەستی رەشە خەڵك و زانای نەخوێندەوار لە سەکۆ دەستەبژێرەکاندا بخەنە روو، بەڵام نابێ هاوکات ئەوە نادیدە بگرن کە مامەڵەکردنی ناعەقڵانی و لەخۆباییانە لەگەڵ ئەو واقیعە چەسپیوە بەئاینیکراوەی کۆمەڵگەدا، دوور نییە ئاسەواری خراپ و نەخوازراو بەجێبێڵێ.

مرۆڤ مووچەی مانگێکی ون بکات خەریکە ئاخ و ئۆف بیکوژێ، ئەی چی دەڵێی ئەگەر ئەو پیرە پیاو و پیرە ژنانەی حەفتا هەشتا ساڵە بە سەرما و گەرما (ئیتاعەی خوا)یان کردوە، نوێژیان کردوە و رۆژووی تەموزیان گرتوە، لە دەمی خۆیان و ماڵ و منداڵیان گرتووەتەوە و خێر سەدەقە و قوربانی و حەج و عەمرەیان کردووە، تۆ بێیت پێیان بڵێیت ئێوە مایەپوچ و رەنج بە خەسارن و شوێن کڵاوی بابردوو کەوتوون، چونکە محەمەد پێغەمبەر نەبووە.

یان ئەو ملیۆنان خەڵکەی (لەبەر خوا) و بە نیازی (رەزامەندیی خوا) و (لە ترسی خوا) مزگەوت و نەخۆشخانە و قوتابخانە دروست دەکەن، هەتیو و هەژاربەخێو دەکەن. خۆیان لە تاوانەکانی ستەم، چەتەگەری، دزی، درۆزنی و گەندەڵی لادەدەن، لەوانە خۆش دەبن کە ئازیزیان کوشتون، بە ناوهێنانی خوا ئازاری جەرگسوتان، ماڵوێرانی، دەربەدەری، هەژاری، نەخۆشی، پیری و کەنەفتییان سارێژ دەبێ، چ سوودێك لەوەدا دەبینی بێیت ئەو کۆشکی هیوا و ئومێدەیان بڕوخێنی بەبێ ئەوەی بەدیلێکی باشترت بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە وجودییە پێ بێ.

هەندێ راڤەی "ئاین تلیاکی گەلان"ەکەی مارکسیان بەوە کردوە کە مەبەستی ئەوە بووە "ئاین دڵدەرەوە (عزاو)ی مرۆڤە لە بەردەم سەختی و نالەبارییەکانی رۆژگاردا". فرۆید لەگەڵ هەموو رەخنەکانیدا لە عەقڵی ئاینی راشکاوانە دەڵێ "ئاینەکان بە درێژایی مێژوو لەرێی رامکردنی غەریزە ناکۆمەڵایەتیەکانی مرۆڤەوە خزمەتێکی گەورەیان بە شارستانێتی کردووە".

هەر بۆیە ئەو سیاسەتی "شەلم کوێرم نابوێرم"ە، کوێرکردنەوەی سەرچاوەکانی ئاکار و خۆشەویستی و هیوا و وزە و ورە و دیسپلینە لە کۆمەڵگەدا، کە لە بەرژەوەندیی کەسدا نییە.

هاوکات پێم وایە عەقڵی ئاینیی زاڵ لە ناوەندە ئاینییەکەیشدا تا ئێستە نەیتوانیوە ببێتە حوجە لەسەر ئەو ناوەندە رۆشنبیرییەی رووبەڕووی بووەتەوە، بەو واتایەی تا ئێستە خۆی لە قۆزاخەی وتاری وەعزی و تەلقینیدا قەتیس کردوە و نەبوەتە خاوەن گوتارێکی مەعریفیی نوێ کە بتوانێ لەبارەی چەمکە جێناکۆکەکانەوە لەگەڵ توێژی دەستەبژێردا دیالۆگ بکات، لەبری ئەوە بە زمانی هەڕەشە و گوڕەشە و لەرێی وتاری ئاگرینی میمبەری مزگەوتەکان و سکاڵای بەردەم دادگەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو توێژەدا دەکات، کە تا دەستبەرداری ئەو دوانە نەبێ و خۆی بۆ شەڕێکی مۆدێرن ساز نەکات، بەردەوام وەك جەمسەرێکی لاوازی ململانێکە، کە خۆی لە پەنای یاسا و خەڵکدا دەشارێتەوە، دێتە پێش چاو.

*** ***

## شەڕی دوور لە شەقام

ماوەیەکە ململانێی مەلاکان لەلایەك و هەندێ لە نووسەران و هونەرمەندان و ڕێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتانی فیمینیستی کوردستان (سیکیولارەکان) لەلایەکیترەوە، توند بووە، بەتایبەت دوای دەرچوونی نامیلکەی "ڕاستیی ونبوو"ەکەی مەلا فەرمان خەرابەیی (کانوونی یەکەم/دیسێمبەری ٢٠١٠)، کە لەلایەن زانایانەوە پشتگیری لیێ کرا و لەلایەن هەندێ لە ڕێکخراو و چالاکوانە ئافرەتەکانەوە کاردانەوەی توندی لێ کەوتەوە، بە ڕادەیەك یەکێتیی زانایان هۆشداری دا لە بزواندنی شەقام لە دژی ئەوانەی "سووکایەتی بە پیرۆزییەکان و بە زانایانی ئاینی" دەکەن، بەرەی دووەمیش هەوڵیدا لەڕێی یاساوە سنوور بۆ دژەگوتاری مەلاکان دابنێ، هاوکات هەوڵیدا بارتەقای ئاپۆرەی گەورەی جەماوەرە ئاینپارێزەکە، ئەویش دەست بکات بە کۆکردنەوەی ئیمزای سەدان کەس بۆ پشتگیری لە پرۆژەکانیان، تا پیشانی بدەن ئەوانیش بنکەی جەماوەرییان هەیە.

ئەنجوومەنی ناوەندی یەکێتیی زانایانی ئاینیی ئیسلامیی کوردستان لە کۆبوونەوەیەکی ئاسایی خۆیدا داوای لە ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و ڕۆژنامەکان کرد واز لە زمانی تەشهیر و سووکایەتیکردن بێنن، هاوکات ڕایگەیاند ئەوان لەبەر "ناسکیی دۆزی ڕەوای گەلی کوردستان" هیچ هەنگاوێکی جەماوەرییان نەهاویشتووە و هیوای خواستووە ناچار نەکرێن ئەو هەنگاوە بهاوێژن و بە دووری نازانێ درێژەکێشانی ئەو حاڵەتە "کاردانەوەی توند"ی جەماوەری لێ بکەوێتەوە.

لە بەرامبەردا ڕێکخراوەکانی ئافرەتان خۆپیشاندانیان لە دژی نامیلکەی ناوبراو ئەنجام دا و سکاڵای یاساییان لەسەر تۆمار کرد. لەولایشەوە بە ئیمزای نێزیکەی ١٣٠٠ نووسەر و ئەدیب و هونەرمەند پرۆژەیاسایەك بۆ پەرلەمانی کوردستان بەرز کرایەوە ( ٩ی کانوونی دووەم/یەنایەری ٢٠١١) بەمەبەستی سنووردارکردنی ڕۆڵی مەلاکان و بەرتەسککردنەوەی بواری بەکارهێنانی میمبەری مزگەوتەکان لەلایەن مەلاکانەوە لە دژی نووسەران و هونەرمەندان.

ئاخۆ ئەم ململانەیە بۆمبێکی تەوقیتکراوە کە ڕەنگە لە هەر کاتێکدا بتەقێتەوە و مەترسیی جدی بۆ سەر ئاسایش و ئارامی و ئەزموونی دیموکراسیی هەرێم دروست بکات، یان دیاردەیەکی تەندروست و پێشمژدەی کامڵبوونی ئەزموونی دیموکراسییە؟

ئەوەی تا ئێستە ڕووی داوە لە سنووری ململانەیەکی ئاسایی نێوان تەوژمە فیکرییە ئاینی و عەلمانییەکانی کۆمەڵگەی کوردستان دەرنەچووە و هی ئەوە نییە مرۆڤ لێی بترسێ.

مافی مامۆستایانی ئاینییە بەرەنگاری ئەو دیاردانە ببنەوە کە پێیان وایە زیان بە بەها ئاینییەکان دەگەیەنن. هاوکات مافی لایەنی بەرامبەریشە بیروبۆچوونی خۆی لەو سنوورەی یاسا ڕێی پێ دەدات دەرببڕێ. بەڵام لێرەدا پێویستە هەڵوەستە لەسەر دوو خاڵ بکەین: یەکەم ئەوەیە پێویستە مەلاکانی کوردستان ئامرازە دیموکراسییەکان و شێوازی مەدەنییانە لە بەرەنگاربوونەکەیاندا بەکار بێنن کە زیان بە ئەزموونەکە نەگەیەنێ و مەترسی ڕوودانی پشێوی و کاری توندوتیژی و دروستکردنی مەترسی لەسەر ژیان و بەرژەوەندیەکانی بەرامبەرەکان دروست نەکات، بۆ ئەوە وەڵامدانەوە بە نووسین لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا باشترین ڕێگەیە . ڕاشکاوانەتر بڵێم: هیچ باش و تەندروست نییە مەلای مزگەوت لە خوتبەی هەینیدا بە زمانێکی حەماسی و سۆزبزوێن خەڵك لە دژی شاعیر، هونەرمەند یان نووسەرێك هان بدات، چونکە ئەو خەڵکە هەموویان خەڵکی هۆشیار و بەرپرس نین و هیچ دوور نییە یەکێك لەوانە ئەو وتانەی وتاربێژ بە فتوایەکی شەرعی بزانێ بۆ دەستدرێژیکردنە سەر ئەو کەسەی مەلا بە سووکایەتیکردن بە خوا و ئاین و پیرۆزییەکان تۆمەتباری دەکەن. ڕەنگە مەلاکە مەبەستی نەبووبێ ئەو ئەنجامەی لێ بکەوێتەوە و زیاتر بۆ ستۆپکردنی ئەو شاڵاوی سووکایەتیکردنە بێ، بەڵام وەك وتراوە "قسە دیلی تۆیە تا دەیکەیت، کە کردت تۆ دەبیتە دیلی ئەو". بۆیە مەرج نییە هەمیشە گوێگر بە هەمان نییەتی قسەکەر لە گوتەکانی تێ بگات.

جگە لەمەیش سووربوونی زانایانی ئاینی لەسەر چاوسووركردنەوە لە هەر رەخنە یان دژە بۆچوونێكی تەوژمە علمانییەكە، لە دەرەنجامدا وێنەیەكی تاریك بۆ كۆی عەقڵی ئاینی و بەتایبەت عەقڵییەتی مەلاكان لە پرسی هەڵوێست لە ئازادیی بیروبڕوا و داهێنان لە شەقامەكەدا دروست دەبێ، ئەوەیش دەبێتە دەسكەلایەك بەدەست لایەنی بەرامبەرەوە تا بەهۆیەوە مەلاكان بە هەمان سیستمی كلێسای سەدەكانی ناوەڕاستی ئەوروپا بچوێنن و بڵێن كوا ئەو جیاوازییەی بەگوتەی ئێوە لەنێوان عەقڵی ئاینیی كلێسای سەدەكانی ناوەڕاست و عەقڵی ئاینیی ئیسلامیدا هەیە، كە دژ بە ئازادیی بیر و داهێنان نییە؟

دووەم: لایەنی دووەمیش، واتە نووسەر و هونەرمەند و فیمینیستە سیكیولارەكان، هەندێ جار وا دێنە پێش چاو كە بە هیچ شێوەیەك نایانەوێ دان بە قووڵایی و بایەخی بەها و سیستمە ئاینییەكانی كۆمەڵگەكەیاندا بنێن، بۆیە پەنا بۆ دەربڕینی رادیكالانە دژ بەو بەها و سیستمانە دەبەن، لەوانە تۆمەتباركردنی ئیسلام بە ستەمكاری و بانگەشەی زمنیی یان راشكاو بۆ ئازادیی سێكسی. داننەنان بەو بەها ریشەدارانەدا وایان لێ دەكات پارووی گەورە، گەورەتر لە خۆیان و توانای قبووڵكردنی لەلایەن ناوەندە ئاینییە موحافیزكارەكەوە، بۆ دەمیان ببەن، كە كەمترین زیانی ئەوەیە دوور نییە دەمیان بدڕێنێ.

ئەوان كاتێ بە رەهایی دژ بە فرەژنی دەوەستن و بە ستەمێكی گەورەی دەزانن لە ئافرەت، هیچ بەدیلێكی عەمەلییان بۆ چارەسەری كێشەی ئەو ئافرەتانە پێ نییە كە بێوەژن كەوتوون یان ماونەتەوە، بۆیە بەپێی مەنتیق هەر دەبێ بڵێن "با سێكس لە كۆت و بەندە ئاینییەكان رەها بكرێ"، كە رەهایش بوو ئەوكات ئاساییە باس لە هاورەگەزبازی "هۆمۆسێكسوالێتی"یش بكرێ.

لە نەوەدەكاندا ئافرەتێك بە ناوی (كەژاڵ خدر) لە ناوچەی پشدەر لەبەر گومانێك لەلایەن كەسوكاری مێردەكەیەوە لوتی بڕا و بوو بە هەرا لە كوردستان، هەندێ لە چالاكوانانی ئافرەت لەباتی ئەوەی هەوڵ بدەن وا لەو خەڵكە بگەیەنن كە ئەو ژنە بێتاوانە، كەچی دەیانوت نەخێر ئەو مافی خۆیەتی مومارەسەی ئازادی بكات، واتە بەو قسانە تۆمەتەكەیان لەسەر ساخ دەكردەوە و عەقڵە خێڵەكییەكەیان شێتگیرتر دەكرد.

وتارێكم لەبارەی كوشتنی ئافرەتان بۆ یەكێك لە رۆژنامە "ئەهلییە ئازاد"ەكان نارد تێیدا ئاماژەم بەوە دابوو لە وڵاتی ئێمەدا سنووری ئازادیی كەسەكان تێكەڵ بووە، رەفتاری ئافرەت كاریگەری لەسەر ناوبانگی بنەماڵەكەی هەیە، بۆیە بۆ سنورداركردنی كوشتنی ئافرەتان پێویستە ئافرەتان خۆیشیان حسب بۆ ئەو حاڵەتە بكەن و خۆ لە هەندێ سەركێشیی هەرزەكارانە ببوێرن. بابای سەرنووسەر وەڵامی دامەوە كە ئەوەی تۆ دەیڵێیت تەسلیمبوونە بە كولتووری دواكەوتووی كۆمەڵگە، كە نابێ ئێمە بیكەین، لەبەرئەوە بابەتەكە بڵاو ناكەنەوە. وتم كاكە "تۆ دەبێ بزانیت لە چ كۆمەڵگەیەكدا دەژیت. ناكرێ بەناوی تەسلیمنەبوون بە كولتووری كۆمەڵگەكە وا بەئاسانی باز بەسەر راستییە كۆنكریتییەكانی واقیعەكەدا بدەیت و دەرگا بە رووی جەهەننەمدا بكەیتەوە، تۆ وەرە كۆمەڵگەیەكم بۆ دروست بكە تێیدا رەفتاری ئافرەتان زیان بە من نەگەیەنێ، تا منیش داواكەم بكێشمەوە".

كێشەی زۆر لە فیمینیستەكان ئەوەیە نایانەوێ مامەڵە لەگەڵ ئەو واقیعەدا بكەن كە هەیە و بەپێی مومكیناتەكانی واقیعەكە رێگەچارە بخەنە روو. ئەوان سوورن لەسەر ئەوەی ئیللا و بیللا دەبێ كۆمەڵگەی كوردستانیش وەك ئەوروپا بێ، كە وا نییە، هەر بۆیە پرۆژە و رێگەچارەكانیان ئەوروپییانە و نامۆ بە سروشتی كۆمەڵگە دێنە پێش چاو و كاردانەوەیان لێ دەكەوێتەوە.

یەكێكی تر لە هۆكارەكانی قووڵبوونەوەی كێشەكان ئەوەیە زۆر لەوانەی ناوبەناو بابەتی وا بڵاو دەكەنە كە مەلاكان دەوروژێنێ، ئەوەیە تا رادەی بێمانایی لە ئاینی ئیسلام نەشارەزان، بۆیە دەبینی لەبری ئەوەی راشكاوانە بڵێن ئێمە عەلمانین و پابەندی سنوورە ئاینكردەكان نابین، بەوە پاساو بۆ كارەكانیان دێننەوە كە ئەوەتا شێخ رەزای تاڵەبانی و عەلائەدین سەجادی و ئەحمەدی ناڵبەندیش دەقی سێكسییان بڵاو كردووەتەوە و نەشبووەتە هەرا. ئەوەیش بە بەڵگەی ئەوە دەزانن كە ئەو كارەی

کردوویانەوە لەگەڵ ئاین ناکۆکی نییە و ئەوان کارێکی ناشەرعییان نەکردووە و مەلاکان لەخۆوە هار بوون، وەك ئەوەی مەرجەع لەو بابەتەدا هەڵوێستی مەلا یان شێخێك بێ نەك دەقە تەئسیسییەکای ئاینەکە. ئاخر مەلا و زانای گەورە هەبووە مولحید بووە، ئیلحادیی مەلایەك ناکاتە ئەوەی ئاین ئیلحاد پەسەند دەکات. هیچ مەلایەك ناتوانێ بڵێ هەندێ لەو چیرۆك و نوکتانەی سەجادی نووسیونی لە رووی ئاینییەوە دروستن، تەنیا پاساو ئەوەیە کە سەجادی لەو کارەیدا گوێی بە سنوورە ئاینییەکان نەداوە. بۆیە ئەسڵ ئەوەیە هونەرمەند و شاعیرانی یاخیی ئێستەیش هەر بەم مەنتیقە پاساوی دەقە سەرکێشەکانیان بدەنەوە کە ئەوان پابەند نین بە چوارچێوە ئاینییەکەوە و ئامادەیشن ئەنجامی کارەکەیان قبووڵ بکەن.

ئەوەی لەو ململانەیەدا گرنگە ئەوەیە هەردوولا دان بە مافی جیاوازبوونی یەکتردا بنێن، مەلاکان چاوەڕوانی ئەوە لە بەرامبەرەکانیان نەکەن وەك ئەوان بیر لە ژیان و کۆمەڵگە و ئەدەب و هونەر بکەنەوە، ئەوانیش کاردانەوەی مەلاکانیان پێ ئاسایی بێ و با ئەو ململانەیە هەر بەردەوام بێ، بەمەرجێ بە خوێنساردی و بە شێوازێکی سەردەمانە و دوور لە موهاتەرات و وروژاندنی شەقام و دروشمی "بمرێ و بڕوخێ" بێ. شەڕێکی عەقڵانی و مەدەنیی وا بۆ ژیانی دیموکراسیمان پێویستە.

***   ***   ***

# قەدەغەکردنی سوکایەتی نەک رەخنە

لە وڵاتانی دواکەتوودا هەروەك کە لە مەیدانە سیاسیەکەدا حزبی زۆرینە و فەرمانڕەوا هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدایە کۆنترۆڵی گشت جومگە و سەرچاوەکانی هێز لە کۆمەڵگەدا بکات تا بتوانێ جموجوڵ و گەشەی نەیارانی لە نزمترین ئاستدا تەوق بکات و تەمەنی درێژ بۆ خۆی مسۆگەر بکات، بە هەمان شێوە لە مەیدانە فیکری و ئایدیۆلۆژیەکەیشدا ئایدیۆلۆژیای زۆرینە هەمیشە پێگە زەمەنییە بەهێزەکەی بۆ هەرچی زیاتر درێژەپێدانی هەیمەنەی خۆی بەسەر گۆڕەپانەکەدا بەکار دێنێ، ئەویش لە ڕێی هەوڵدان بۆ هەرچی زیاتر بەرتەسککردنەوەی مەودای جوڵە و چالاکی ئایدیۆلۆژیا نەیارەکانی، تا بە تێپەڕینی ڕۆژگار لە بەر بێهێزی بڕستیان لەبەردەبڕێ و بەلادا دێن. کوردستان تاقیگەیەکی باشی ئەم تیۆرەیە.

مەسعود محەمەد لە بەرگی یەکەمی کتێبی (مرۆڤ و دەوروبەر) دا کە لە ساڵی ١٩٧٧ چاپی کردوە دەربارەی رادەی هەیمەنەی فیکری چەپ و چەپەکان لە کوردستانی سێ دەهەی پێش خۆی دەڵێ: "سی ساڵ پتره خوێندەواری کورد هەرچی فیکرەی دەرەوەی جوغزی ماتریالیزم هەیە لێی حەرامکراوە..(بەشیوەیەك).. هیچ موبالەغە لەوەدا نییە کە دەڵێم دیتومە مەلای کورد لەنێو ئەڵقەی تازە خوێندەواری کورد نەیوێراوە بە رەهایی هەموو باوەڕێکی ئاینی راست و دروست و بێ تەئویلی ئیسلامەتی باس بکات وە یا بە دەنگی دلێرەوە بڵێ بنەما ئابوریەکانی ئیسلام لە کۆمیۆنیزم باشترە" ل٢٠-٢١. هەر لە روانگەی باڵادەستی ئەم فەزا خنکێنەرە دژە ئاینییەشەوە بوو کە مەسعود محەمەد وەك دەمڕاستی کۆڕی زانیاری کورد دووچاری رەخنە و گێچەڵێکی زۆر بوویەوە لە لایەن رۆشنبیرانی کوردی ئەو سەردەمەوە لەسەر چاپکردنی کتێبی (ڕێکەوت لە ترازوی ژیریدا)ی محەمەد مەلا ساڵحی شارەزوری، لە لایەن کۆڕەوە.

ماتریالیزم و دەسەڵاتەکەی، لە دەورەیەکی مێژوییدا، کەوتنە پەراوێز و، پەراوێزەکەی دوێنێ، کە ئاینە، جارێکیدی بوویەوە بە سەنتەر و دەسەڵات. حاڵی حاز، بەپێچەوانەی جاران، ئەوانەی ناوێرن "بە رەهایی هەموو باوەڕێکی راست و دروست و بێ تەئویلی خۆیان" باس بکەن توێژێکی نادینین.

ئێستا ئاین لە کوردستان خاوەن دەسەڵاتی رەسمی نییە، بەڵام دەسەڵاتێکی نارەسمی بەرچاوی هەیە و هەیمەنەی خۆی بەم یان بەو شێوە مومارەسە دەکات. دیارە مومارەسەکردنی ئەو هەیمەنەیە، بە هەمان شێوەی هەیمەنەی چەپەکان لە ناوەڕاستەکانی سەدەی رابردوودا، لەسەر حسابی بەرتەسککردنەوەی ئازادی جموجوڵی ئایدۆلۆژیا نائاینییەکان، هەروەها ئەو ئاراستە عەقڵانییە نوێیانەیش دەبێ کە تێگەیشتنیان لە ئاین لەگەڵ تێگەیشتنی دەسەڵاتی تەقلیدی ئاینی گۆڕەپانەکەدا ناکۆکە. دەسەڵاتیش، کە پتر واجیهەیەکی رەسمی دوو حزبەکەیە، کە وێڕای عەلمانیبوونیان، ناتوانن موجامەلەی هەستی موحافیزکارانەی جەماوەرەکەیان نەکەن و لەو هەڵمەتەدا پشتی دەسەڵاتی نارەسمی ئاین لە بەرامبەر پاشماوەکانی دەسەڵاتە کۆنەکە نەگرن.

لێرەوەیە لەگەڵ ئەوەی فەزا کۆمەڵایەتیەکە تا رادەیەکی بەرچاو ئاینی بووە، ناوە ناوە هەندێ نووسین لە شێوەی وتار و کتێب بڵاودەبنەوە کە بەهیچ کلۆجێك موجامەلەی ئەو فەزایە ناکەن و رەخنە نەك لە دەسەڵاتی ئاینی و پیاوان و حزبە ئاینییەکان، بەڵکو رەخنە لە خودی ئاینەکەش دەگرن، ئەڵبەت زیاتریش لە فۆرمێکی ئیستیفزازی و داشۆریندا. دیارە ئەمەش هێندەیدی کەشوهەواکە گرژتر دەکات و مرۆڤ لە بەرقەرارکردنی زەمینەیەکی تەندروست بۆ گفتوگۆی هێمن و زانستی لەنێوان ئاراستە فیکری و ئایدیۆلۆژیەکانی کۆمەڵگەدا ئومێدبڕاو دەکات.

ناکرێ مێژوو تەنیا لە چاوی سەرکەوتوەکانەوە بخوێنرێتەوە، چونکە ئەوانەی پەراویزیش بە هەمان شێوەی باڵادەستەکان مرۆڤن، تەنیا جێیان لەسەر نەخشەی دەسەڵات جیایە کە دەکرێ سبەینێ ئەوان ببنە سەنتەر و سەنتەریەکان بچنەوە پەراوێز. چەپەکانی دوێنێ (کە سەنتەر بوون) هەڵەبوون لەوەدا ئازادییان لە مرۆڤە ئاینپەروەرەکان بەرتەسك دەکردەوە بە وەهمی ئەوەی

بـەوە لـەنێو دەچـن. ئاینییـەکانی ئـەمڕۆیش هەڵـەن گـەر پێیـان وابـێ بـە سیاسـەتی بەرتەسـک کردنـەوەی ئـازادی دەربڕینـی نائاینییەکان، یان نوێخوازە ئاینییەکان، ئەوانەی دوایی لە نێو دەچن، یان بەو هەڵوێستە سەروەریەکی مێژوویی بۆ ئیسلام تۆمـار دەکەن.

بەندە ئەو سیاسەتی بێ چیکڵدانەییەی سەنتەرییەکان، ئاینی بن یـان دژەئـاینی، پـتر بـە بەرهـەمی کولتـوورێکی دواکـەوتوو دادەنێم تا ئەوەی زادەی ڕۆحیەتی راستەقینەی ئاینەکە یاخود فەلسەفەکە بێ. سەلماندنی ئەمەش زەحمەت نییە.

بیرمەندێکی خۆرئاوا، بەهەڵەدا نەچووبم ڤۆلتیرە، لە وتەزایەکیدا سەرسوڕمانی خۆی دەردەبـڕێ لـە موفارەقەیـەکی سـەیر لـە نێوان ئیسلام و مەسیحیەتدا وەك دەق و وەك واقیع. ئەو پێـی وایـە ئیسـلام بـە شمشـێر دەسـتی پێکرد کەچـی کەنیسـەکان لـە شـارەکانی جیهـانی ئیسـلامیدا مانـەوە، بـەڵام مەسـیحیەت وەك پـەیامی ئاشـتی و خۆشەویسـتی دەسـتی پێکـرد کەچـی موسڵمانەکانیان لە ئەندەلوس قەلاچۆکرد و مزگەوتەکانیان خاپور کرد.

ئەمە سەلمێنەری ئەوەیە کە تەنیا ئاین پێکهێنەری سیاسەت و رەفتاری مرۆڤ و کۆمەڵگەکان نییە، بەڵکو دەکرێ بڵێین رادەی هۆشیاری مرۆڤانەی مرۆڤ و کۆمەڵگەکان جۆری تێگەیشتن و مومارەسەکردنیان بۆ خودی ئاینەکەیش دیـاری دەکـات. ئیسـلام لـە سەردەمی هاتنی و رەنگە چەندین سەدە لەوەدواتریش پێشـکەوتووترین نموونـە بـوو لـە بـواری قـایلبوون بـە بـوون و مانـەوەی ئاینەکانیدی(ئەگەرچی ئەو قایلبوونە مەرجداریش بووبێ).

بەڵام ئەوە کە ئیسلامێکی سینەفراوان و لێبوردە و بێباك لە بوونی جیاوازیـەکان و شـەڕی بەڵگەکان(کـە قورئـان بـە (برهـان) ناوی دەبات "قل هاتوا برهانكم ان كنتم صادقين"، ئیسلامێك بێباکانە وتـە و گومـانی نەیارەکانیشـی لـەنێو کتێبـە پیرۆزەکەیدا تۆمار و نەمر کردوە، ئیسلامێك کە بە وتەی سەلیم خەیاتە لە سەردەمی زێرینیدا هێندە لێبوردە بووە رێی بە کەسانی وەك (ابـن الراوندی)ی زندیق داوە بە راشکاوی رەخنە لەسەر عەقائیدەکانی بگرێ، ئەویش هێندە لێی بە جواب بێـت کـە بـە لەسـەرخۆیی و هێمنـی کتێـب بـۆ پووچـاندنەوەی بیروراکـانی دابنـێ. ئـەوە کـە ئیسـلامێکی لـەم جـۆرە بـە تێپـەڕینی رۆژگـار دەبێتـە ئـەوەی شوێنکەوتوانی چێژ لەوە ببینن کە نەیارەکانیان بێدەنگ بکەن و رێ لە ئازادی هەڵسـوڕانیان بگـرن و، لەولایشـەوە مەسـیحیەتێك کە جەنگی خاچپەرستەکان و دادگاکانی پشکنینی بەرهەمهێنا بە تێپەڕینی رۆژگار ناوبانگی وەك پەیامی ئاشـتی و خۆشەویسـتی بە جیهاندا بڵاوبێتەوە و ئاینە جۆراوجۆرەکان لەژێر فەزایدا بە ئازادی هەڵسوڕێن.

هـەموو ئەمانـە بەڵگـەی دەورو کاریگـەری مـرۆڤ و رادەی هۆشـیاری مرۆڤانـەی مـرۆڤ و کۆمـەڵگان لـە دیـاریکردنی جـۆری مامەڵەکردنی عەقڵی ئاینیی هەر ئاینێك بەرامبەر بە ئازادی بیروباوەڕ و دەربڕین و، ئاینەکـە لـەو مەسـەلەیەدا دەورێکـی سـانەوی هەیە. واتە دەکرێ ئاینێکی لە جەوهەردا پێشکەوتوو لە سایەی کۆمەڵگەیـەکی دواکـەوتوودا زۆر بـە سـانایی بگـۆڕێ بـۆ ئـاینێکی تەسکبین و دواکەوتوو. بە پێچەوانەشەوە.

عەقڵی ئاینیی ئێمە پێویسـتی بـە متمانەبـەخۆبونی زیـاتر هەیـە تـا بتـوانێ زیـاتر بکرێتـەوە و لـە بـوون و رەخنـەی نـەیارانی ئاینەکەی نەترسـێ چـونکە پـەنابردن بـۆ سیاسـەتی دەمبەسـتنی ئەویـدی لـە لایـەك نیشـانەی متمانەبەخۆنـەبوون و ترسـانە لـە رووبەرووبوونەوەی ئـەو بـە مـەنتیق، لەلایەکیدیکەشـەوە رێخۆشـکەرە بـۆ کاردانـەوەی توندڕەوانـەی بەرامبـەر، ئـەویش لـە رێـی پەنابردنی بۆ سوکایەتیکردن و داشۆرین و قسەی نابەجێ . لەمەشدا عەقڵی ئاینی پشکێکی گەورەی بەرپرسـیارێتی سـەرهەڵدانی ئەو نووسینە موهاتەراتیانەی دەکەوێتە ئەستۆ.

ئێمە دەبێ لە باتی شەڕی داشۆرین و دەمبەستن، زەمینەیەك بـۆ گفتوگـۆی هـێمن سـازبکەین. سـنوورێك لـە نێـوان رەخنـە و سوکایەتیکردن بکێشین.

رەخنە چەکێکی مەشروعی مەیدانی ململانێی تەیارە فیکری و سیاسیەکانی هەر کۆمەڵگەیەکی تەندروستە و کەس بۆی نییـە لەژێر هیچ پاساوێکدا رێی لێبگرێ. بەڵام سوکایەتیکردن بە پیرۆزیەکان یان تەنانەت بە کەسـەکان، ئەمـە چـەکێکی رەزاقـورس و

نامرۆڤانـەی مەیـدانی جەنگـە دەروونـی و سـەربازییەکانی نێـوان لایەنـە مشـەخۆر و مرۆڤکوژەکانـە، کـە خۆشـبەختانە لـە روی یاساییشەوە لە هەموو کەس قەدەغەیە. پەیوەندیەکی پێچەوانە لە نێوان ئەم دوو چەکەدا هەیـە، تـا ئـازادی زیـاتر بـە رەخنـەی مەوزوعی بدرێ ئەگەری پەنابردن بۆ چەکی دووەم کەمترە. خۆ ئەگەر دەرگا سروشتیەکەی رەخنە بەسـترا ئـەوە دەبـێ ئەگـەری پەنابردن بۆ چەکەکەیدی بە دوور نەزانین. هەموولایش لەو ئاکامە بەرپرسن.

ئەز پێم وایە تەنانەت رەخنەگرتن لە خودی ئاینەکە و بنەما چەسپاوەکانیشی، یان ئەو شتانی لەلایان زانایانەوە بە (المعلوم من الدين بالضرورة) نـاوبراون، ئەگـەر بـە زمـانی لێکۆڵینـەوەی زانسـتی بنووسـرێ، بـە هـەمان نەفەسـیش لەلایـەن ناوەنـدە ئاینییەکەوە وەردەگیرێ و کەمترین کاردانەوەی تووڕە و هەوڵدان بۆ وروژاندنی شەقام و کۆهەستی خەڵکی موحافیزکـار و ئـاینی لە دژی نووسەرەکەی لێ دەکەوێتەوە، چونکە گوتاری لێکۆڵینەوەی جدی روو لە عـەقڵی خوێنـەر دەکـات نـەك سـۆز و دەمـاری، هەربۆیە کەمترین کاریگەری لەسەر سۆز و دەمارگرژبوونی خوێنەر دەبێ.

چەندین نووسینم بە زمانەکانی عەرەبی و کوردی دیوە، کە رەخنەی جدی و قووڵیان لە شتە جەوهەری و جێگیرەکانی ئـاینی ئیسلامیش گرتووە، بەڵام نیو هێندەی وتـارێکی لاوازی جنێـوفرۆش و موهاتەراتچـی و بێڕێزیکـار بەرامبـەر بـە ئـاین و تـەعالیم و سیمبوڵەکانی خوێنەر و شەقام و ناوەندی ئاینی نەوروژاندووە (دەتوانین لەنێو نووسینە کوردییەکاندا ئاماژە بـۆ کارەکـانی ئـازاد قەزاز و سەروەر پێنجوێنی بکەین، کە لە رووی لێکۆڵینەوەی رەخنەیی لە ئاین زۆر راشکاوانەن و کەمترین کاردانەوەی تـووڕەیش بەرامبەریان هەبووە، ئەگەر نەڵێم کاردانەوەی لەو شێوەیە هەر نەبووە).

ئەمە بەو واتایە نییە کە هەمیشە ئـەو جـۆرە رەخنـە و لێکۆڵینەوانـە بـە خوێنسـاردانە وەرگـیراون و کاردانـەوە بەرامبـەریان نەبووە، بەڵام بەبـەراورد لەگـەڵ کاردانـەوەکان بەرامبـەر بابەتـە سـوکایەتی ئامێزەکـان کاردانەوەیـەکی ئـەوتۆ نـەبووە، مەگـەر بابەتەکە لەبەر هۆیەك لە هۆکان گەورە کرابێ.

بەهەر حـاڵ، رەنگـە بـوترێ هەنـدێ مەسـەلە هەیـە لـە ئەساسـیاتی ئـاینن و نـابێ رەخنـەیان لێبگیرێ، چـونکە سیسـتمی کۆمەڵگەیان لەسەر بنیات نراوە و هەر جۆرە گومانێك لەسەر ئەو بنەمایانە هەڕەشەیە بۆ سەر سیسـتمی کۆمەڵایـەتیی کۆمەڵگـە. لەولاشەوە خەڵکێکمان هەن رەنگە ئیمانیان بەو شتانە نەبێ و بە مافی خۆیانی بزانن قسەیان لەسەر بکەن، دەکـرێ دەروازەیـەك بۆ ئەمە بدۆزرێتەوە.

لە کۆندا هەندێ لە زانایان باوەڕیان وابووە کە نابێ زانستی کەلام لای خەڵکی عەوام باس بکرێ چونکە عەقڵیان ئەو توانایەی نییـە تێبیگـات و هەڵیسـەنگێنێ، سـەرەنجام تووشـی سـەرگەردانی دەکـات. بـەڵکو دەبـێ ئـەو باسوخواسـە تـەنیا لـە نێوەنـدی خەواس(نوخبە) دا بوروژێنرێ. ئێستاش بە هەمان پێوەر و بۆ دوور راگرتنی شەقامی کوردی هەم لە کاریگەرییە سەلبیەکانی ئەو خیتابە نادینییە لە سەر بیروباوەر و و وابەستەییان بە سیستمی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە و هەم لە ئەگەری چاوسوورکردنەوەی لـەو رۆشنبیرە سیکیولارانە، کە مافی خۆیانە گوزارشت لە ناخی خۆیان بکەن، دەکرێ هەندێ میمبەری زۆر نوخبەوی هەبێ(بۆ نموونە وەك گۆڤار، یان کۆڕ و سیمیناری تایبەت) وەك ناوچەیەکی ئازاد (free zone) کە ئەو رۆشنبیرە سیکیولارانەیش، کە ئەوانیش هاوڵاتی ئەم وڵاتەن، بیروبۆچوونی خۆیانی ئازادانـە، بـە زمـانی فیکـر و مەعریفـە(برهان)و دوور لـە هـەر سـوکایەتیکردنێك، تێدا دەربڕن و رۆشنبیران دوور لە هەڵا و هەڵڵان و گواستنەوەی بۆ سەر میمبەری مزگەوتەکان و نێو شەقام گفتوگۆی لەسـەر بکـەن. بەمە بەشێك لە رۆحی ئایەتی (**لا اكراه في الدين**) بەرجەستە دەبێ.

# ڕێزگرتنی پیرۆزی

بوون و ناکۆکی و ململانێی نێوان بیروباوەڕە جیاوازەکان: ئاینییەکان و سیکیۆلاریستەکان، ئاینە جۆراوجۆەکان، ئاینزاکانی سەر بە هەمان ئاین، ئایدیالیست و ماتریالیستەکان، فەلسەفە و ئایدیۆلۆژیا جیاواز و ناکۆکەکان، دیاردەیەکی دێرین و بەردەوامی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییە.

هەریەك لەوانە لەبەرامبەر ئەوانیدی خۆی بە "ڕێبازی هەق" و "ونبووی بەشەریەت" دادەنێ و ئەوانیتر بە پووچ و گومڕا و روو لە هەرەس لەقەڵەم دەدات. هەر یەك لەمانەیش ژمارەیەکی زۆر هەوادار و مژدەدەری لەناو چینە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەدا هەیە، بە توێژی نوخبە و زانا و بیرمەندەکانیشەوە.

هۆی ئەم پەرتبوونە فیکری و عەقائیدیەی مرۆڤایەتی بۆ چی دەگەڕێتەوە؟ بۆچی ئاینێك یان فەلسەفەیەکی تایبەت نەیتوانیوە لەو ململانێ گەردوونییەدا سەرکەوتن بەسەر ئەوانیتردا بەدەست بێنێ و هەموو بەشەریەت لەسەر ئەو تاکە ڕێبازە کۆبێتەوە و چیدی هەر لایەك خۆی بە هەڵگری هەقیقەت نەداتە قەڵەم؟

ئەی لەبارێکدا هەر یەك لەو ڕێگە و ڕێچکە فیکری و ئاینییانە یەقینی بە راستیی باوەڕەکەی خۆی هەیە کارلێك و ململانێی نێوان ئەو گرووپانە چۆن ڕێك دەخرێ؟

ئەوە روونە کە شوێنکەوتنی هەر مرۆڤێك بۆ بیروباوەڕی خێزان و کۆمەڵگەکەی، لەڕێی پرۆسەیەکی عەقڵانی و بەراوردکارییەوە نەبووە، بەڵکو —وەك عەلی ئەلوەردی دەڵێ— لەڕێی تەلقینی دەوروبەرەکەیەوە و تەنانەت پێش ئەوەی ئەو مرۆڤە خۆی هۆشی بپژێ و بتوانێ ڕەش و سپی لێك حوێ بکاتەوە، گەلاڵە بووە. عەقڵ و شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی فیکری و مەعریفی ئەگەر دەورێکیان لە ژیانی فیکری و ویژدانیی ئەو کەسەدا هەبێ ئەو دەورە لەپاش لێبوونەوە لە بڕیاری باوەڕهێنانەنەکەوە دەست پێدەکات، ئەویش نەك بۆ خۆ خوێندنەوە و ڕەخنە لەخۆگرتن، بەڵکو بۆ کۆکردنەوەی بەڵگە بۆ پشتیگری و پتەوکردنی پایەکانی بیروباوەڕە بۆماوەکەی.

خۆ ئەگەر بڕیار بێ مرۆڤ قبوڵ یان ڕەتکردنەوەی بیروباوەڕی باوی کۆمەڵگەکەی بۆ دوای پرۆسەی گەڕان و بیرکردنەوە و شیکردنەوەی بەراوردکاریی عەقڵی و فەلسەفی دوا بخات، ئەوە پێویستە ناخی ئەو کەسە لە ڕۆژی لەدایکبوونییەوە وەك لاپەڕەیەکی سپی هیچی لێ نەنووسرێ و هیچی تەلقین نەکرێ تا لەڕووی تەمەن و هۆشەوە پێدەگات و توانای خوێندنەوەی بیروباوەڕ و فەلسەفەکان پەیدا دەکات، ئەوکاتە خۆی ئازادانە دەگاتە ئەنجامێك.

بەڵام لێرەدا گرفتێك دێتە پێش ئەویش ئەوەیە کە: چۆن بتوانین ئەو مرۆڤە، دوور لە هەر کارتێکردنێکی فیکریی ئەو ژینگە و دەوروبەرەی تێیدا گەشە دەکات بۆ ماوەی لانی کەم ٢٠ ساڵێك بپارێزین و لەهەمان کاتیشدا تەزویدی بکەین بە زانست و ڕۆشنبیرییەك کە بەهۆیەوە توانای بیرکردنەوە و هەڵسەنگاندنی هەبێ، چونکە بەبێ ئەو ڕۆشنبیرییە توانای هەڵسەنگاندانی نابێ و دیسان کوێرانە ئەوەی لەلایەن دەوروبەرەکەیەوە بەگوێیدا چرپێنرا قبوڵی دەکات و ئیمانی پێ دێنێ.

جا لە بارێکدا ئەو کەسە گریمانەییە بۆ ماوەی ٢٠ ساڵێك لەنێو کۆمەڵگەکەیدا بژی و زمان و شێوازی ژیان و هەڵسوکەوت و ڕۆشنبیری و زانست لەوەوە فێر بێ، ئەوە ئەگەر وامان دانا کۆمەڵگە خۆیشی نەیەوێ هیچی تەلقین بکات، ئەوا ئاسەواری ئەو وەرگرتنە لەخۆوە لە نەستیدا جێگیر دەبێ و دەبێتە بناغە و چوارچێوەیەکی تایبەت بۆ بیرکردنەوەی ئەو کەسە کە هەڵبژاردنی بەئاراستەیەکی دیاریکراودا دەبات. ئیدی ئەوە قەدەری مرۆڤە کە زانیاریەکانی لە دەوربەرەکەی وەردەگرێ نەك لە غەریزەوە (وەك ئاژەڵ) و لێرەشەوە بەدەر لە ئیرادەی هۆشیارانەی خۆی دەکرێتە شوێنکەوتە و پاسەوانی بیروباوەڕێك، کە ڕۆژێك لە ڕۆژان بیری لە بنەماکانی نەکردۆتەوە.

لەلایەکی ترەوە ئەگەر واشمان دانا دەتوانین مرۆڤ لە کاریگەریی دەوروبەر بپارێزین تا تەمەنی دەگاتە تەمەنی هۆشکرانەوە و پێگەیشتن، دیسان ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات: ئاخۆ هەموو مرۆڤەکان تاقەت و حەوسەڵەی ئەوەیان هەیە کە ببنە فەیلەسوف و شەو و رۆژ لە خۆیان تاڵ بکەن بەدیار خوێندنەوە و بیرکردنەوە و شیکردنەوە و بەراوردکردنی تاقەت پڕوکێنی ئایدیا ئاڵۆزەکان تا بتوانێ رێبازی هەق لەناویاندا دەستنیشان بکات و شوێنی بکەوێ؟ یان، عەجەبەن، ئایا فشار و داخوازییە بنەڕەتییەکانی ژیان و گوزەران وەك پەیداکردنی نان و بژێوی و پەروەردەکردنی ماڵ و منداڵ، بوار و کات بۆ هەموو مرۆڤێك دەهێڵنەوە تا خۆی بۆ ئەم پرۆسەیە تەرخان بکات؟!

خۆ ئەگەر واشمان دانا دەتوانین کۆمەڵگەیەکی فەیلەسوف دروست بکەین کە هەموویان عەقڵانی بیربکەنەوە و وا بەئاسانی خۆ تەسلیمی ئاینی باو نەکەن، ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات: ئایا فەیلەسوفەکان توانیویانە یان دەتوانن قسەی کۆتاییمان لەو بارەوە پێ بڵێن و هەموو بگەنە شارێگەیەك کە هەمووان بەبێ دوودڵی لەسەری بڕۆین؟ ئەگەر وایە بۆچی هەمان جیاوازیی جیهانبینی لەنێوان فەیلەسوفەکانی دنیاشدا هەیە تا ئەو رادەیەی هەندێ لە فەیلەسوفان دەڵێن "بەقەدەر ژمارەی فەیلەسوفەکانی دنیا جۆری فەلسەفەیش هەیە". واتە دوو فەیلەسوف لە بیرکردنەوەدا ناگەینە هەمان ئەنجام. فەیلەسوفەکانیش بە هەمان دەردی خەڵکە رەشۆکی و ئاساییەکە لەبارەی پرسیارە جەوهەرییەکانی وجودەوە دابەش بوون تا ئەو رادەیەی هەندێکیان بە فەلسەفەی "نازانم" گەیشتوون.

لێرەوە دەگەینە ئەو قەناعەتەی "راستیی رەها"، واتە ئەو راستییەی لای هەموو مرۆڤێك جێی باوەڕ پێهێنان بێ، لەبواری فیکردا بوونی نییە و ئەوەی هەیە "راستیی رێژەیی" یە، واتە تەنیا هەندێك بە راستی دەزانن. بەڵام گرفت لەوەدایە هەر لایەك "راستییە رێژی"ەکەی خۆی بە "راستیی رەها" دادەنێ و لێرەشەوە بە "پیرۆز"ی دەزانێ و بیروباوەڕی ئەوانی تر بە پووچ و "ناپیرۆز" . قەدەری مرۆڤیشە کە ئەم جیاوازییە لە تێڕوانین بۆ رێبازی دایك لە رێی تەلقین و پەروەردەی کۆمەڵایەتی و هەروەها لەرێی کۆشش و بەرهەمەکانی مژدەدەر و بیرمەندانی سەر بە هەر قوتابخانەیەکەوە وەچە بۆ وەچە دەگوێزرێتەوە.

جا لەبارێکدا مەحاڵ بێ ململانێ و جیاوازییەکە بە کۆتا بگات پێویستە ژیرانە مامەڵە لەگەڵ ئەم حاڵەتەدا بکرێ، ئەویش بە باوەڕهێنان بە مافی بوون و ئازادیی ئەویدی و رێزگرتن لە ئیرادە و مافی هەڵبژاردنی یەکدی، بەواتای رێزگرتن لە پیرۆزییەکانی یەکدی، رێزگرتن لە پیرۆزییەکانی بەرامبەریش مانای ئەوە ناگەیەنێ کە باوەڕت بە پیرۆزییان هەیە بەڵکو مانای ئەوەیە تۆ رێز لە ئیرادە و بڕیاری بەرامبەرەکەت دەگریت، کە مرۆڤێکی خاوەن هۆش و ژیری و کەرامەتە. پێچەوانەی ئەمەن واتە سووکایەتیکردن بە پیرۆزیەکانی بەارمبەر دژە سووکایەتی لێدەکەوێتەوە. ئاخر سووکایەتیکردن بە پیرۆزییەکانی مرۆڤ رۆحی ئەو کەسە یان ئەو کۆمەڵگەیە بریندار دەکات و دەیورووژێنێ و سەر بۆ کاردانەوەی توندوتیژانە دەکێشێ و هەلی پێکەوەژیان لەبار دەبات.

ئەگەرچی رەنگە هەندێ جار رەخنەگرتنیش لە بنەماکانی ئاینێك وەك جۆرێك لە سووکایەتی لێك بدرێتەوە و بەوە سنووری ئازادیی بیرکردنەوە و دەربڕین بەرتەسك بکاتەوە، بەڵام سنووری ئەم دوانە تا رادەیەك جودایشە، چونکە لە رەخنەدا زمانی زانست و مەنتیق بەکاردەهێنرێ کە سەنتەری بیرکردنەوەی مرۆڤ، واتە عەقڵ، دەدوێنێ و بەکەمی دەبێتە هۆی وروژاندنی مرۆڤ، بەڵام زمانی سووکایەتیکردن، وەك جوێندان و گاڵەپێکردن، زمانێکی زیاتر بازاڕییە و سەنتەری هەست و سۆزی مرۆڤ، واتە دڵ، دەپێکێ و دەیوروژێنێ و تەنانەت کار لە توانای عەقڵیش بۆ بیرکردنەوەی مەنتیقی لاواز دەکات و رەنگە وا لە کەسی وروژاو دەکات کاردانەوەی توند و حساب بۆ نەکراو بنوێنێ.

بمانەوێ و نەمانەوێ هەر کردارێکی رێکخستن جۆرێك لە سنوور بۆ ئازادی هەڵسوڕان دادەنێ و هەندێ جار لەبەر خۆپاراستن لە زیانیکی گەورە ناچار دەبین سنوور بۆ هەندێ سوود دابنێین ، چونکە وەك وتراوە "درء المفاسد اولى من جلب المنافع" واتە "لادانی خراپەکان لە هێنانی سوودەکان لەپێشترە". قبووڵکردنی ئەو سنوورە ناچارییانەیش لە دەرەنجامی کۆتاییدا هەر لە پێناو کۆی پرۆسەی پێکەوەژیاندایە. رەنگە هەندێ جار بەناوی رێگرتن لە سووکایەتیکردنەوە زیاد لە پێویست سنوور لە ئازادیی

دەربڕین تەسك بكرێتەوە ئەویش بە فراواكردنی بازنەی شتە پیرۆزەكان و پیرۆزاندنی هەندێ شت كە لە بنەڕەتدا پیرۆز نین و لێرەشەوە خۆلێدانیان دەكرێتە هێڵی سوور.

لێرەوە پێویستە هاوسەنگییەك لەنێوان ئازادیی را دەربڕین و رێزگرتنی پیرۆزییەكاندا بكرێ، ئەویش بەوەی سنووری "شتە پیرۆزەكان" دیاری و سنووردار بكرێ، بەمە هەم پاریزگاری لە بەلانسی پێكەوەژیان و ئارامی كەشە كۆمەڵایەتییەكەی ناو كۆمەڵگە دەكرێ، هەمیش زەمینە بۆ كارلێك و ململانێیەكی هێمانە و شارستانی لەنێوان پێكهاتە فیكری و ئاینییەكانی نێو كۆمەڵگەدا فەراهەم دەبێ.

*** *** ***

## ئاین بە بوێری

لەم دواییەدا (کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠١١) بەرنامەی (بە بوێری) لە کەناڵی NRT کە تێیدا مواندارییی ژمارەیەك بانگخواز و مامۆستای ئاینی دەکات و رەخنەگرانە پرسیار لەبارەی هەندێ لە بیروباوەڕەکانی ئاینی ئیسلام، دەکا مشتومڕێکی توندی لە ناوەندە ئاینی و میدیاییەکەی کوردستاندا دروست کردووە، زۆر کەسی ناوەندە ئاینییەکە پێیان وایە دەستێکی ناحەز بە ئیسلام لەپشتی ئەم بەرنامەوەیە و دەپرسن "بۆچی بە بوێری تەنیا بەرامبەر بە ئاینی ئیسلام و باس لە هەندێ بابەتیتری سیاسیی هەستیار ناکەن"، یەکێتیی زانایان داوای لە زانا و بانگخوازە ئاینییەکان کرد بایکۆتی بەرنامەکە بکەن.

یەکەمین میوانی بەرنامەکە بانگخواز د.عەبدولواحید محەمەد بوو و بابەتەکەیش کۆڕپەلەناسیی قورئان بوو، دوای دوو ئەڵقە شەڕە قسەکەوتە نێوان کەناڵەکە و میوانەکە کاتێ ناوبراو کەناڵەکەی تۆمەتبار کرد بە قرتاندنی قسەکانی و داوای کرد بەرنامەکە راستەوخۆ بێ، بەتایبەت کە بڕیار بوو بەرنامەکە بکرێتە مونازەرە و توێژەرێکی بواری ئاینی وەك دژەئاراستەش لەبەرامبەری ئامادە بێ. سەرەنجام بڕیار درا لە ١٩ی مانگی رابردوو پێشەکەشکاری بەرنامەکە مونازەرەی ئەو دوو کەسە لە قاوەخانەی کەلتووری لە سلێمانی ساز بکا، بەڵام بەرنامەکە لەبەر دۆخی ئەمنی نەکرا.

ئەز لێرەدا بە دیاریکراوی لەسەر ئەو بەرنامەیە ناوەستم، بەڵکو دەیکەمە نموونە و دەرفەتێك بۆ تێڕامان لە پرسی رادەی رەوایی و مەعقولیەتی "رەخنەگرتن لە ئاین"، کە هۆی ئەو وروژانەی ناوەندە ئاینییەکەیە.

ناکرێ قسە لەسەر ئاین و ئەو پرسیار و گومانە مەنهەجی و سروشتییانە نەکەین کە لەبارەی پرسە ئاینییە جۆراوجۆرەکانەوە، هەر لە بنەما فەلسەفییەکانی ئاینەوە تا دەگاتە بەها و یاسا و رێسا کۆمەڵایەتی و ئەخلاقیەکانی و تا دەگاتە ئەزموونە بەشەرییە مێژووییە فرەرەهەندە سیاسی، ئابوری، کەلتووری و شارستانییەکەی لای خەڵکی خوێنەوار و بیرمەند و توێژەر دەوروژێن. ئەمە بەڵگەنەویستێکە هەق نیە کەس نکولی لێبکا، چونکە ئەوە زەوتکرنی مافێکی بنەڕەتیی مرۆڤە، کە ئازادیی بیرکردنەوە و هەڵبژادنە و بەبێ ئەوە نەك تەنیا عەقڵ و هەست و ئیرادەی مرۆڤ، بگرە ئاینەکە خۆیشی بەهای نامێنێ و ئەو کاتە شوێنکەوتنی ئاینێك و ئاینێکیتر هیچ جیاوازی و فەزڵێکی نامێنێ مادام هەردووکیان بەدەر لە ئیرادە و ئاوەزی خۆی بەسەر مرۆڤدا سەپابن. بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئاخۆ کەی و چۆن و بەچ میکانیزمێك ئەو باسانە بکەین؟ ئاخۆ دەکرێ لەسەر میمبەرێکی گشتی وەك تەلەڤزیۆن و رادیۆ کە خەڵکی عەوام دەیبینن ئەو باسوخواسانە بوروژێنین کە زیاتر شڵەژانی لێ دەکەوێتەوە نەك سوود؟ یان دەبێ ئەو باسوخواسە جدیيانە لە ناوەندگەلێکی نوخبەویدا تاوتوێ بکرێن؟.

ئەز هێشتا مێردمنداڵێك بووم پابەندی ئیسلامەتی بووم و لە زیاتر لە ٢٠ ساڵی رابردوویشدا دوور لە هەر تەماعێکی دنیایی خزمەتم کردووە و پێ کردووە و بەشی هەرەزۆری پاشخانی فیکری و رۆشنبیریی خۆیشم لە دنیای فیکر و مەعریفەی ئەو ئاینەدا گەڵاڵە کردووە، ئەمە دەڵێم تا کەس موزایەدەی ئیسلامەتیم بەسەرەوە نەکا و لەو روانگەوە تانە لە بۆچوونەکان نەدا، بەڵام ئەمە رێگە لەوە ناگرێ پێمان وابێ بۆ مرۆڤ ئازادی و عەقڵ لەپێش ئاینداریەوەن، واتە من نەك تەنیا مافم هەیە، بگرە ئەرکی ئەخلاقیی سەرشانمە لەرێی عەقڵ و ئیرادەیەکی ئازادەوە ئاینەکەم هەڵبژێرم، هەڵبژاردنی ئاینیش سەودایەك نییە بۆ گۆڕینەوەی عەقڵ بە ئاین، بە مانای هەڵبژاردنی ئاین و تەلاقدانی عەقڵ و ئیرادەی ئازاد، بەڵکو دەبێ مرۆڤ تا مردن ئازاد بێ و لە دنیای مەعریفەدا هەڵزنێ، ئاینداریەکیش بەهای هەیە لە ئەنجامی ئەو ئەزموونە مەعریفی و رۆحییە ئازاد و قووڵەوە بەرهەم هاتبێ، نەك بە تەلقین و بۆماوە، یان لەبەر ترس و تەمای دیگەران.

ئاین کاتێ بۆ یەکەم جار هاتووە خەڵك ئازاد بوون لەوەی لێی بکۆڵنەوە، رەخنەی لێ بگرن، پرسیار بکەن و دواتر بڕیاری بڕواهێنان یان نەهێنان بدەن، قورئان خۆی راشکاوانە دەڵێ "زۆرلێکردن لە ئایندا نیە" و "کێ دەیەوێ با باوەڕ بێنێ و کێش

دەیەوێ با بێباوەڕ بێ"، تەنانەت سزاکانیش بۆ ئەوانەی باوەڕ دێنن و دواتر پاشگەز دەبنەوە، زیاتر سزایەکی قیامەتییە نەك دنیایی، کە بەپێی هەندێ ئایەتی قورئانی پیرۆز رەنگە کەسانێك هەبووبن زیاتر لە جارێکیش ئیمانیان هێنابێ و پاشگەزبووبنەوە،"انَّ الَّذِينَ آمَنُواْ ثُمَّ كَفَرُواْ ثُمَّ آمَنُواْ ثُمَّ كَفَرُواْ ثُمَّ ازْدَادُواْ كُفْرًا لَّمْ يَكُنِ اللّهُ لِيَغْفِرَ لَهُمْ..{النساء/١٣٧}.

ئەوەی باس لە کوشتنی مورتەد دەکا جگە لەوەی سەنەدێکی لە قورئان نییە، ئەگەر راست بێ و پەیامبەری خۆی کاری بەو حوکمە کردبێ، ئەوە پێدەچێ زیاتر تایبەت بووبێ بەوانەی وەك تاکتیکێك موسڵمانبوونی خۆیان راگەیاندووە و دواتر لێی وەرگەڕاون تا گومان بخەنە دڵی ئیماندارەکان (وەك ئایەتی ژمارە ٧٢ی سوورەتی ال عمران باسی دەکا)، بەتایبەت کە لەو کاتەدا دەوڵەتی نوێ لەسەر بنەمای باوەڕی ئاینی دامەزراوە و لە حاڵەتی جەنگدا بووە لەگەڵ بێباوەڕەکان، وەرگەڕان لە ئاین تەنیا بڕیارێکی تاکەکەسی و رۆحی نەبووە، بگرە بڕیارێکی سیاسیش بووە و کاریگەریی مەترسیداری لەسەر دەوڵەت هەبووە. ئەگینا لەسەر مەسەلەی گومان و رەخنە لە ئاین کەس هەڕەشەی لێ نەکراوە، بگرە خەڵك هەبوون بە دەقی ئایەتی قورئان دووڕوو (منافق) بوون، کەچی پێغەمبەر بڕیاری کافرکردن و کوشتنی نەداون.

خۆ ئەگەر واش دابنێین حەدی مورتەد بۆ ئەو کەسانە بووبێ کە لە ئاین وەرگەڕاون، ئەوە ئەو حوکمە کاتێ بووە کە ئەو نەوەیە راستەوخۆ لە پەیامبەرەکەوە پەیامەکەیان پێ گەیشتووە، بە ویستی خۆیان باوەڕیان پێ هێناوە و ئاساییە لە ئۆباڵی ئەو ئیختیارەشیان بەرپرس بن، بەڵام بۆ نەوەکانی دواتر کە ئاینیان لە دەستی دەیەم و بیستەم و تێکەڵ بە مێژوویەك دابونەریت و کەلتووری جۆراوجۆر وەرگرتووە و دەرفەتی بیرکردنەوە و بڕیاری ئازادانەیان لە پرۆسەکەدا نەبووە، ئەو رێسایە نایانگرێتەوە، لە بارێکی وادا دەبێ ئەو نەوانە ئازادیی قسە و سەرکێشیی زیاتریان هەبێ. قورئان خۆی هێرشی توند دەکاتە سەر ئەوانەی بە بیانووی شوێنکەوتنی ئاینی باب و باپیرانیان شوێن ئاینی نوێ نەدەکەوتن و بە تەوسەوە لێیان دەپرسی: ئەی چی دەڵێن ئەگەر بابوباپیرانیان عەقڵیان پێ نەشکابێ؟ {البقرة/١٧٠}.

ئاخر ساویلکەییە کەسێکی خوێنەوار پێی وابێ راستییەکانی ئاین وەك رۆژی نیوەڕۆ بۆ هەموان روون و بێ تەمومژن و مرۆڤ لە ئاستیاندا کێشە و قەیرانی فیکری و رۆحی بۆ دروست نابێ، فەیلەسوفێکی مەزنی وەك ئیمامی غەزالی چەندین ساڵ بە گومانەوە ژیا و لە کتێبی (رزگارکەر لە گومڕایی)دا خۆی باسی ئەو ئەزموونەی دەکا.

ئەز پێم وایە یەکێك لە هۆکارەکانی نەمریی ئاینەکان بەگشتی ئەوەیە رەگەزە سەرەکییەکانی، بابەتی جێمشتومڕی فیکری و مەعریفین بەردەوام فیکری مرۆڤ پێیانەوە سەرقاڵە و بیری جۆراوجۆری لەبارەیانەوە بە زەیندا دێ. یەکەم پایەی ئاین باوەڕ بە خودایە کە پرسێکی وجودی (ئەنتۆلۆجی)ی نابەرهەستە و لەوەتی مرۆڤ هەیە پێیەوە سەرقاڵە و سەدان ئاین و فەلسەفە و تیۆر لەو بارەوە بەرهەم هاتوون، نەك تەنیا مەسەلەی بوون یاخود نەبوونەکەی، بگرە ماهیەتەکەیشی جێی مشتومڕی لاهوتیی قووڵ و بەرفراوان بووە چ لەناو ئاینە جیاوازەکان و چ لە ناو فەیلەسوف و قوتابخانە فیکرییەکانی سەر بە هەمان ئایندا. بەدوای پرسی (خودای بەدیهێنەر)دا باوەڕ بە پێغەمبەرایەتیی پێغەمبەر دێ، کە بابەتێکی زۆر هەستیار و ناسکە و بۆ کەسێ بیری لێ بکاتەوە شایەتیدانێکی گەورەیە تۆ باوەڕ بەوە بێنی مرۆڤێك نوێنەری خالقی ئەم گەردوونەیە و بەناوی ئەوەوە قسە دەکا و پەیامی ئەو دەگەیەنێ و پێوەری چاك و خراپ بۆ مرۆڤایەتی دابنێ و خوێن و دامێنی مرۆڤەکان حەرام یان حەڵاڵ دەکا.

خۆی لە بنەڕەتدا شوێنکەوتنی ئاین بڕیارێکی ئیختیارییە و دەبێ مرۆڤ بگاتە قۆناغی باڵقبوون و هۆشکرانەوە، واتە قۆناغی ئەهلیەتی یاسایی، ئەنجا ئەو بڕیارە بدا. میکانیزمی سرووشتیی ئەو هەڵبژاردنەیش ئەوەیە سەرەتا لێکۆڵینەوە لە ئاینەکە بکا، ئەنجا بڕیاری ئیمان پێ هێنان یان نەهێنان بدا (وەك لە نەوەی یەکەمی ئیسلامدا وا بووە)، نەك ئیمان بێنێ و دواتر بچێ لێکۆڵینەوە بکا و بەشوێن بەڵگەکانی ئاینەکەیدا بگەڕێ (وەك لە واقیعدا روو دەدا).

هەر بۆیە لە حاڵەتی یەکەمدا مرۆڤ سەرەتا ئازادانە لە مەنزوومە ئاینییەکە دەکۆڵێتەوە، کە بناغەکەی ئیمان بە خوا و پێغەمبەرایەتیی پێغەمبەرە و باقیی روکنەکانیتر لەسەر ئەو پایە دادەمەزرێن (وەك لە شایتوماندا بەرجەستە کراوە)، دیارە بۆ ئیمانهێنان بەو دوو پایەیش پێشوەخت لە وردەکارییەکانیتر ئاینەکەی کۆڵیوەتەوە، لەوانە باسکردنەکانی لە رابردوو، پێشبینیەکانی بۆ داهاتوو، چۆنیەتیی تێڕوانینی بۆ مرۆڤ و مافەکانی و بۆ ئازادی و ئەخلاق و پێوەندییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانە و هتد و زۆر جار هەڵوێستی لەو وردەکارییانە یەکلای دەکاتەوە کە ئاخۆ باوەڕ بە ئاسمانیبوونی ئەو پەیامە بێنێ یان نا، هەر بۆیە لە بارێکی وادا رەنگە نامۆ نەبێ ئەگەر شایەتمانهێنانی، هەندێ کۆت و بەند لەسەر بیرکردنەوەی دواتری یان چوونەدەرەوەی دابنرێ، چونکە بە ئازادیی خۆی داخلی ئاینەکە بووە.

بەڵام لە واقیعدا مرۆڤ لەرێی میکانیزمی دووەمەوە دەچێتە ناو جەدەلی ئاین و لێکۆڵینەوەوە، واتە باوان ناوەستن تا منداڵ بگاتە قۆناغی باڵقبوون ئەنجا باسی ئاینی خانەخوێی بۆ بکەن و ئازادیی ئیختیاریشی بدەنێ، بەڵکو هەر لە یەکەم رۆژەکانی لەدایکبوونیەوە دەیخەنە ناو مەنجەڵە ئاینییەکەوە و لەگەڵ باوەڕ و هەستە ئاینیەکەدا دەیکولێنن و بە شیری ئەو ئاینە فرچك دەگرێ، هەر بۆیە کاتێ دەگاتە تەمەنی پێگەیشتن کەرەستەی مەعریفی بۆ هەڵسەنگاندنی بابەتییانەی ئاینە خانەخوێیەکە نییە، چونکە پێشوەخت باوەڕ بە ئاینەکە لە ناخ و نەستیدا ریشەی داکوتاوە، ئەمە جگە لەوەی کۆمەڵگە لە رووی بابەتیشەوە ئازادیی هەڵبژاردنی بۆ دەستەبەر ناکا، هەر بۆیە ئەو پێش لەوەی شایەتمان بێنێ بە موسڵمان حسێب کراوە و لەسەری پێویست دەبێ هەموو وردەکارییەکانی ئاینەکەی بە یەك گوژمە وەك راستیی بێ ئەملاوئەولا قبووڵ بێ. لێرەوەیە ئاساییە کاتێ ئەو کەسە ورد وردە دەچێتە ناو بیرکردنەوە و موتاڵا و رامان و تێکەڵبوون لەگەڵ ئاین و ئایدیا جۆراوجۆرەکاندا کێشەی لەبارەی هەندێ لە پرسە ئاینیەکان بۆ دروست ببێ.

کەواتە ستەم لە مرۆڤ دەکرێ کاتێ بەبێ ویست و بڕیاری ئازادانەی خۆی لەلایەن باوان و کۆمەڵگەوە دەکرێتە شوێنکەوتەی جولەکایەتی، مەسیحیەت، ئیسلام، بووزیەت، کۆنفۆشیەت، ئێزدی، کاکەیی، قادیانی، سابیئە.. لەسەری فەرز دەکرێ قڕ و قپ لە هەموو ئەو پرسیارانەی بکا کە لەبارەی ئاینەکەی یان مەزهەبەکەی بە مێشکی پێگەیشتوویدا دێن.

خۆ ئەگەر مێژوو رەوتی رووداوەکانی بەو ئاراستەیەدا بردووە کە ئاین و مەزهەبەکان بە تەلقین بگوێزرێنەوە و ئیمان پێش لێکۆڵینەوە بکەوێ و مومکین نییە پێچەوانە بکرێتەوە، ئەوا دەبێ لانی کەم کۆت و بەندەکانی سەر بیرکردنەوە و توێژینەوە و رەخنەی مەعریفییانەی تاکەکان هەڵگیرێن یان لانی کەم کەم بکرێنەوە.

مادام ئەمە واقیعی حاڵەکەیە، گرنگە هزروان و رۆشنبیرانی ئاینی و نائاینی دوور لە خۆپەسەندی و تێڕوانینی لوتبەرزانە و بە سووك سەیرکردنی بەرامبەر زەمینەیەکی گونجاو بۆ ئەو جۆرە گفتوگۆیە ساز بکەن، کە بە بڕوای بەندە یەکێك لە لە پایە سەرەکییەکانی ئەوەیە بە نەفەسی گفتوگۆی نێوان دوو بیرکردنەوەی جدی دەست بۆ ئەو پرۆسەیە ببەن، نەك بە نەفەسی بانگخواز و کافر، یان هەقخواز و جاحید، چونکە لە گفتوگۆی نێوان هزروانانداا هزر و مەعریفە دەخرێتە روو و هەر لایەك لەوی تر و لەونێوەندەدا خەڵکیتریش لە زانیاری و گۆشەنیگا مەعریفییەکانی هەردوولا بەهرەمەند دەبن، کە ئەوە بۆ خۆی یەکێکە لە دەسکەوت و ئامانجە بنەڕەتییەکانی ئەو حیوارە، نەك ئامانج بە زەرورەت ئەوە بێ یەکێکیان ئەویتر لەبەرچاوی خەڵك دەمکوت و رسوا بکا.

بانگخواز ئەگەر باوەڕی بەوە هێنا کە دیالۆگ لەگەڵ فیکری بەرامبەر بکا، دەبێ بە لۆژیکی هزروان بچێتە مەیدانەکەوە، نەك بە لۆژیکی بانگخواز، کە لەسەر بنەمای ئامۆژگاری زانا بۆ نەزان و فەرمانی (بکە و مەکە) دامەزراوە، لەکاتێکدا لە دیالۆگی گۆشەنیگا ناکۆکەکاندا بیروڕا ئاڵوگۆڕ دەکرێ و نەك مەرج نییە، بگرە دووریشە ئەنجامەکەی تەسلیمبوونی بەرامبەر بێ تەنانەت

ئەگەر لەو رووبەڕووبوونەوەیەدا بشدۆڕێ، چونکە شەڕ یەك جەولە نییە و شەڕکەرەکانیش تەنیا ئەلف و با نین، تا ئەو تەنیا شەڕە، یان شەڕی ئەو دوو کارەکتەرە ببێتە سەنگی مەحەك و شەڕەکە  لە بەرژەوەندیی لایەك یەکلا بکاتەوە.

بانگخواز د. عەبدولواحد دوای بەڕێوەنەچوونی گفتوگۆکەی لە قاوەخانەی کەلتووری، لە وتەیەکی کورتدا  بە نەزمێکی دوور لە گیانی دیالۆگی فیکری و مەعریفی، قسەی لەبارەی بەرامبەرەکەیەوە کرد، ئەگەرچی ئەوە بۆ کەسێکی بانگخواز کە وروژاندنی (سۆز) یەکێکە لە ئامرازەکانی شتێکی چاوەڕوان کراوە، بەڵام مادام ئەو بۆ گفتوگۆیەکی جدی و فیکری هاتبوو، نەدەبوو بەو نەفەسە قسە بکا.

ئەو پێش لەوەی دیالۆگەکە بکا بە نەفەسی براوە قسەی دەکرد و باسی لەوە دەکرد هاتووە تا رێگە بە رکابەرەکانی نیشان بدا و دەست بەسەریاندا بێنێ، بەرامبەرەکانی بە "کۆمەڵێ گەنج و مناڵی هەڵخەڵەتاو" وەسف کرد کە تەنیا دەچن لە گوگڵ و فەیسبووك دەگەڕێن و هەندێ شت دەخوێننەوە و کۆپی پەیست دەکەن و قسەکانیان هیچی هی خۆیان نییە.

راست نیە ئەوانەی جیاواز لە ئێمە و لە ئاینی ئێمە بیر دەکەنەوە، هیچیان پێ نیە و مناڵ و هەرزەکار و هەڵخەڵەتاون و لە ئینیتەرنێت کۆپی پەیست دەکەن.

جارێ گوگڵ و ئینتەرنێت دەریای زانیارییەکانی دنیان و هیچ توێژەرێك لەو دەریایە بێنیاز نیە و لێوە فێربوونیان شانازییە نەك نەنگی. جگە لەوەیش تەنیا پێغەمبەرانن کە زانیاری راستەوخۆ لە ئاسمانەوە وەردەگرن و پشت ئەزموون و زانیارییەکانی خەڵکی پێش خۆیان نابەستن (ئەمە لانی کەم بەلای بڕوادارانەوە)، هەرچی مرۆڤەکانن، بە درێژایی هەزاران ساڵی رابردوو سوودیان لە سەرچاوەکانی پێش خۆیان، چ هی کۆن چ هی نوێ، وەرگرتووە و توێژینەوە نوێکان بەردەوام وەك سەرچاوە بۆ توێژنەوەکانی پێشتر گەڕاونەتەوە. وەك چۆن بابای ئیسلامی پاشخانی رۆشنبیری و مەعریفیی دینیی خۆی لە سەرچاوەکانی فیکر و رۆشنبیریی ئیسلامی وەردەگرێ  و بۆ کتێبەکانی ئەبوحامیدی غەزالی و ئیبن روشد و ئیبن تەیمیە و شاتبی و نەوەوی و عەسقەلانی و شافیعی و تەبەری و لە سەردەمی نوێیشدا بۆ جەمالەدینی ئەفغانی و محەمەد عەبدە و محەمەد رەشید رەزا و مالك بن نەبی و عەلی شەریعەتی و حەسەن بەننا و سەید قوتب و ئەحمەد دیدات و  محەمەد غەزالی و یوسف قەرزاوی و عەبدولکەریم سرووش و هاوشێوەکانیان دەگەڕێتەوە، ئاساییە خوێنەوارێکی کوردی سیکولار مەشرەبیش بۆ نووسینەکانی خۆرهەڵاتناس و بیرمەندانی ئەورووپا و نووسەرانی لائیکیی عەرەبی وەك تەها حسێن و قاسم ئەمین و مەعروف رەسافی و عەلی عەبدورازق و جەلال سادق عەزم و عەزیز عەزمە و سەعید عەشماوی و فەرەج فۆدە و هادی عەلەوی و محەمەد شەحرور و محەمەد ئەرەکۆن و هاوشێوەکانیان بگەڕێتەوە.

جگە لەوەیش پێم وایە دکتۆر لەو هەڵسەنگاندنەیدا نەپێکاوە کە پێی وایە ئەوانەی لە بەرەی بەرامبەرەوەن منداڵ و نەزانن و بە نەزانی کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی ئەو شتانەی لە ئینتەرنێت دەیانخوێننەوە، لەوانە سەروەر پێنجوێنی، کە بەندە وەك ئەندامی دەستەی نووسەرانی ئەوکاتی رۆژنامەی (یەکگرتوو) ئاگادار بووم لە قۆناغی ناوەندیدا بوو، وابزانم فەقێش بوو، بابەتی بۆ پاشکۆی عەرەبی رۆژنامەی یەکگرتوو دەنارد، تێیدا بەرگری لە چیرۆك و بۆچوونە قورئانییەکان دەکرد، هەر لەو قۆناغەدا هەست دەکرا ئەو کوڕە توانایەکی باشی لە لێکۆڵینەوەدا هەیە. ئەز لێرەدا بەرگری لە بۆچوونەکانی ناکەم و پێشم وایە هێشتا نەفەسێکی گەنجانە و نەڕسکاو بە جۆری مامەڵەکردنی لەگەڵ ئایندا دیارە، بەڵام نکولیکردن لە توانا زانستییەکانی کە لەو تەمەنە کەمەیدا ئاستێکی گەورەی لە ئەزموونی مەعریفیدا بڕیوە، شتێکی نابابەتییە و پێم وایە ئێمە دەبێ سوود لە توانای ئەو جۆرە گەنجانە وەربگرین تەنانەت لە بوارە ئاینییەکەیشدا.

جگە لەوەیش هەڵەیە پێمان وابێ بە زنجیرە موحازەرە یان مونازەرە یان کتێبێك بۆ روونکردنەوەی بۆچوونە ئاینییەکان بە بەڵگەوە ئیتر دەبێ نەیارەکان بگەنە قەناعەت، ئەگەر ئەوەش رووی نەدا ئیدی تۆمەتی کەللەرەقی و چاو بەهەق هەڵنەهاتن و بەکرێگیراوییان بدەینە پاڵ. لێرەوە بە گرنگی دەزانم هەندێ لەسەر جەدەلی بەڵگە و قەناعەت بوەستم.
بڕوانە، شیعە و سوننە کە دوو مەزهەبی ئیسلامین لە ماوەی زیاتر لە ١٤٠٠ ساڵی رابردوودا هەزاران کتێبیان بۆ شەرح و پاڵپشتیکردنی بنەماکانی مەزهەبەکەیان و رەخنەلێگرتن و پووچاندنەوەی مەزهەبە رکابەرەکەیان، بە پشتبەستن بە بەڵگە، نووسیوە، هەزاران وتار و کۆڕ و موحازەرە و مونازەرەیان بۆ ئەو مەبەستە کردووە؟ بۆچی بەڵگەکانی ئەمیان قەناعەتی بەویان نەهێنا و کێشەکە یەلاك بکاتەوە و تائێستە بەردەوام نەبێ؟
لەوەتی دنیا دنیایە ئاین و ماتریالیزم لە ململانێدان، لەو مێژووەدا هەزاران زانا و فەیلەسەوف لە هەردوو بەرەوە هەزاران لێکۆڵینەوە و کتێبی پڕ بە بەڵگەیان بۆ پاڵشتیی ئایدیاکەیان و پووچاندنەوەی ئایدیای بەرامبەر نووسیوە، کەچی تائێستەیش ئەم ململانێیە بەردەوامە، ئەوەی دەگۆڕێ فۆرم و ئامرازەکانی ململانێکەیە.
لەم رۆژانەدا کتێبی (مووسا و یەکتاپەرستی)ی فرۆیدم دەخوێندەوە، کە لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا نووسیویەتی، خوێندنەوەی دەروونشیکاری بۆ دەرکەوتنی مووسا پێغەمبەر دەکا و لە هەر رەهەندێکی ئاسمانی دادەبڕێ، ئەو کتێبە و دەیان و سەدان کتێبیتر لەلایەن گەورە بیرمەند و فەیلەسوف و توێژەرانی ئەوروپییەوە لە رەخنەلێگرتن و پووچاندنەوەی ئاینەکاندا نووسراوە، بەڵام ئایا ئەوە توانی یەهودیەت و مەسیحیەت و ئیسلام لەناو ببا؟ یان ئایا زیندووبوونەوەی ئاینداری لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا کۆتایی بە بیری ماتریالیستی و عەلمانی هێنا؟
هەر لەم سەدەیەدا دەیان کتێب لەلایەن بیرمەندە ئاینی و ئیسلامیەکانەوە بۆ پوچاندنەوەی ماتریالیزم دانراون، لەوانە کتێبی (الله یتجلی فی عصر العلم) (العلم یدعو للایمان)ی کریس مۆریسۆن، (الرد علی الدهریین)ی جەمالەدینی ئەفغانی، (الله والعلم الحدیث)ی عەبدورەزاق نەوفل، (مع الله في السماء)ی ئەحمەد زەکی، (قصه الایمان)ی نەدیم جسر، (فلسفتنا)ی محەمەد باقر سەدر، (صراع مع الملاحدة حتی العظم)ی عەبدورەحمان حەنبەکە، (الانسان بین المادیه و الاسلام)ی محەمەد قوتب، (الطب محراب للایمان)ی خالس چەلەبی کنجۆ و (الاعجاز الطبي في القران)ی سەید جمێلی، ئایا ئەمانە و سەدانیتری وەك ئەمانە توانیوە کۆتایی بەو ململانێیەی ئەو دوو دژە ئایدیایە بێنێ؟ خۆ ئەگەر کێشە بەڵگە بێ، هەموو ئەوانە بەڵگەیان تێدایە، کەواتە بوونی بەڵگە یەکسان نییە بە روونبوونەوەی شتەکان. باوەڕکردن یان نەکردن بە بەڵگەیەك یان بەڵگەگەلێك هەموو کات پەیوەندی بە کەللەرەقی و کەللەنەرمییەوە نییە، ئەوە سروشتی ئاڵۆز و دۆخی جیاوازی مرۆڤەکانە رۆڵ دەبینێ.
بۆچی هەندێ لە قورەیشیەکان باوەڕیان بە پێغەمبەر هێنا و هەندێکیتر باوەڕیان نەهێنا؟ بۆچی ئەبوبەکر ئیمانی هێنا و ئەبوجەهل ئیمانی نەهێنا؟ لە سوڵحی حودەیبیەدا کاتێ پێغەمبەر لەگەڵ سوهەیلی کوڕی عەمر نوێنەری قورەیش رێکەوتنی ئاشتییان دەنووسی، پێغەمبەر بە نووسەرەکەی وت بنووسە (بسم الله، ئەم رێکەوتنە لەنێوان محەمەد پێغەمبەری خوا و سوهەیلی کوڕی عەمردا ئیمزا کرا) سوهەیل وتی "نەخێر ئەگەر باوەڕم بەوە بوایە تۆ پێغەمبەری خوایت شەڕم لەگەڵ نەدەکردی، بنووسە: بسمك اللهم، ئەم رێکەوتنە لەنێوان محەمەدی کوڕی عەبدولا و..هتد)، کەواتە کابرا گومانی هەبووە لە راستیی پەیامەکەی و دڵی بەو بەڵگانە ئاوی نەخواردووەتەوە کە پێشکەشی کردوون. تەنانەت معاویەی کوڕی ئەبوسوفیانیش تا فەتحی مەککە موسڵمان نەبوو، کاتێ شەپۆلی سوپای موسڵمانان بەرەو مەککە دەهات، بە عەباسی مامی پێغەمبەری وت "موڵکی برازاکەت ئەمڕۆ زۆر گەورە بووە" ئەویش وتی "ئەوە پێغەمبەرایەتییە ئەی ئەبو سوفیان، ئیتر ئیمان ناهێنی؟" وتی "نەخێر

هێشتا دڵم شتێکی تیایە"، تەنانەت دوای ئەوەیش کە موسڵمان بوو، پاش ئەوەی موسڵمانەکان لە جەنگی حونەیندا خراپ شکان ئەبوسوفیان وتی "ئەوە سیحرەکەی محەمەد بەتاڵ بوویەوە".

کەواتە بەهای بەڵگەکان بەهایەکی گوێرەییە و بەپێی دۆخی کەسەکان دەگۆڕێ، ئەگەر ئەوە حاڵی بەڵگەکانی خودی پێغەمبەر بووبێ لای خەڵك کە بەلای ئێمەوە قورئان موعجیزە بووە، ئەوە لەوە بەدوا نابێ گومانمان هەبێ لەوەی بەڵگەکان بەگشتی بەو شێوەن و مەرج نییە ئەو بەڵگەیەی لای تۆ بەهێزە لای منیش بەهێز بێ و ناچارم بکەی دانی پێدا بنێم، ئەگەر وام نەکرد تەکفیر و تەفسیق و تەخوینم بکەیت. هەر بۆیەشە نەوە دوای نەوە و چاخ دوای چاخ ململانێکان درێژ دەبنەوە و جۆگەلەی نوێی مەعریفی لەو ڕێیەوە دەڕژێتە دەریای فیکری بەشەری و دەوڵەمەندی دەکا، ئەوەیش یەکێکە لە نهێنییە وجودییەکانی مرۆڤ لەم ژیانەدا. لێرەوە بە ئەندازەی ئەوەی گرنگە خەڵکی عەوام لە باسە مشتومڕئامێزەکانی پێوەست بە ئاین دوور بگیرێن، ئەوەندەیش گرنگە خەڵکی خاوەن هزر و زانست ئازاد بن لەوەی قسەی خۆیان لەو بابەتانەدا بکەن، بەڵام بەپێی میکانیزمێك کە کار لە سیستمی ئەخلاقیی باڵادەستی کۆمەڵگە نەکا، کە بە زۆری لەسەر بنەما و ڕێسا ئاینیەکان دامەزراوە.

٢٠١٢-١-٣١

## مێژووی ڕەخنەگرتن لە پێغەمبەری ئیسلام

سەرەتای ڕەخنەگرتن لە کەسایەتیی پێغەمبەر محەمەدی کوڕی عەبدوڵا (د.خ) بۆ سەرەتاکای دەرکەوتنی ئیسلام لە مەککە دەگەڕێتەوە. بەپێی قورئان و سیرە یەکەمین سووکایەتی پێکردنەکان بە پێغەمبەر لە کەسە نزیکەکان و هاوشارییەکانی خۆیەوە بووە.

دوای بڵاوبوونەوەی بانگەوازی ئیسلامی لە مەدینە هەندێ لە جولەکەکان محەمەدیان تۆمەتبار کرد بەوەی بەدەسکاریکراوی دەقەکانی لە تەوراتەوە وەرگرتووە و لەبەر چەند ئامانجێکی تایبەتی خۆی چاوی لەوەیە دەست بەسەر شاری یەسریبدا بگرێ. هەروەها بۆ ئەوەی لە ئاینەکەیان شارەزا بێ خۆی لە جولەکەکان نزیك دەکاتەوە و لاسایی سرووتە ئاینییەکانیان دەکات، بەڵام دواتر کاتێ ئیشی پێیان نەما لێیان هەڵگەڕایەوە. هەرچی ڕەخنەی مەسیحییەکانە لە کەسایەتیی پێغەمبەر بۆ پێش لە سەدەکانی ناوەڕاست دەگەڕێتەوە و لەلایەن یۆحەنا دیمەشقی (٦٧٦–٧٤٩ز) دەستی پێ کرد، کە هەندێ پێیان وایە لە یەکەمین ئەو کەسانەیە کتێبێکی تەواویی لەدژی کەسایەتیی پێغەمبەر و ئاینی ئیسلام نووسیوە. ناوبراو لە کتێبی De Haeresbius ئاماژە بەوە دەدات کە "بوحەیرای راهیبی نەستووری لە نووسینی قورئاندا یارمەتی محەمەدی داوە"، هەروەها پێغەمبەری تۆمەتبار کردوە بەوەی "هەندێ لە نووسینەکانی وەرەقەی کوڕی نەوفەلی وەرگرتووە".

لە ماوەی دەسەڵاتی ئیسلامیدا لە ئیسپانیا کەنیسە چەند نووسینێکی بڵاو کردەوە کە وای نیشان دەدا پێغەمبەر "شەیتان"ی لەناودایە و دژی مەسیحە، ئەم بیروبۆچوونانە لە تەواوی ئەوروپادا بڵاو بوونەوە و ڕۆڵێکی گەورەیان هەبوو لە یەکخستنی ریزەکانی ئەوروپییەکان لە جەنگەکانی خاچدارەکاندا. لە دیارترین ئەوانەی شتیان لە دژی پێغەمبەر نووسیوە لەو ماوەیەدا مارتن لۆسەر (١٤٨ ٣–١٥٦٤)ە کە چەندین تۆمەتی دایە پاڵ پێغەمبەر وەك ئەوەی یەکێك لە وتارەکانیدا دەڵێ "محەمەد پەرکەمی هەبووە و ئەو دەنگانەی بیستوونی و وای زانیوە وەحییە، بەرەنجامی نەخۆشییەکەی بووە".

### لە سەرەتای بانگەوازدا

خەڵکی مەککە، ئەوانەی دژی بیروباوەڕەکەی پێغەمبەر بوون بە چەندان جۆر و شێواز دژایەتیی پێغەمبەریان دەکرد و لە کەسایەتیی ئەویان دەدا، لەوانە سووکایەتی و گاڵتەپێکردن، بەدرۆخستنەوە و لاقرتێ پێکردن، دروستکردنی تۆمەت و ناوناتۆرە بۆی، تۆمەتبارکردنی بەوەی جۆرێك لە شێتی هەیە، هەندێ دەیانوت جنۆکە یان شەیتانێکی هەیە کە دێنە لای وەك چۆن دەچنە لای کاهینەکان، هەروەها هەوڵیان دەدا ڕێگری لەوە بکەن کە خەڵك گوێ لە قورئان بگرن، لە پاڵ ئەوانەدا و بۆ سەرخستنی پلانەکەیان دەستیان بە ئەشکەنجەدانی موسڵمانان کرد.

کاتێ ئایەتی "وانذر عشيرتك الاقربين" داوای لە پێغەمبەر کرد خزمە نزیکەکانی بۆ سەر ئاینەکەی بانگ بکات و ئەویش کۆی کردنەوە و باسی ئاینەکەی بۆ کردن، ئەبولەهەبی مامی وتی "بەنەفرەت بیت! بۆ ئەمە کۆت کردینەوە". هەروەها وتی "کەسێکم نەدیوە شتێکی بۆ بنەماڵە و هۆزەکەی هێنابێ خراپتر لەوەی تۆ هێناوتە". ئەبولەهەب و ئەروای کچی حەربی هاوسەری لەو کەسانە بوون زۆر دژایەتیی محەمەد و هاوەڵەکانیان دەکرد و سوورەتی (المسد) لەسەر ئەوان دابەزی. بێباوەڕەکان بە شێوازی جۆراوجۆر ئازاری پێغەمبەریان دەدا. جارێکیان عوقبەی کوڕی ئەبو موعیت ریخی ئاژەڵی سەربڕاوی لەکاتی سوژدەبردندا بەسەر پێغەمبەردا کرد و ئەوانی تریش پێی پێدەکەنین تا فاتیمەی کچی هات و پیساییەکەی لەسەر شان و ملی لابرد.

ئومەیەی کوڕی خەڵەف هەر کاتێ پێغەمبەری بدیایە گاڵتە و لاقرتێی پێ دەکرد، لەسەر ئەو کارە ئایەتی "وَيْلٌ لِّكُلِّ هُمَزَةٍ لُّمَزَةٍ" دابەزی.

## لە مەدینە

پێوەندیی پێغەمبەر (د.خ) لەگەڵ هۆزە جولەکەکانی بەنو قورەیزە و بەنو قەینوقاع و بەنو نەزیر لە مەدینە لە سەرەتاوە باش بوو، بەتایبەت دوای ئەوەی بەڵگەنامەی "مەدینە"ی لەگەڵدا مۆر کردن. بەڵام بە تێپەڕینی کات ناکۆکییەکان دەرکەوتن.
ڕۆژهەڵاتناسان پێیان وایە ئەو ناکۆکییانە بوونە سەرەتای سەرهەڵدانی هەڵمەتی تانەدان لە کەسایەتیی پێغەمبەر لەلایەن جولەکەکانی مەدینەوە. بۆ نموونە جولەکەکان پێغەمبەریان تۆمەتبار کرد بەوەی هەوڵ دەدات جڵەوی دەسەڵات لە مەدینەدا بگرێتە دەست، هەروەها بەوەی زاناکانی جولەکەی بەکار هێناوە بۆ ئەوەی شارەزایی زیاتر لە ئایندا پەیدا بکات و ریزبەندیی زەمەنیی دەرکەوتنی پێغەمبەرەکان بزانێ و دوای ئەوەی کاری بە جولەکە نەما لەو رووەوە، پاکسازی کردن.
سەحیحی بوخاری گێڕاویەتییەوە کە شاعیرێکی جولەکە بەناوی "کەعبی کوڕی ئەشرەف" چامەیەکی لە داشۆرین و گاڵتەپێکردنی پێغەمبەردا نووسی، دواتر ئەو شاعیرە لەلایەن موسڵمانێکەوە بەناوی محەمەد کوڕی ئەسلەمەوە کوژرا.
پێش سەدەکانی ناوەڕاست
لەکاتی بڵاوبوونەوەی ئیسلام لە وڵاتی شام و بەتایبەت لە سەردەمی ئومەوییەکاندا، کەسێکی ئاینی بەناوی یۆحەننا دیمەشقی John of Damascus دەرکەوت ،کە باوکی مەسیحی و خاوەن پلەوپایە بوو لای ئومەوییەکان و پۆستێکی بەرزی لە دارایی خەلافەتی ئومەوی لە سەردەمی عەبدولمەلیکی کوڕی مەرواندا هەبوو. باوکی دیمەشقی بەدوای مامۆستایەکدا گەڕا تا کوڕەکەی فێری بنەماکانی ئاینی مەسیحی بکات، بە رێکەوت یەکێك لەو دیلانەی دۆزییەوە کە لەکاتی فتوحاتە ئیسلامییەکان لە کەنارەکانی ئیتالیا بە دیل گیرابوو و توانی هەژمونی خۆی لای ئومەوییەکان بەکار بێنێ و ئەو دیلە ئازاد بکات کە ناوی کۆسماس Cosmas بوو، دواتر دەرکەوت ئەو دیلە قەشەیەکی بەناوبانگی سەقلییەیە و ئەو قەشەیە یۆحەنا دیمەشی فێری ئاینی مەسیحی کرد.
دوای مردنی باوکی، یۆحەننا دیمەشقی پۆستەکەی باوکی لە دارایی دەوڵەتدا وەرگرت. سەرچاوە مێژووییەکان باس لە هەندێ رووداو دەکەن کە وایان لە دیمەشقی کرد بۆ بەجێهێنانی نەزرێکی خۆی و بۆ بەرگریکردن لە ئاینی مەسیحی دەست بداتە نووسینی چەند بابەتێك لە دژی پێغەمبەری ئیسلام.
دەگێڕنەوە دیمەشقی زنجیرەیەك کتێبی نووسی، لەنێویاندا کتێبێك بەناوی "هەرتەقە" یاخود بێباوەڕی، تێیدا هێرش دەکاتە سەر کەسایەتیی پێغەمبەر و لای خۆیەوە مێژوویەك لەبارەی سەرهەڵدانی ئیسلام و ژیانی پێغەمبەر دەنووسێ، تێیدا تۆمەتی ئەوەی دەخاتە پاڵ کە ئاینی بۆ بەرژەوەندیی خۆی بەکار هێناوە و بوحەیرای راهیبی نەستووری لە نووسینی قورئاندا یارمەتی داوە.

## لە سەدەکانی ناوەڕاستدا

لەکاتی باڵادەستیی موسڵمانان لە ئیسپانیا، سیاسەتی موسڵمانان بۆ رەواندنەوەی مەترسییەکانی مەسیحییەکان بریتی بوو لە زەقکردنەوەی لایەنە هاوبەشەکانی نێوان ئیسلام و مەسیحیەت، بەڵام ئەم سیاسەتە لەلایەن ژمارەیەك لە ناوە دیارەکانی کەنیسەی ئیسپانییەوە بەرەنگاری دەکرا، کە مەترسییان لە بڵاوبوونەوەی ئیسلام هەبوو لە ئیسپانیا، بۆیە هەندێکیان کەوتنە

دەرخستنی جیاوازییەکانی نێوان هەردوو ئاینەکە، لە ناوبانگترینی ئەوانەی بەم کارە هەستان ئیلۆجیس Eulogius بوو، کە سەرنجی خستە سەر رەتکردنەوەی بیرۆکەی سێدانەیی (الثالوث) و سەیرکردنی مەسیح بەوەی تەنیا پێغەمبەرێکە.

ئیلۆجیس چەندین پەیامی نووسی و تێیاندا تانەی لە راستیی بانگەوازی پێغەمبەرایەتیی پێغەمبەری ئیسلام دا، هەروەها سەرنجی خستە سەر هاوسەرگیریکردنی پێغەمبەر لەگەڵ زەینەبی کچی جەحش. ئیلۆجیس لە نووسینەکانیدا پشتی بە چەند دەستنووسێکی نووسەرێکی نەناسراو بەستووە کە لە (دێر)ێکدا لە بامبلونا بەردەستی کەوتوون.

نووسیەکانی ئیلۆجیس هاوکات بوون لەگەڵ هەوڵێکیتری هاوشێوە لەلایەن قەشەیەکەوە بەناوی فاروس Alvarus .

(بۆ زانیارییەکانی ئەم سەربابەتەی سەرەوە "واتە مێژووی رەخنەگرتن لە پێغەمبەری ئیسلام" سوود لە ماڵپەڕی ویکیپیدیا وەرگیراوە).

**** ****

## له سەردەمی نوێدا

### کتێبی "ئایاتی شەیتانی"ی سەلمان روشدی

لە سەردەمی نوێدا زۆر بڵاوکراوە دەرچوون کە تانەیان لە کەسایەتیی پێغەمبەر یاخود ئیسلام داوە یان رەخنەیان لێ گرتووە، کە هەندێکیان لەناو خودی موسڵمانانەدا بووە و هەندێکی تریشیان لە وڵاتانی رۆژئاوادا بووە.

دیارترینی ئەو کتێبانەی ماوەی زیاتر لە ٢٠ ساڵە مشتومڕی لەسەرە و بەهۆی کتێبەکەیشەوە و بە تۆمەتی هەڵگەڕانەوە لە ئاینی ئیسلام فتوای کوشتنی نووسەرەکە لەلایەن ئایەتوڵا خومەینی رابەری کۆچکردووی شۆڕشی ئیسلامیی ئێرانەوە لە ساڵی ١٩٨٩دا دەرچووە و تا ئێستەیش فتواکە کاری پێ دەکرێ و نووسەرەکەی تا ئێستە لەژێر پاسەوانییەکی تونددایە، کتێبی رۆمانی "ئایاتی شەیتانی" نووسەری بەریتانی بە رەگەز هندی سەلمان روشدییە، کە لە ٢٦ ئەیلوول/سێپتەمبەری ١٩٨٨دا لە لوبنان دەرچوو.

دوای ٩ رۆژ لە دەرچوونی کتێبەکە، هندستان روشدی لە چوونە نێو وڵاتەکە قەدەغە کرد و ئەو خانەی بڵاوکردنەوەیەی کتێبەکەیشی بۆ چاپ کردبوو هەزاران نامەی هەڕەشە و پێوەندیی تەلەفۆنی بۆ کێشانەوەی کتێبەکەی پێ گەیشت. هەریەك لە وڵاتانی بەنگلادیش، سودان، باشووری ئەفریقیا، کینیا، سریلانکا، تایلاند، کۆماری تەنزانیای یەککگرتوو، ئەندەنووسیا، فەنزویلا و سەنغافوورە کتێبەکەیان قەدەغە کرد و چەندین خۆپێشاندان لە دژی کتێبەکە لە ئیسلام ئاباد، لەندەن، تاران، بۆمبای، دەککا، ئەستنبوڵ، خەرتووم و نیویۆرك ئەنجام دران.

لەو پەرەسەندنانەدا دوو رووداو سەرنجی دنیایان راکێشا، ئەوانیش سووتاندنی ژمارەیەکی زۆر لەو کتێبە بوو لە برافۆرد لە شانشینی یەککگرتوو لە ١٤ کانوونی دووەم/یەنایەری ١٩٨٩، رووداوی دووەمیش دەرچوونی فتوای خومەینی بوو لە ١٤ فێبرایەری ١٩٨٩ بە حەڵاڵکردنی خوێنی سەلمان روشدی، ئەم دوو رووداوە لەلایەن میدیاکانی رۆژئاواوە تیشکی زۆری خرایە سەر و موسڵمانەکان بە "دژایەتیکردنی ئازادیی دەربڕین" تۆمەتبار کران.

سەلاحەدین جمجە و جوبرائیل فریشتە دوو کەسایەتیی سەرەکیی رۆمانەکەن. جمجە پیاوێکی هندییە و هەر لە منداڵییەوە لە شانشینی یەککگرتوو ژیاوە و لەگەڵ کۆمەلگەی رۆژئاوادا جۆشی خواردووە و پشتی کردووەتە رەچەڵەکە هندییەکەی. فریشتە ئەکتەرێکی هندیی تایبەت بە فیلمە ئاینییەکانە، کە دوای ئەوەی تووشی نەخۆشییەکەی مەترسیدار دەبێ و نزا و لاڵانەوەکانی شیفایان بۆ نەهێناوە ئیدی باوەڕی بە ئاین نەماوە. جمجە و فریشتە لەنێو فڕۆکەیەکدا کە لە گەشتێکدایە لە بۆمبایەوە بۆ لەندەن لە تەنیشت یەکەوە دادەنیشن، بەڵام فڕۆکەکە بەهۆی کارێکی تێکدەرانەی "گرووپە توندڕەو"ەکانەوە دەتەقێتەوە، لەکاتی کەوتنە خوارەوەی ئەو دوو کەسەدا گۆڕانکاری لە سیمایاندا روو دەدات، سەلاحەدین جمجە دەگۆڕێ بۆ بوونەوەرێك لە شێوەی شەیتان، جوبرائیل فریشتەیش دەگۆڕێ بۆ بوونەوەرێك لە شێوەی فریشتە (مەلائیکە). لە یەکێك لە خەونەکانی جوبرائیل فریشتەدا سەلمان روشدی خوێنەر دەگێڕێتەوە بۆ کاتی سوڵحی حودەیبیە و فەسڵێکی رۆمانەکە دەست پێ دەکات بەناوی "ماهۆند". ئەوەی هەستی موسڵمانی بریندار کرد ئەو بەشەی رۆمانەکەیە.

ماهۆند ناوێکە لەلایەن مەسیحییە توندڕەوەکانی سەدەکانی ناوەڕاستەوە بۆ وەسفکردنی پێغەمبەر محەمەد بەکار هاتووە.

چنینی سەرەکیی ئەم بەشەی رۆمانەکە پشتی بە ریوایەتێك بەستووە لە ژیاننامەی پێغەمبەردا کە ئیبن ئیسحاق باسی کردووە، تێیدا ئیبن ئیسحاق دەگێڕێتەوە کاتێ ئایەتەکانی"أَفَرَأَيْتُمُ اللَّاتَ وَالْعُزَّى، وَمَنَاةَ الثَّالِثَةَ الْأُخْرَى، أَلَكُمُ الذَّكَرُ وَلَهُ الْأُنْثَى"ی

سوورەتی (النجم) دابەزینە سەر پێغەمبەر، شەیتان ئەم رستەیەی بە گوێیدا چرپاند و تێهەڵکێشی ئایەتەکانی کرد "تلك الغرانیق العلی وإن شفاعتهن لترتجی"، بەم پێیە قورئان بە "باشە" باسی بتەکانی قورەیشی کردووە و شەفاعەتیان قبووڵە.

ئەو ریوایەتەی ئیبن ئیسحاق لە رووی مێژووییەوە زۆر لاوازە و کۆدەنگییەکی تەواو لەنێوان زانایانی موسڵماندا هەیە کە راست نییە. ئەبو جەعفەری تەبەریی مێژوونووسیش کاتێ ژیاننامەی پێغەمبەری نووسیوەتەوە، وەک مێژوونووسێک کە پێویستە هەموو ئەو شتانەی بەرگوێی دەکەون تۆمار بکات، لە پەراوێزدا ئەم رووداوەی تۆمار کردووە.

## کتێبی "شەرمەزاری"ی تەسلیمە نسرین

یەکێکی تر لەو کتێبانەی کە لەلایەن موسڵمانانەوە نووسراوە و بە سووکایەتیکردن بە پێغەمبەر و پەیامەکەی و موسڵمانان تۆمەتبار کرا و بەهۆیەوە نووسەرەکەی لەتاو ناڕەزایی و هەڕەشەی شەقام رووی لە ئەوروپا کرد، رۆمانی شەرمەزاری "العار"ی ژنە نووسەری بەنگلادیشی تەسلیمە نەسرینە، کە لە ساڵە بەراییەکانی نەوەدەکاندا دەری کرد.

نەیارانی نەسرین ناوبراویان تۆمەتبار کرد بەوەی لە چەند کتێبێکیدا، لەوانە کتێبی "بای سەرشێت"، کتێبی "ئەمار مایبولا" یاخود "منداڵێتیم"، بەتایبەتتر لە رۆمانی (لاجا) یاخۆ "عار"دا، داوای پێداچوونەوەی قورئانی کردووە تا مافی زیاتر بە ئافرەتی موسڵمان بدرێ، هەروەها موسڵمانانی بە چەوساندنەوەی هندۆسەکان تۆمەتبار کردووە. بەو هۆیەوە و لەژێر فشاری خۆپێشاندانی ناڕەزایی و هەڕەشەی هێزە ئاینییەکاندا تەسلیمە نەسرین لە ١٩٩٤ەوە لە دەرەوەی بەنگلادیش دەژی.

لە ساڵی ٢٠٠٢دا دادگەیەکی بەنگلادیشی سزای ساڵێك بەندکردنی بەسەر تەسلیمە نەسریندا سەپاند، ناوبراو خرایە بەندیخانەوە و دواتر بە کەفالەت ئازاد کرا، ئەویش بەربوونەکەی قۆستەوە و خۆی گەیاندە ئەوروپا.

حکوومەتی بەنگلادیشی هەر سێ کتێبەکانی ناوبراوی قەدەغە کرد. تەسلیمە رەتی کردەوە سووکایەتی بە ئیسلام کردبێ.

## رۆمانی "خوانێك بۆ گژوگیاکانی دەریا"ی حەیدەر حەیدەر

رۆمانی خوانێك بۆ گژوگیاکانی دەریا (ولیمة لاعشاب البحر)ی نووسەری سووری حەیدەر حەیدەر، چاپی یەکەمی لە ساڵی ١٩٨٢ لە بەیروت دەرچووە و لەو کاتەدا هیچ هەرایەکی لێ نەکەوتەوە. بەڵام کاتێ لەساڵی ٩٩٢دا وەزارەتی رۆشنبیریی میسری کتێبەکەی چاپ کردەوە و بەدوای ئەوەیشدا دکتۆر محەمەد عەباس وتارێکی رەخنەیی لەسەر کتێبەکە لە رۆژنامەی (الشعب)ی میسریدا لەسەر بڵاو کردەوە و ناوەرۆکەکەی شی کردەوە، بڵاوکردنەوەی کتێبەکە هەرایەکی گەورەی نایەوە و بە سووکایەتیکردن بە پیرۆزییە ئاین و زاتی ئیلاهی تۆمەتبار کرا و داوای کێشانەوە لە بازاڕ کرا، هەروەها مەجمەعی توێژینەوە ئیسلامییەکانی زانکۆی ئەزهەر وەڵامی دایەوە، لە کۆتایدا وەزارەتی رۆشنبیری کتێبەکەی لە بازاڕ کێشایەوە.

پێشتریش چەند کتێبێك بەهۆی ناکۆکیی بۆچوونەکانیان لەگەڵ عەقڵی ئاینیی باودا کێشە و هەرایا ناوەتەوە، لەوانە کتێبی (الاسلام و اصول الحکم)ی شێخ عەلی عەبدوڕەزاق، کتێبی (فی الشعر الجاهلی)ی تەها حسێن و رۆمانی (اولاد حارتنا)ی نەجیب مەحفووز.

## دوای ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١

لە دوای ڕووداوی ١١ی سێپتەمبەرەوە شاڵاوێك نووسین و چالاکی لە دژی پێغەمبەر و ئیسلام سەریان هەڵ دا، بەتایبەت لە ئەوروپا و ئەمەریکا. لە دیارترین ئەو کتێبانەی دەرچوون کتێبی "پێغەمبەری وێرانە" Prophet Of Doom بوو لەلایەن (کریك ونن)ەوە، کە پێغەمبەری ئیسلام تۆمەتبار دەکات بەوەی توندوتیژی کردووەتە ئامرازێك بۆ گەیشتن بە دەسەڵاتی ڕەها.

فیلمی "ملکەچی"

لە ٢٠٠٤دا ئەیان ماجان لەگەڵ فیلمسازی هۆڵەندی سیۆ ڤان کوخ هەستان بە نووسین و وێنەگرتنی فیلمی "ملکەچی" کە باس لەو "ستەم"انە دەکات کە بەبۆچوونی ئەوان لەنێو کولتووری ئیسلامیدا لە ئافرەت دەکرێ. فیلمەکە ڕەخنەی توندی لەلایەن موسڵمانەکانی هۆڵەنداوە لێ گیرا و بەهۆی ئەو فیلمەوە دەرهێنەری فیلمەکە "سیۆ ڤان کوخ" لە ٢ نۆڤەمبەری ٢٠٠٤دا لەلایەن "محەمەد بوێری" ناوێکەوە کوژرا.

## وێنە کاریکاتێرییەکانی ڕۆژنامە دانیمارکییەکە

لە ٣٠ سێپتەمبەری ٢٠٠٥دا ڕۆژنامەی "یۆلاندس بۆستن"ی دانیمارکی ١٢ وێنەی کاریکاتێریی پێغەمبەری ئیسلام محەمەدی کوڕی عەبدوڵای بلاو کردەوە و دوای کەمتر لە هەفتەیەك و لە ١٠ یەنایەری ٢٠٠٦دا ڕۆژنامەکانی "مەگەزینێت"ی نەرویجی و "دی فیلت"ی ئەڵمانی و "فرانس سۆیەر"ی فەرەنسی و چەندین ڕۆژنامەی تری ئەوروپی ئەو وێنە کاریکاتێرییانەیان بڵاو کردەوە. ئەو کارە کاردانەوەی توندی لەسەر هەردوو ئاستی میللی و ڕەسمی لە جیهانی ئیسلامیدا دروست کرد.(دواتر بە درێژی باسی دەکەین).

## فیلمی "فیتنە"

لە ٣ ئەیلوول/سێپتەمبەری ٢٠٠٦دا خەیرەت فیلدرز /٤٤ ساڵ/ سەرۆکی حزبی ئازادیی ڕاستڕەوی هۆڵەندی فیلمێکی ١٥ خولەکیی بەناوی "فیتنە"وە دەرکرد و لە ٢٧ ئادار/مارسی ٢٠٠٨دا لە ئینتەرنێت بڵاوی کردەوە.

لەو فیلمەدا هەندێ لە ئایەتەکانی قورئان بە هەندێ لەو ڕووداوە توندوتیژییانەی هەندێ لە گرووپە ئیسلامییە چەکدارەکان ئەنجامیان داوە بەستراونەتەوە، وەك پەلامارەکەی سەر هەردوو تاوەری سەنتەری بازرگانیی جیهانی لە نیویۆرك لە ١١ی ئەیلوول/سێپتەمبەری ٢٠٠١دا، هەروەها بە هەندێ لە گوتارە ئاگرینەکانی هەندێ لە گوتاربێژە موسڵمانەکانەوە کە نزای شەڕ و فەوتان لە ناموسڵمانەکان دەکەن.

بەڵام ئەم فیلمە ئەو کاردانەوە گەورەیەی لێنەکەوتەوە کە لە وێنە کاریکاتێرییەکان کەوتەوە و هەندێ لە باڵوێزانی موسڵمان گوتیان "فیلمەکە بەو خراپییەیش نییە".

پیتەر بالکانندا سەرۆك وەزیرانی هۆڵەندی ڕایگەیاند حکوومەتەکەی ئەو جۆرە تەفسیرە بۆ ئیسلام ڕەت دەکاتەوە کە لە فیلمی "فیتنە"دا بۆ ئیسلام و پێوەندی ئەو ئاینە بە ئیرهابەوە کراوە.

بالکنناندا لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لە ٢٨ ئادار /مارسی ٢٠٠٨ گوتی "ئەو فیلمە ئیسلام یەکسان دەکات بە توندوتیژی، ئێمە ئەو ڕاڤەیە ڕەت دەکەینەوە".

هەروەها گوتی "ئەو فیلمە خزمەتی هیچ ئامانجێك ناکات جگە لە خراپ مامەڵەکردن، بەڵام نابێ هەستکردن بە سووکایەتی بکرێتە بیانوو بۆ ئەنجامدانی دەستدرێژی و هەڕەشەکردن".

هەروەها کویشیرۆ مانسورا سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەروەردە و زانست و رۆشنبیری (یۆنسکۆ) رەخنەی لە بڵاوکردنەوەی فیلمی "فیتنە" گرت لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت و لە بەیاننامەیەکدا رای گەیاند "هیچ پاساوێك نییە بۆ ئەم جۆرە گوزارشتکردنە لە رق و هاندان بۆ توندوتیژی". هەروەها داوای لە شوێنکەوتونی ئاین و کەلتورە جیاوازەکان کرد خۆ دوور بگرن لە ئاڵۆزکردنی بارودخەکە.

(بۆ ئەم وردەکارییانە سوود لە ئینتەرنێت وەرگیراوە).

## قەشە تێری جۆنز و رۆژی سووتاندنی قورئان

لە درێژی کاردانەوەکانی رۆژئاواییەکان لە بەرامبەر هێرشەکانی ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١دا کە رێکخراوی قاعیدە بەسەرۆکایەتیی ئوسامە بن لادن بەرپرسیاریەتیی ئەنجامدانی گرتە ئەستۆ، ماوەیەك بەر لە نۆیەمین ساڵرۆژی هێرشەکان لە ساڵی ٢٠١٠دا، قەشەیەکی ئەمەریکی بەناوی تێری جۆنز لە ویلایەتی فلۆریدا داوای کرد رۆژی ١١ی سێپتەمبەر بکرێتە رۆژی جیهانیی سووتاندنی قورئان و لای خۆیشیەوە سوور بوو لەسەر ئەوەی لە ١١ی سێپتەمبەری ٢٠١٠دا دانەیەك لە قورئان بسووتێنێ.

جۆنز لە لێدوانەکانیدا ئاماژەی بەوە دا کە پاڵنەری ئەو بڕیارەی بریندارکردنی هەستی موسڵمانان نییە، بەڵکو پەرچەکردارێکە بۆ کارەکانی "ئیسلامی توندڕەو" تا بەو کارە پێیان بڵێن "ئەگەر ئێوە سووکایەتی بە کتێبی پیرۆز و ئاڵای وڵاتەکانی ئێمە دەکەن، ئێمەیش دەتوانین ئەزیەتی ئێوە بدەین و سووکایەتی بە ئاینەکەتان بکەین".

بڕیارەکەی تێری جۆنز لەلایەن ڤاتیکان و دەسەڵاتدارانی ئەمەریکاوە رەخنەی لێ گیرا و بە مەترسی بۆ سەر گیانی سەربازانی ئەمەریکی لە عێراق و ئەفغانستان دانرا، بۆیە ناچار کرا بڕیارەکەی جێبەجێ نەکات. دەنگۆی ئەوەیش بڵاو بوویەوە کە جۆنز بەو مەرجە لە بڕیارەکەی پاشگەز بووەتەوە کە موسڵمانەکانیش دەستبەرداری داواکاریی دروستکردنی مزگەوتێك لەجێی دوو تاوەرە رووخاوەکەدا بن، کە لە هەمان سەروبەندا مشتومڕێکی زۆری نایەوە و ئەگەرچی لە راپرسییەکدا زۆرینەی خەڵکی نیویۆرك دژ بە دروستکردنی مزگەوتەکە بوون لەو جێیەدا، بەڵام باراك ئۆبامای سەرۆکی ئەمەریکا جەختی لەوە کرد کە موسڵمانەکان وەك بەشێك لە کۆمەڵگەی ئەمەریکی مافی دروستکردنی ئەو مزگەوتەیان هەیە.

بەڵام دوای نزیکەی شەش مانگ لەو وادەیە و لە ئاداری ٢٠١١ تێری جۆنز بڕیارەکەی جێبەجێ کرد و لە کەنیسەیەکی ویلایەتی فلۆریدادا قورئانێکی سووتاند، ئەوەیش کاردانەوەی توندی لە هەندێ وڵاتی ئیسلامی لێکەوتەوە، بەتایبەت لە ئەفغانستان کە لە خۆپیشاندانێکی نارەزاییدا لە شاری قەندەهار زیاتر لە ١٠ کارمەندی نەتەوە یەکگرتووەکان کوژران و باراك ئۆبامای سەرۆکی ئەمەریکا سەرکۆنەی کارەکەی قەشە جۆنز و پەلامارەکەی خۆپیشاندەرانی ئەفغانی کرد.

* ١٢–٩–٢٠١٠ شەوی رابردوو وەك کاردانەوەیەك لەدژی پەخشکردنی فیلمێك لەسەر پێغەمبەری ئیسلام لە ئەمریکا، ژمارەیەك چەکدار هەڵیانکوتایە سەر کونسوڵخانەی ئەمریکا لە شاری بەنغازیی لیبیا و کریس سیفنز باڵوێزی ئەمریکا لەو وڵاتە و سێ فەرمانبەری کونسوڵخانەکەیان کوشت.

* ١٣–٩–٢٠١٢ لە سەنعا خۆپیشاندەران لەدژی فیلمی "..." کە سوکایەتیی بە پێغەمبەری ئیسلام دەکا، هەڵیانکوتایە سەر باڵێۆزخانەی ئەمریکا و چوونە ناوی. لە قاهیرەی خۆپیشندەران هەوڵی چونە ناو باڵێۆزخانەی ئەو وڵاتە دەدەن و هێزە ئەمنیەکان دەیپارێزن.

## "رەخنە" و "سووکایەتیەکان" لە کوردستان

کوردستانیش خاڵی نەبووە لەو کتێب و بەرهەمە هونەری و ئەدەبییانەی کە لەلایەن ناوەندە ئاینییەکەوە بە بەزاندنی هێڵە سوورەکانی ئاین و سیمبوڵە ئاینییەکان تۆمەتبار کراون و لەو رووەوە رەخنەیان لێ گیراوە.

رەنگە دێرینترین مادەی لەو شێوە کتێبی "ئادەمیزاد لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا"ی عەبدولخالق مەعرووف بێ، کە لە نیوەی دووەمی هەشتاکانی سەدەی رابردوودا دەری کرد و تۆمەتی رەخنەگرتن لە "ئیسلام"ی درایە پاڵ بەتایبەت لە پرسی مافەکانی ئافرەتدا، دواتر نووسەر لە رووداوێکی تەمومژاویدا تیرۆر کرا و زۆر کەس هۆکاری کوشتنەکەی بۆ نووسینی ئەو کتێبە دەگێڕنەوە و هێزە ئاینییەکانی تێدا تۆمەتبار دەکەن، ئەگەرچی تا ئێستە ئەو تۆمەتە بەبەڵگە ساغ نەبووەتەوە.

لە ساڵی ١٩٨٩دا (مستەفا سەید عەلی) ناوێك لە قەڵادزێ ئیددیعای ئەوەی کرد کە ئەو هەمان ئەو محەمەدی مەهدییەیە کە لە حەدیسدا پێشبینی هاتنی کراوە لە ئاخر زەماندا و زۆر کەسیش باوەڕیان پێ کردبوو، دواتر کتێبێکی بەناوی "کلمات الله" بڵاو کردەوە کە تێیدا جگە لە هێنانەوەی بەڵگەکانی لەسەر راستیی بانگەشەکەی، هاوکات کۆمەڵێ دەقیشی بڵاو کردەوە کە بانگەشەی ئەوەی دەکرد ئەوانە ئایەتن و لە کاتی جیاوازدا لەلایەن خوداوە بە وەحی بۆی هاتوون.

بڵاوکردنەوەی ئەو کتێبە هەرایەکی لەنێو ناوەندە ئاینییەکە و مەلاکاندا دروست کرد، بەتایبەت کە کتێبەکە لەلایەن چاپخانەی زانکۆوە چاپ کرابوو (خۆم ئامادەی وتارێکی هەینی بووم لە دژی چاپکردنی ئەو کتێبە". زۆری نەبرد ناوبراو لە رووداوێکی تەمومژاویدا تیرۆر کرا و بانگەوازەکەی ناوی نەما.

هەر لە ناوەڕاست و نیوەی دووەمی نەوەدەکاندا، ژمارەیەك بڵاوکراوە بەتۆمەتی سووکایەتیکردن بە ئاین و پیرۆزییەکان داخران، لەوانە رۆژنامەی "بۆ پێشەوە"ی پارتی کۆمۆنیستیی کرێکاریی عێراق و گۆڤاری لێکۆڵینەوەی "نڤار" کە لە سلێمانی دەردەچوو. لە سەدەی نوێیشدا، واتە دوو هەزارەکان، چەند کتێبێك بە تۆمەتی "سووکایەتیکردن بە پیرۆزییەکانی ئاینی ئیسلام" بە توندی رەخنەیان لێگیرا، لەوانە کتێبی "خوێننامە"ی سەردەشت ناوێك، کتێبی "سێکس و شەرع و ژن لە ئیسلامدا"ی مەریوان هەڵەبجەیی و بەرگی یەکەمی کتێبی "الكرد في التاريخ"ی د.جەمال رەشید، کە بڵاوبوونەوەی ئەم دوو کتێبەی دوایی هاوکات بوو لەگەڵ بڵاوبوونەوەی وێنە کاریکاتێرییەکانی دانیمارك، هەر بۆیە لەو خۆپیشاندانانەی لە هەولێر و سلێمانی دژ بە وێنە کاریکاتێرییەکان ئەنجام دران وێنەی ئەو دوو کتێبەیش وەك بەشێك لە هەڵمەتەکانی سەر پێغەمبەری ئیسلام بەرز دەکرانەوە و سەرکۆنە دەکران.

ساڵی ٢٠١٠ ساڵی هەرا و کێشەی نێوان زانایانی ئاینی و ژمارەیەك لە نووسەر و بڵاوکراوەکان بوو لەسەر هەندێ لەو بابەتانەی بڵاو دەکرانەوە و زانایانی ئاینی بە سووکایەتییان دادەنان بە پیرۆزییەکانی ئاینی ئیسلام و موسڵمانان و کۆی ئاینە ئاسمانییەکان، ئەو هەرایە لە چەند مانگی رابردوودا پەرەسەندنێکی جۆرایەتی بەخۆوە بینیوە، بەشێوەیەك بەرپرسانی باڵای هەرێم و حزبەکانیش هاتوونەتە سەر خەت.

لە مانگی شوباتدا گۆڤاری (خەڵك)، کە سەردەشت حەمە ساڵح، سەرنووسەریماڵپەڕی چاودێر، بەشێك لە کتێبی (ئایەتە شەیتانییەکان)ی سەلمان روشدی بە کوردی بڵاو کردەوە، ئەوەیش ناڕەزایی توندی ئێران و ناوەندی ئیسلامیی کوردستانی لێ کەوتەوە.

له ئەنجامدا مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندنی یەکێتی له ڕوونکردنەوەیەکدا له ٢٨ شوباتدا ڕایگەیاند ئەو گۆڤاره هیچ پەیوەندییەکی بەو حزبەوه نییه، دواتریش له ١ی ئادار/مارسی هەمان ساڵدا سەرنووسەری "خەڵك" له ڕوونکردنەوەیەکدا ڕایگەیاند بڵاوکردنەوەی ئەو بابەته "هەڵە"یەك بووه بەسەریاندا تێپەڕیوه و داوای "لێبوردن"ی له خوێنەران کرد.

له سەرەتاکانی ساڵدا بوو زانایانی دهۆك له دژی بڵاوکردنەوەی شیعرێك له ڕۆژنامەی (چاڤدێر)دا سکاڵایان لەسەر شاعیرەکه و سەرنووسەری ڕۆژنامەکه تۆمار کرد.

له نیسان و ئایاری ٢٠١٠دا دوای بڵاوبوونەوەی چەند بابەتێکی ئیرۆتیکی له ژمارەیەکی گۆڤاری (وێران)دا، که فەرهاد پیربالْ سەرنووسەری و لەلایەن دەزگەی چاپ و بڵاوکردنەوەی (ئاراس)ەوه دەردەچوو، لێژنەی ئەوقافی پەرلەمانی کوردستان و یەکێتیی زانایان و یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان و کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان له گۆڤارەکه هاتنه دەنگ و سەرۆکی لێژنەی ئەوقاف له دادگەی هەولێر سکاڵای لەدژی سەرنووسەری گۆڤاری ناوبراو تۆمار کرد.

ئەو بابەتەیش مشتومڕێکی گەورەی له نێوان هەوادارانی هەردوولا له میدیاکاندا دروست کرد و دەیان وتاری دژ به یەك بڵاو کرانەوه، بەتایبەت له ماڵپەڕی (کوردستان نێت)دا که بەبێ سانسۆر وتارەکانی هەردوولای بڵاو دەکردەوه.

دواتر و له ١٩ کانوونی یەکەم/دیسەمبەری ٢٠١٠دا دادگه فەرهاد پیربالی به غەرامەکردنی ٥ ملیۆن دیناری عێراقی و ٦ مانگ گرتن (لەگەڵ جێبەجێنەکردنی سزای گرتنەکه) سزادا و بەو هۆیەوه پیربالْ نامەیەکی درێژی بۆ مەسعوود بارزانی سەرۆکی هەرێم نارد و داوای کرد کار بۆ وەستانی کارکردن به یاسای ژماره (٤٠٣)ی یاسای سزادانی عێراقی بکات و له دادگەکاندا تایبەتمەندیی به سکاڵاکانی دژ به بابەته ئەدەبی و هونەرییەکان بدرێ.

له ناوەڕاستی تشرینی یەکەم/ئۆکتۆبەری ٢٠١٠دا یەکێتیی زانایانی ئیسلامیی کوردستان بەیاننامەیەکی لەدژی هەفتەنامەی (چاودێر) بڵاو کردەوه بەهۆی بڵاوکردنەوەی وێنەیەکی تەعبیریی ڕووداوی ئیسراو میعراج لەگەڵ بابەتێکی "سەروەر پێنجوێنی"دا لەبارەی ئیسرا و میعراجەوه، که زانایان ئەو کارەیان به سووکایەتیکردن به پێغەمبەر لەقەڵەم دا.

له ١٠ تشرینی دووەم/نۆڤێمبەری ٢٠١٠ یەکەتیی زانایانی ئاینی ڕای گەیاند به تۆمەتی سووکایەتیکردن به سەرجەم ئاینەکانی کوردستان له ژماره (٦٧٣)ی ڕۆژنامەکەدا، سکاڵایەکی لەسەر ڕۆژنامەی (هاوڵاتی) تۆمار کردووه.

دوای پەلامارەکەی کەنیسەی نەجات له بەغدا له ٣١ ئۆکۆتبەری ڕابردوودا، بەدران ئەحمەد حەبیب له ڕۆژنامەی "بزاو" وتارێکی بەناونیشانی "ئیسلام ڕسوامان دەکات" بڵاو کردەوه. له ٤ی تشرینی دووەمی ٢٠١٠دا یەکێتیی زانایان بەیاننامەیەکیان لەدژی وتارەکه دەرکرد.

له ٢٣ی کانوونی یەکەم/دیسەمبەری ٢٠١٠یشدا "عارف قوربانی" سەرنووسەری ڕۆژنامەی (ئاسۆ)، داوای لێبوردنی کرد له بڵاوکردنەوەی شیعرێکی (حەمه کاکەڕەش) له پاشکۆی ئەدەبی ڕۆژنامەکەدا له ڕۆژی پێشتردا، که وەزارەتی ئەوقاف و یەکێتیی زانایان شیعرەکەیان به سووکایەتیکردن به بەها ئاینیەکان لەقەڵەم دابوو.

دواترینی ئەو هەرایانه ئەو هەرایەیه شیعرێکی نێو دیوانه شیعری "ستێانێ بەفر پڕە لە ڕێشۆڵە" بەناوی "خودا دەیەوێ پشوو بدات"، که له سەرەتاکانی کانوونی دووەم/یەنایەری ڕابردوودا له دەزگای ئاراس چاپ کراوه، دروست بووه، که بەشێکی زۆر له مەلاکانی کوردستان، لەپێشیانەوه مەلا مەسعوود کانی کوردەیی وتارخوێنی مزگەوتی (محەمەد فەوزی) قسەیان لەسەر کرد و تا ئێستەیش کۆتای پێ نەهاتووه.

کێشەی دیوانەکەی قوبادی جەلیزاده هاوکات بوو لەگەڵ کێشەیەکی تر لەنێوان مەلاکان و ڕۆشنبیرانی سیکیولار و هەندێ له ڕێکخراوه "فیمینیست"ەکانی ئافرەتاندا له کوردستان له کانوونی یەکەم/دیسەمبەری ڕابردوودا، ئەویش دوای ئەوەی

بەکارهێنانی وشەی "جێندەر" لە پرۆژەیاسایەکی وەزارەتی رۆشنبیری و لاواندا مشتومڕێکی گەورەی لەنێوەندی ئاینی و رۆژنامەوانیی کوردستاندا نایەوە، کاتێ مەلاکان ئەو زاراوەیەیان بە هاوواتای "هاورەگەزبازی" لەقەڵەم دا.

بەدوای ئەوەیشدا مەلا فەرمان خەرابەیی نامیلکەیەکی بڵاو کردەوە بەناونیشانی "راستییەکی ونبوو"، کە رێکخراوە "فیمینیست"ەکانی ئافرەتانی بە "تێکدانی رەوشت"ی کۆمەڵگەی کوردەواری و "هاندانی تەڵاق و خۆسووتاندن و نانەوەی کێشەی خێزانی" تۆمەتبار کرد، ئەوەیش کاردانەوەی توندی رێکخراوەکانی لێ کەوتەوە و لە دادگە سکاڵایان لە دژی تۆمار کرد.

هەرای "جێندەر" و نامیلکەی "راستییەکی ونبوو" لەگەڵ هەرای دیوانە شیعرییەکەی قوبادی جەلیزادە تێکەڵ بوون و هەراکەی قووڵتر کردەوە.

جەلیزادە لە لێدوانێکیدا بۆ (ئاکانیوز) رەتی کردەوە "سووکایەتی" بە خودا کردبێ و گوتی "من لەو شیعرەدا وتوومە خودا لە مرۆڤەکان بێزار بووە بەهۆی خراپە و کوشتن و توندوتیژییانەوە، خودا دەیەوێ پشوویەك بدات، ئەم وشەی (پشوو)ەم لە تەوراتەوە هێناوە، کە یەکێکە لە کتێبە ئاسمانییەکان و دەڵێت دوای ئەوەی خودا زەوی و ئاسمانەکانی بە شەش شەو و رۆژ درووست کرد، خودا پشوویەکی دا".

بەمەبەستی هێورکردنەوەی دۆخەکە لە ٩ی یەنایەردا مەسعوود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەئامادەبوونی ژمارەیەك لە گەورە بەرپرسانی حکوومەت و پەرلەمانی کوردستان و وەزاراتە پێوەندیدارەکان کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ سەرۆك و جێگری سەرۆکی یەکێتیی زانایانی ئاینی و نەقیبی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان ساز دا.

سەرۆکی هەرێم لە کۆبوونەوەکەدا گوتی "ئێمە دژی تەشهیرکردنین بە ئایین ، ئایین شتێکی پیرۆزە و دەبێ هەموو کەس رێزی لێبگرێ و ئەو کەسەی تەشهیر بە ئایین دەکات پێویستە سزا بدرێ، ئەمەیش نەك هەر بۆ ئایینی ئیسلام ، بەڵکو بۆ ئایینەکانی تریشە".

هەروەها داوای لە زانایانی ئاینی کرد بۆچوونی خۆیان بەسەر کەسانی تردا نەسەپێنن و لەخۆوە فتوا نەدەن.

ئۆرادواتر یەکێتیی زانایان و لێژنەی ئەوقافی پەرلەمان و دەزگای ئاراس لەسەر ئەوە رێك کەوتن کتێبەکەی جەلیزادە لە بازاڕ بکێشرێتەوە.

## ئەو کتێبانەی هەرایان ناوەتەوە

لە سەدەی بیستەمدا ژمارەیەك کتێب بەتۆمەتی بەزاندنی هێڵی سوور لەلایەن ناوەندە ئاینییە ئیسلامییەکانەوە سەرکۆنە کراون و بە بێڕێزیکردن بەرامبەر بە ئیسلام و سیمبوڵ و یاسا و ڕێنوێنییەکانی تۆمەتبار کراون و هەندێ جار گەیشتووەتە رادەی بەکافرداناني نووسەرەکە و دەرچوونی لە بازنەی ئیسلامەتی، کە ئەوەیش هەندێ جار لە حەڵاڵکردنی خوێنیان یاخود جیاکردنەوەیان لە هاوسەرەکانیان، یان لانی کەم شێواندنی کەسایەتیی ئەو نووسەرانە لە ناوەندە کۆمەڵایەتییەکەدا و هەندێ جار قەدەغەکردنی کتێبەکانیاندا بەرجەستە بووە.

ماڵپەڕێکی ئینتەرنێت ناوی ١٣١ کتێبی بڵاو کردووەتەوە کە بڵاوکردنەوە و دەستاودەستکردنیان لە وڵاتە عەرەبییەکاندا قەدەغەیە، لەوانە ژمارەیەك لە کتێبەکانی نەسر حامد ئەبوزەید، عەبدوڵا ئەقەسیمی، نەجیب مەحفووز، فەرەج فۆدە، فاتیمە مەرنیسی، تەسلیمە نەسرین، سەلمان روشدی، نەوال سەعداوی، خەلیل عەبدولکەریم، ئەلسادیق ئەلنیهۆم و حەیدەر حەیدەریان تێدایە.

دیارە هەموو ئەو کتێبانە لەسەر "سووکایەتیکردن" بە ئاین تابۆیان نەخراوەتە سەر، بەڵکو هەندێکیان زیاتر هەڵگری پەیامێکی تایبەتی سیاسی یان فیکرین کە بە سیاسەت و فیکری باو نامۆ بوون.

ئەو نووسەرانەی هەڵا لەسەر کتێبەکانیان بەرپا کراوە، هەندێکیان لە دەستەبژێری سیکیولاری کۆمەڵگە بوون، وەك تەها حوسێن، نەجیب مەحفووز، سادق جەلال ئەلعەزم، فەرەج فۆدە، نەسر حامد ئەبوزەید، محەمەد شەحرور و حەیدەر حەیدەر و چەندانی تر. بەڵام هەندێکیان کوڕی ناوەندە ئاینییەکەیش بوون، وەك شێخ عەلی عەبدوڕەزاق دانەری کتێبی (الاسلام و اصول الحكم) کە خۆی زانایەکی ئەزهەر بووە، هەروەها وەك مستەفا مەحموود، عەبدولسەبور شاهین، حەسەن تورابی، جەمال بەننا و ئەحمەد سوبحی مەنسوور، کە ئەمانە لە کەسایەتییە فیکری و زانستییە دیارەکانی ناوەندە ئیسلامییەکە بوون، کە بەهۆی هەندێ لە بۆچوونەکانیانەوە لەلایەن ناوەندە خانەخوێ کلاسیکەکەوە تۆمەتی شێواندنی ئاینیان دراوەتە پاڵ و سەرکۆنە کراون.

## نووسەرە عەلمانییەکان

### تەها حوسێن (١٨٨٩-١٩٧٣)

تەها حسێن لە ساڵی ١٩٢٦دا کتێبی "في الشعر الجاهلي" دەرکرد، بەو هۆیەوە لە ئایار/مایۆی هەمان ساڵدا دوای سکاڵای قوتابییەکی ئەزهەر کە نووسەری بە نکولیکردن لە راستیی هەندێ لە رووداوە مێژووییەکانی ناو قورئان و بەدرۆخستنەوەی قورئان تۆمەتبار کرد و ئەزهەریش لەوەدا پشتگیریی سکاڵاکاری کرد، دادگەیی کرا، بەڵام دواتر لە ٣٠ ئادار/مارسی ١٩٢٧دا دادگە بەبێتاوان دەریکرد بەپاساوی ئەوەی "مەبەستی تاوانکارانە" لە کارەکەدا نەبووە.

### نەجیب مەحفوز (١٩١١-٢٠٠٦)

کوڕانی گەڕەکەکەمان "أولاد حارتنا" رۆمانێکە لە نووسینی نەجیب مەحفووز، ئەو تاکە نووسەرە عەرەبەی توانی لە ساڵی ١٩٨٨دا خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیات وەربگرێ. یەکێکە لە رۆمانە بەناوبانگەکانی کە لەکاتی بەخشینی خەڵاتەکەدا ئاماژەی پێ دراوە. ئەو رۆمانە هەر لەو کاتەی بۆ یەکەم جار رۆژانە لە رۆژنامەی (الاهرام)ی میسری بە زنجیرە بڵاوکرایەوە هەرایەکی بەرفراوانی نایەوە. کتێبەکە یەکەم جار لە (دار الاداب) لە بەیروت لە ساڵی ١٩٦٢ چاپ کراوە و تا کۆتاییەکانی ٢٠٠٦ لە میسر بڵاو نەکرایەوە.

هەر لەو کاتەی لە رۆژنامەی ناوبراودا بڵاو کرایەوە لەلایەن شێخەکانی زانکۆی ئەزهەرەوە بەتوندی هێرشی کرایە سەر و داوای راگرتنیان کرد، بەڵام محەمەد حەسەنێن هەیکەل کە ئەو کاتە سەرنووسەری الاهرام بوو ئەو داوایەی رەت کردەوە و تەواوی رۆمانەکەی بە زنجیرە بڵاو کردەوە، بەڵام لە میسر وەك کتێب بڵاو نەکرایەوە. سەرەنجام مەحفوز و حەسەن سەبری خولی، نوێنەری تایبەتی جەمال عەبدولناسر، رێك کەوتن بەبێ مۆڵەتی ئەزهەر بڵاو نەکرێتەوە. بۆیە لە لوبنان چاپ کرا بەڵام رێی پێ نەدرا بە ئاشکرا بێتە ناو میسر.

مەحفووز بەهۆی ئەو رۆمانەوە کافر کرا و تۆمەتی ئیلحاد و زەندەقەی درایە پاڵ. هەندێ لە زانایانی ئاینیی میسری، هەمان حوکمی هەڵگەڕانەوەی سەلمان روشدی خاوەنی کتێبی "ئایات شەیتانی"یان بۆ نەجیب مەحفوری دانەری "اولاد حارتنا" داناوە بە دوور نازانرێ ئەو فتوایە کاریگەریی هەبووبێ لەسەر هەوڵی کوشتنی مەحفوز بە چەقۆ لەلایەن لاوێکەوە لە ئۆکتۆبەری ١٩٩٤دا.

رەخنەی مەلاکان لە رۆمانەکە لەو رووەوەیە کە کارەکتەری خوای لە کەسایەتی جەبلاویدا بەرجەستە کردووە، ئەمە جگە لە کەسایەتییەکانی پێغەمبەران ئادەم و ئیدریس و پێغەمبەری ئیسلام و هەندێ لە هاوەڵەکانی.

لە رۆمانەکانی: عبث الأقدار/ رادوبيس (١٩٤٣)/ كفاح طيبة (١٩٤٤)/ القاهرة الجديدة (١٩٤٥)/ خان الخليلي (١٩٤٦)/ زقاق المدق (١٩٤٧)/ السراب (١٩٤٨)/ الطريق (١٩٦٤)/ الشحاذ (١٩٦٥)/ أولاد حارتنا/ يوم مقتل الزعيم (١٩٨٥).

### فەرەج فۆدە (١٩٤٥- ١٩٩٢)

نووسەر و بیرمەندێکی عەلمانیی میسرییە. داوای جیاکردنەوەی ئاین و دەوڵەتی دەکرد. بۆچوونەکانی فۆدە جێی مشتومڕ بوو لەنێوان رۆشنبیران و بیرمەندان و پیاوانی ئاینیدا. لە ساڵی ١٩٩٢دا بەرەی زانایانی ئەزهەر لە بەیاننامەیەکیدا لە رۆژنامەی "النور"دا حوکمی کافرکردنی ناوبراوی دەرکرد.

له کتێبەکانی (الحقيقة الغائبة، زواج المتعة، نكون أو لا نكون، النذير، الإرهاب، حوار حول العلمانيية، قبل السقوط).
له ٨ حوزەیرانی/یۆنیۆی ١٩٩٢دا له بەردەم نووسینگەکەی خۆیدا له قاهیره تیرۆر کرا. توانرا بکوژەکەی دەستگیر بکرێ و له بەردەم دادگەدا رایگەیاند بۆیه فۆدەی کوشتووه چونکه کافر بووه. کاتێ لێی دەپرسن: له کام کتێبیدا زانیت کافره؟ وەلامی دایەوه که کتێبەکانی نەخوێندووەتەوه چونکه ئەو "نەخوێندەوار"ە.

### نەسر حامد ئەبو زید (١٩٤٣ - ٢٠١٠)

بیرمەند و ئەکادیمییەکی میسرییه، پسپۆڕی توێژینەوه ئیسلامییەکان و زمانی عەرەبی و زانسته مرۆڤایەتییەکان بوو.
له ناوەڕستەکانی نەوەدەکاندا کتێبەکانی هەرا و مشتومڕێکی ئیعلامیی گەورەیان نایەوه، به ئیلحاد و هەڵگەڕانەوه له ئاین تۆمەتبار کرا و بەو هۆیەوه بەپێی یاسای حیسبه له یاسای باری کەسایەتی بەپێی مەزهەبی ئیمامی حەنەفی، که له میسر کاری پێ دەکرێ، دادگه به زۆر خێزانەکەی (د.ئیبتیهال یونس) لێ جیا کردەوه بەو پاساوەی "ناکرێ ئافرەتی موسڵمان مێرد به ناموسڵمان بکات". دواتر لەگەڵ هاوسەرەکەیدا چوونه هەندەران و له هۆڵەندا گیرسانەوه. له ٢٠١٠دا بەهۆی ڤایرۆسێکی نامۆوه گیانی لەدەست دا.
له کتێبەکانی: الاتجاه العقلي في التفسير/ فلسفة التأويل/ نقد الخطاب الديني/ النص السلطة الحقيقة/ التفكير في زمن التكفير.

### محەمەد شەحرور (١٩٣٨-)

بیرمەند و ئەندازیاره له زانکۆی دیمەشق. له ساڵی ١٩٩٠ کتێبی (الكتاب و القران)ی دەرکرد که تێیدا هەندێ له تەکنیکه زمانەوانییەکان له ڕاڤەکردنی ئایەتەکانی قورئاندا بەکار دێنێ و واتای نوێ و ناباو به چەمك و ئایەتەکانی قورئان دەدات، لەوانه واتاکانی "كتاب، قلم، حجاب، نساء، طاعة الرسول و...هتد". ئەوەیش مشتومڕێکی گەورەی نایەوه و چەندین کتێب و لێکۆڵینەوه بۆ ڕەتدانەوەی دەرچوون.
له کتێبەکانی
الكتاب والقرآن – قراءة معاصرة ١٩٩٠
دراسات إسلامية معاصرة في الدولة والمجتمع ١٩٩٤
الإسلام والإيمان – منظومة القيم ١٩٩٦
القصص القرآني – قراءة معاصرة -المجلد الأول: مدخل إلى القصص وقصة آدم ٢٠١٠

*** ***

## نووسەرە ئاینییەکان

### شێخ عەلی عەبدولرازق (١٨٨٨-١٩٦٦)

یەکێك بوو لە زانا ئاینییەکانی میسر و بڕوانامەی پلەی جیهانییەتی (العالمیه)ی لە زانکۆی ئەزهەر وەرگرت. لە ساڵی ١٩٢٥دا و لە سەروبەندی رووخانی دەوڵەتی خەلافەتی عوسمانیدا کتێبی ئیسلام و بنەمانی حوکم (الاسلام و اصول الحکم)ی دەرکرد، کە تێیدا بانگەشە بۆ جیابوونەوەی ئاین لە دەوڵەت دەکات و هەوڵ دەدات بە پشتبەستن بە خوێندنەوەیەکی تایبەتی خۆی بۆ دەقە دامەزرێنەرەکانی ئاینی ئیسلام بیسەلمێنێ کە خەلافەت و دەوڵەتداریکردن بەشێك نین لە ئەرك و ئامانجەکانی ئیسلام.

ئەم کتێبە هەرایەکی گەورەی لە ناوەندە زانستییە ئاینییەکەی ئەو کاتەدا نایەوە و ئەزهەر بەڕەسمی لە کتێبێکدا بەناونیشانی (نقد کتاب الاسلام واصول الحکم) وەڵامی شێخ عەبدوڕەزاقی دایەوە و شاڵاوێکی گەورەی کردە سەری تەنانەت بڕوانامەی عالەمییەتەکەیشی لێ کێشایەوە.

هەندێ لە توێژەرانی ئیسلامیی هاوچەرخ سڵ ناکەنەوە لەوەی بڵێن ئەو کتێبە شێخ عەلی عەبدوڕەزاق نەینووسیوە، بەڵکو نووسەرێکی خۆرئاوایی نووسیویەتی و بەپێی رێکەوتنێك دراوەتە پاڵ ئەو زانایەی ئەزهەر، ئەویش تا قبووڵکردنی بیرۆکەکانی لای خەڵکە موسڵمانەکە ئاسانتر بێ، بەڵگەیشیان ئەوەیە پێشتر نووسەر ئەو جۆرە بۆچوونەی لەبارەی خەلافەتەوە نەبووە و تەنانەت پاش دەرچوونی ئەو کتێبەیش هەندێ بەرهەمی هەن کە تێیاندا هەمان بۆچوونە کلاسیکییەکەی ناوەندە ئاینییەکەی هەیە.

### مستەفا مەحموود (١٩٢١-٢٠٠٩)

یەکێکە لە زانا و بیرمەندە ئیسلامییەکانی میسر. لە سەردەمی جەمال عەبدولناسردا لەسەر کتێبی (الله والانسان) بەتۆمەتی کافربوون لەلایەن ئەزهەرەوە درایە دادگە، بەڵام دادگە تەنیا بڕیاری دەستبەسەرداگرتنی کتێبەکەی دەرکرد. دواتر ئەنوەر سادات هات و پێی راگەیاند کە موعجیبە بە کتێبەکە و جارێکیتر چاپی کردەوە.

دووەم تەنگژە کە بەهۆی نووسینەکانییەوە تووشی بوو، ئەو هەرایە بوو کە بەهۆی کتێبی "الشفاعة"وە لە دژی بەرپا کرا. لەو کتێبەدا نووسەر جەختی لەوە کرد شەفاعەتی راستەقینە ئەوە نییە کە زانایانی حەدیس باسی دەکەن. بەو هۆیەوە بەتوندی هێرشی کرایە سەر و تەکفیر کرا و ١٤ کتێب لە دژی دەرکرا، لە سەروویانەوە کتێبێکی د.محەمەد فوئاد شاکر مامۆستای شەریعەتی ئیسلامی بوو، کە مەحموودی تۆمەتبار کرد بەوەی ئەو تەنیا پزیشکێکە و پێوەندی بە زانستی شەرعییەوە نییە. بەهۆی ئەو هێرشەوە وازی لە نووسین هێنا و گۆشەگیری هەڵبژارد، تا لە ساڵی ٢٠٠٣دا تووشی جەڵتەی دەماغ بوو.

مستەفا مەحمود ٨٩ کتێبی زانستی و ئاینی و فەلسەفی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئەدەبی نووسیوە و نزیکەی ٤٠٠ ئەڵقە لە بەرنامەی زانست و باوەڕ (العلم والایمان)ی لە تەلەفزیۆنی میسرەوە ئامادە و پێشکەش کرد، کە جەماوەرێکی بەرفراوانی لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا هەبوو.

له كتێبەكانی: زيارة للجنة والنار/ علم نفس قرآني جديد/ الإسلام السياسي والمعركة القادمة/ الله والإنسان/ لغز الموت/ لغز الحياة/ أينشتين والنسبية/ رحلتي من الشك إلى الإيمان/ الروح والجسد/ الوجود والعدم/ جهنم الصغرى/ الشفاعة .

*** ****

**عەبدولسەبور شاهین (١٩٢٨-٢٠١٠)**

بیرمەندێكی ئیسلامییە و لە دیارترین بانگخوازە ئیسلامییەكانە لە میسر و جیهانی ئیسلامیدا.
ماوەیەك مامۆستای بەشی دیراساتی ئیسلامی و عەرەبی بوو لە زانكۆی شافەهد بۆ پێترۆڵ و كانزاكان بووە، نێزیكەی ٦٥ كتێبی هەیە، دیارترینیان كتێبێكە لەبارەی قورئانی پیرۆزەوە كە لە ١٠ بەرگ پێك دێ، هەروەها زنجیرە كتێبێك بەناوی "نساء وراء الاحداث" كە ١١٠ كتێبە.

بڵاوكردنەوەی كتێبی باوكم ئادەم "ابي ادم" لەلایەن شاهینەوە لە كۆتایی نەوەدەكاندا هەرایەكی گەورەی نایەوە و بەهۆیەوە لەسەر سكاڵایەكی شێخ یوسف ئەلبەدری، دادگە بڕیاری دا ژنەكەی لێ جیا بكرێتەوە.
سەیر لەوەدایە شاهین یەكێك بوو لەو كەسانەی بەتۆمەتی كفركردن سكاڵایان لە دژی نەسر حامید ئەبوزەید تۆمار كرد و بەهۆیەوە دادگە بڕیاری جیاكردنەوەی ئەبوزەید و ژنەكەی دەركرد.
عەبدولسەبور شاهین لەو كتێبەدا پێی وایە ئادەم بابەگەورەی مرۆڤە نەك بابەگەورەی بەشەر كە بوونەوەرێكی ئاژەڵین و پێش لە مرۆڤ هەبوون، لەنێو ئەواندا خوا ئادەمی هەڵبژارد تا ببێتە باوكی مرۆڤ، كە قورئان بە نەفخی رۆح (النفخ فى الروح) ناوی دەبات، خوا رەگەزی بەشەری لەناو برد و كەس نەمایەوە جگە لە ئادەم. شاهین چەندین ئایەت بە بەڵگە دێنێتەوە كە بەشەر پێش مرۆڤ هەبوون، بەڵام بەهۆی نەفخە خوداییەكەوە رێك نەخرابوون، هەر ئەوەیش وای كرد فریشتەكان بە سەرسوڕمانەوە بە پەروەردگار بڵێن "ئایا تۆ كەسێك دەكەیتە جێنشین كە خراپەكاری بكات و خوێنڕێژی بكات" (أتجعل فيها من يفسد فيها ويسفك الدماء)، شاهین پێی وایە ئەم قسەیە پێش هەڵبژاردنی ئادەم و رێكخستن و رۆحبەبەرداكردنی بووە، كە بەو هۆیەوە عەقڵی پەیدا كرد و بوو بە شارستانی. بۆیە خوا دەڵێ: "ئەگەر رێكم كرد و لە رۆحی خۆم فووم پێدا كرد سوژدەی بۆ ببەن". بەكورتی ئادەم لە باوك و دایكێكی بەشەر لەدایك بووە ، دواتر پەرەی سەندووە و بووەتە مرۆڤ و عەقڵی پەیدا كردووە و خۆی پابەندی یاساكان كردووە.
له كتێبەكانی: أبي آدم/ دستور الأخلاق في القرآن/ مفصل آيات القرآن، ترتيب معجمي/ تاريخ القرآن.
*** ****

**حەسەن تورابی (١٩٣١- )**

لە دیارترین بیرمەند و سەركردە ئیسلامیەكانی دنیایە و یەكێكە لە موجتەهیدەكان لە بواری فیكر و فیقهی ئیسلامیدا، خاوەنی چەندین بۆچوون و ئیجتیهادی نوێ و نامۆیە بە بیركردنەوەی كلاسیكیی ناوەندە زانستی و سیاسییە ئاینییەكانە.

لەو بیروبۆچوونانەی کە مشتومڕ و هەرایان لە ناوەندە ئاینییەکەدا دروست کردووە فتوایەکیەتی کە لە ساڵی ٢٠٠٦دا لە کۆبوونەوەیەکدا دا ئاشکرای کرد، کە تێیدا رێگە بە شووکردنی ئافرەتی موسڵمان بە پیاوی ئەهلی کیتاب دەدات، کە ئەوە پێچەوانەی هەر چوار مەزهەبەکەی ئەهلی سوننەیە.

لەسەر ئەو بۆچوونانەی هەندێ لە زانایانی موسڵمانی سودانی بە زەندیقی و کافربوون و دەرچوون لە ئیسلام تۆمەتبار کرا.

*** ***

## جەمال بەننا (١٩٢٠-٢٠١٣)

بیرمەندێکی ئیسلامیی میسرییە و برای حەسەن بەننای دامەزرێنەری کۆمەڵی برایانی موسڵمانی میسرییە، بەڵام فیکری لەگەڵ ئەو گرووپەدا جیاوازە.

خاوەنی چەندین بۆچوون و ئیجتیهادی فیقهییە کە جیاوازە لە بۆچوونی باوی زانا موسڵمانەکان، بۆ نموونە پێی وایە ئافرەت بۆی هەیە ئیمامەتی نوێژ بکات ئەگەر زاناتر بوو لە قورئاندا. هەروەك پێی وایە حیجاب لەسەر ئافرەت فەرز نییە و قورئان ئەو حوکمەی تایبەت بۆ ئافرەتانی پێغەمبەر هێناوە. پێی وایە چوونە سەر ئاینی جولەکایەتی و مەسیحیەت حەدی کوشتنی لەسەر نییە. هەروەك پێی وایە جگەرەکێشان رۆژوو ناشکێنێ بەتایبەت بۆ ئەوانەی ناتوانن وازی لێ بێنن. بۆچوونەکانی جێی مشتومڕێکی بەرفراوانن.

لە کتێبەکانی: المرأة المسلمة بين تحرير القرآن وتقييد الفقهاء/ الحجاب/ جواز إمامة المرأة الرجال/ الإسلام والعقلانيية/ حرية الاعتقاد في الإسلام/ مسؤولية فشل الدولة الإسلامية في العصر الحديث/ قضية الحرية في الإسلام/ قضية القبلات/ هل يمكن تطبيق الشريعة؟/ الإسلام دين وأمة وليس دينًا ودولة/ تفنيد دعوى حد الردة .

*** ****

## ئەحمەد سوبحی مەنسوور ( )

بیرمەندێکی ئیسلامیی میسرییە، مامۆستا بوو لە زانکۆی ئەزهەر، بەهۆی نکولیکردنی لە سوننە و دانانی قورئان بە تاکە سەرچاوەی یاسادانانی ئیسلامی لە هەشتاکاندا لە کارەکەی دوور خرایەوە.

لە ساڵی ١٩٧٧ەوە بزاوتەکەی خۆی بۆ کردنی قورئان بە تاکە مەرجەع دەست پێ کردووە، بەو هۆیەوە هەندێ لە کتێبەکانی دەستیان بەسەردا گیراوە و خۆیشی لە مزگەوتێکەوە بۆ یەکێکیتر و لە ناوەندێکی فیکرییەوە بۆ یەکێکیتر دوور دەخرایەوە، تا لە سەنتەری ئیبن خەلدوندا گیرسایەوە و ٥ ساڵ تێیدا مایەوە تا حکوومەتی میسری سەنتەری ناوبراوی داخست و دکتۆر ئەحمەدی سوبحیش دەرکرا و رووی کردە ئەمەریکا. لە ساڵی ٢٠٠٤ەوە لە ئینتەرنێتدا بیروبۆچوونەکانی لەبارەی پرسە جۆراوجۆرەکانی بیر و فیقهی ئیسلامی بڵاو دەکاتەوە.

بە باوکی رۆحیی "قورئانییەکان" و میتۆدی تەنیا پشتبەستن بە قورئان دادەنرێ. لە دیارترین بیروبۆچوونە جیاوازەکانی مەنسوور ئەمانەن: دابەشکردنی کوفر بۆ کوفری سلوکی و کوفری عەقائیدی، سڵاواتدان لەسەر پێغەمبەر بە واتای بەسەرمەشقکردنی پێغەمبەر دێ، شایەتیدان بۆ پێغەمبەر لە شایەتوماندا بە جۆرێك لە شیرك دادەنێ، بوونی ناوی پێغەمبەر لە بانگداندا بە شیرك دادەنێ، پێغەمبەری ئیسلام باشترینی پێغەمبەرانی خوا نییە، فتوحاتە ئیسلامییەکان پرۆسەیەکی داگیرکاری بوون لەپێناو بەژەوەندیی مادیدا، دەکرێ ئافرەتی موسڵمان مێرد بە پیاوی جولەکە و مەسیحی بکات.

*** ***

**بسەنت ڕەشاد**

لە ٢٠٠٤دا بسەنت ڕەشاد، کە ژنە نووسەرێکی گەنجی میسرییە کتێبێکی بەناوی "الحب والجنس في حياة النبي" بڵاو کردەوە و هەرایەکی گەورەی لە میسردا بەرپا کرد و بە سووکایەتکردن بە پێغەمبەر لەقەڵەم درا، بەڵان بسەنت ڕەشاد لە دیمانەیەکی کەناڵی عەرەبیەدا لە ١١-٤-٢٠٠٨ کە "ترکی الدخیل" لەگەڵی ئەنجامیدا ڕەتی کردەوە کتێبەکەی سووکایەتی تێدا بێ، گوتی "هیچ کەسێك چەندە زانا و ئازاد بێ بۆی نییە سووکایەتی بە پێغەمبەر بکات، چونکە ئەو پاکتر و بڵندترە لەوەی سووکایەتی پێ بکرێ".

هەروەها گوتی "ئامانجی کتێبەکە پاڵەفتەکردنی سوننەیە".

**** ***

## هەرای وێنە کاریکاتێرییەکان

لە ٣٠ سێپتەمبەری ٢٠٠٥دا رۆژنامەی "یۆلاندس بۆستن"ی دانیمارکی ١٢ وێنەی کاریکاتێریی پێغەمبەری بڵاو کردەوە و دوای کەمتر لە هەفتەیەك و لە ١٠ یەنایەری ٢٠٠٦دا رۆژنامەکانی "مەگەزینێت"ی نەرویجی و "دی فیلت"ی ئەڵمانی و "فرانس سۆیەر"ی فەرەنسی و چەندین رۆژنامەی تری ئەوروپی ئەو وێنە کاریکاتێرییانەیان بڵاو کردەوە.

ئەو کارە کاردانەوەی توندی لەسەر هەردوو ئاستی میللی و رەسمی لە جیهانی ئیسلامیدا دروست کرد و بەو هۆیەوە گەورە نووسەری رۆژنامەی فرانس سۆیەر لەلایەن سەرنووسەر و خاوەن ئیمتیازی رۆژنامەکەوە لە کارەکەی لابرا. لە دیمەشق لە ٤ فێبرایەری ٢٠٠٦دا خۆپیشاندەران ئاگریان بەردایە ئەو تەلارەی هەردوو باڵیۆزخانەی دانیمارك و نەرویجی تێدا بوو، لە ٥ فێبرایەر کونسوڵخانەی دانیمارك لە بەیروت سووتێنرا.

لە ٣٠ سێپتەمبەری ٢٠٠٥دا لە رۆژنامەی "یۆلاندس بۆستن" لە لاپەڕەی سێیەمی خۆیدا وتارێکی بەناونیشانی "روومەتی محەمەد" و لەگەڵ وتارەکەیشدا ١٢ وێنەی بڵاوکردەوە، هەندێکیان سووکایەتییان بەرامبەر پێغەمبەر تێدا بوو. رەوەندی ئیسلامی هەڵمەتێکی بۆ راگرتنی بڵاوکردنەوەی وێنەکانی دەست پێ کرد بەڵام بێسوود بوو، حکومەتیش بەناوی ئازادیی دەربڕینەوە پشتگیری لە رۆژنامەکە کرد.

**سەرەتاکان**

سەرەتای چیرۆکەکە لەوەوە سەری هەڵدا کە لە ١٧ی سێتەمبەری ٢٠٠٥دا رۆژنامەی Politiken ی دانیمارکی وتارێکی بڵاو کردەوە بەناونیشانی "تۆقین لە رەخنەگرتن لە ئیسلام" تێیدا باسی لەو زەحمەتییانە کرد کە روو بەڕووی رۆژنامەنووسی دانیمارکی کاری بلوتکین بوویەوە کە کتێبێکی لەبارەی ژیانی پێغەمبەرەوە بۆ منداڵان نووسیبوو بەناونیشانی "قورئان و ژیانی پێغەمبەر محەمەد"Koranen og profeten Muhammeds "، بەڵام نەیدەتوانی وێنەکێشەکان قایل بکات کە چەند وێنەیەکی (محەمەد) بۆ کتێبەکەی دروست بکەن، ئەم هەواڵە گەیشتەوە رۆژنامەی "یۆلاندس بۆستن"، ئەویش لای خۆیەوە بڕیاری دا پێشبڕکێیەك لەنێوان ٤٠ کاریکاتێریست رێك بخات بۆ گوزارشتکردن لەو زەحمەتییانەی هاتووەتە رێی بلوتکن لە دەستنەکەوتنی وێنەکێشێك کە وێنەکانی نێو کتێبەکەی بۆ بکێشن، هەروەها ئەوە دەربخەن کە هیچ هونەرمەندێك نییە ئامادە بێ وێنەیەك بۆ محەمەد بکێشن لە کتێبێکی منداڵاندا بەبێ ئەوەی ناوی خۆیان بە نهێنی بهێڵنەوە. (٤)

لە پێشبڕکێکەدا ٣ لە وێنەکێشەکان کشانەوە و یەکێکیان کشانەوەکەی بەوە پاساو دایەوە کە مەترسی ئەوەی هەیە هەمان چارەنووسی سیۆ ڤان کوخی دەرهێنەری هەبێ، کە دوای بەرهەمهێنانی کورتە فیلمێکی ١٠ خولەکی بەناونیشانی ملکەچکردن Submission کە تێیدا قورئانی بە خراپ مامەڵەکردن لەگەڵ ئافرەتدا تۆمەتبار کردبوو و بەو هۆیەوە لەلایەن محەمەد بوەیریی هۆڵەندی بە رەگەز مەغریبییەوە کوژرا.

وێنەکێشێکی تر بەوە پاساوی کشانەوەکەی دایەوە کە مەترسی لەوە هەیە بە دەردی مامۆستایەکی پەیمانگەی Carsten Niebuhr Institute لە کۆپنهاگن بچێ کە لە ئۆکتۆبەری ٢٠٠٤دا لەلایەن ٥ قوتابییەوە هێرشی کرایەسەر و لێی درا، لەبەرئەوەی –وەك هەندێ سەرچاوە باسیان کرد– چەند دەقێکی قورئانی بۆ کۆمەڵێ خەڵکی ناموسڵمان خوێندووەتەوە.

کشانەوەی ئەو هونەرمەندانە لە پێشبڕکێکە جۆرێك لە گیانی تەحەدای لای سەرنووسەرەکە دروست کرد، کە ئەوەی بە ناکۆك لەگەڵ ئازادیی دەربڕین دانا.

# وێنەکانی پێغەمبەر

لەو موفارەقانەی لە قەیرانی بڵاوکردنەوەی وێنە کاریکاتێرییەکانی رۆژنامەی یولاندس بۆستن لەبارەی پێغەمبەری ئیسلام بەرچاو دەکەوێ ئەوەیە کە راگەیاندن تا رادەی نیمچە فەرامۆشکردن کتێبی (قورئان و ژیانی پێغەمبەر محەمەد)ی رۆژنامەنووس کاری بلوتکنیان فەرامۆش کردووە، لەکاتێکدا ئەو کتێبە زیاتر لە ١٥ وێنە و نەخشەی تێدایە، کە لەلایەن وێنەکێشێکی گومناوەوە کێشراون بۆ روونکردنەوە لەکاتی گێڕانەوەی چیرۆکەکەدا دانراون. ئەم کتێبە بۆ منداڵان نووسراوە تا وێنەیەکی سادە و سەرەتاییان لەبارەی ژیانی پێغەمبەری ئیسلامەوە پێ بدات. بەڵام هیچکام لەو وێنانەیان لەنێودا نییە کە هەرا میدیاییەکە و کاردانەوە تووڕەکانیان لێکەوتەوە. وێنەکانی نێو کتێبەکە بەشێوەیەکی ئاسایی و کلاسیکی دوور لە گاڵتەجاڕی کێشراون، هەر وەك وێنەی خەلیفە عەباسی و ئومەوییەکان و زانایانی موسڵمانان لەو کتێبانەدا کە بۆ منداڵان نووسراون.

وێنەی بەرگەکە تایبەتە بە رووداوی ئیسرا و میعراج، تێیدا پیاوێکی ریشدار شیرێکی بە قەدەوەیە بەسەر ئەسپێکەوە کە روومەتی هی ئافرەتە و دوو باڵی هەیە.

وێنەی دووەم وێنەی پیاوێکی ریشدارە لە ئەشکەوتێکدا، کە وا دیارە لەناکاودا پیاوێکی کەوتووەتە بەرچاو کە دوو باڵی هەیە، پێدەچێ وێنەیەکی روونکاری بێ بۆ یەکەم هاتنی نیگا بۆ پێغەمبەر لەلایەن جبریلەوە.

وێنەی سێیەم وێنەی کەسێکی ریشدارە قسە بۆ چوار پیاو و ژنێك دەکات و وا دیارە باسی سەردەمی بڵاوکردنەوەی بانگەوازی ئیسلام دەکات لە شاری مەککەدا.

هەروەها چەند وێنەیەکی تری تێدایە، لەوانە وێنەی کچۆڵەیەکە لەسەر رانی پیاوێکی ریشدار دانیشتووە کە لە تەنیشتیاندا پیاوێکی ریشدار بەپێوە وەستاوە، ئەوەیش وێنەی خوازبێنیکردنی عائیشەیە لەلایەن پێغەمبەرەوە لە ئەبوبەکری باوکی.

هەروەها وێنەی چەند پیاوێکی لەدواوە کەلەپچەکراوی تێدایە کە لەلایەن خەڵکانێکی ترەوە دەکوژرێن و ژنانیش شیوەن و رۆڕۆیانە، ئەم وێنەیە دیمەنی شەڕی خەیبەر لەگەڵ جولەکەکانی بەنوقورەیزە پیشان دەدات. هەروەها وێنەی پیاوێکی تێدایە کە بە دارشەقەکەی بتەکانی نێو کەعبە دەخات، ئەوەیش رووداوی فەتحی مەککە پیشان دەدات. هەندێ وێنەیتریش باسی شەڕە جۆراوجۆرەکان دەکەن، ئەمە جگە لە ٣ نەخشەی روونکاری بۆ نیوە دوورگەی عەرەبی.

## وێنەی پێغەمبەر لە بیری ئیسلامیدا

بەپێی بیروباوەڕی ئیسلامیی باو دروست نییە بەهیچ شێوەیەك وێنەی پێغەمبەر (محەمەد) بکێشرێ، پەیکەری بۆ بتاشرێ، یان لە کەسایەتیی ئەو لە کارە درامابیەکاندا بەرجەستە بکرێ. لە فیلمی (الرسالە)دا کە لە لەلایەن دەرهێنەری کۆچکردوو (مستەفا ئەلعەقاد)ەوە بەرهەم هاتووە و ناوبانگێکی گەورەی هەیە و چیرۆکی سەرهەڵدانی ئیسلام بەرجەستە دەکات، کەسایەتیی پێغەمبەر بەرجەستە نەکراوە و بە هێما و لەسەر زاری کارەکتەرەکانیتر هێما بۆ شوێنەکەی و قسەکانی دەکرێ.

لە سەدەکانی ناوەڕاستدا لەژێر کاریگەریی ئاین و نەتەوە ناموسڵمانەکاندا هەندێ وێنە بۆ پێغەمبەر کێشران، بەڵام قەت وێنەی دەموچاوی نەکێشرا، ئەو وێنانە لە ئێرانی کۆندا باو بوون.

## وێنەی پێغەمبەر لە مێژوودا

چەندین وێنە بۆ پێغەمبەری ئیسلام لە چەندین لە کتێبی مێژوویيە کۆنەکاندا کێشراون، ئەمانەی خوارەوە هەندێکیانن:

لاپەڕەی یەکەمی کتێبی "ژیانی محەمەد"ی نووسەری فەرەنسی سیور دی ریار .Sieur De Ryer لە ساڵی ١٧١٩دا.

لاپەڕەیەکی کتێبی "ژیانی محەمەد"ی نووسەری هۆڵەندی ئێم پریدێکسM. Prideaux تێیدا کەسێك بە دەستی راستی شیرێکی پێیە و پێی چەپی خستووەتە سەر گۆی زەوی، هیلال بە دەستی چەپیەتی و دە راسپاردەکەیش لەسەر باڵینی.

وێنەیەك کە مێژووەکەی بۆ سەدەکانی ناوەڕاست لە ئیسپانیا دەگەڕێتەوە، کۆترێکی سپی لەسەر شانی چەپیەتی کە دەنووکی کۆترەکە لە نزیك گوێی پیاوەکەیە، ئەو پیاوە قسە بۆ ٣ پیاو و ٢ ژن دەکات. وێنەکە لە وێناکردنی هەندێ لە مەسیحییە توندڕەوەکانی کەنیسەی ئیسپانی بۆ کەسایەتیی پێغەمبەر وەرگیراوە، تێیدا ئۆلجیۆس، کە یەکێك بووە لەوانەی مەترسییان لە کاریگەری کشانی ئیسلام هەبووە لە ئیسپانیا، باسی لە پێغەمبەر کردووە وەك پیاوێك کە خەڵك دەخەڵەتێنێ لەرێی دانانی دەنکە گەنم لەپشت گوێیەوە تا باڵندە لەسەر شانی بنیشنەوە و دەنووکی نزیکی گوێی دەکاتەوە تا خەڵك وا بزانن باڵندەکە پەیامێکی ئاسمانی بە گوێدا دەچرپێنێ.

لە کتێبی "ژياننامەی پێغەمبەر"دا کە وەرگێڕانێکی تورکییە بۆ کتێبی ژياننامەی پێغەمبەر بەپێی گێڕانەوەی ئیبن ئیسحاق. ئەم کتێبە ساڵی ١٣٨٨ دەرچووە و لە سەردەمی مورادی چوارەمدا جارێکی تر چاپ کراوەتەوە، بەڵام لە وێنەکەدا پەردەیەك لەسەر دەموچاوی پێغەمبەر هەیە.

لە کتێبی "جامع التواريخ"ی رەشیدەدین کە لە ساڵی ١٣٢٤دا نووسراوە و ئێستە لە کتێبخانەی ئەدەنبرەیە، بەڵام ئادگاری دەموچوی دیار نییە.

وێنەیەك لە کتێبخانەی زانکۆی کالیفۆرنیایە کە وێنەکێشێکی تورکی کێشاویەتی، بەڵام مێژووی وێنەکێشانەکانی دیار نییە، کە تێیدا ئافرەتێك کۆرپەیەکی لە ئامێزدایە و وێنەی ئامینەی کچی وەهەب و پێغەمبەر محەمەدە، بەڵام ئادگارەکانی دەموچاویان ئاشکرا نەکراوە.

وێنەیەك باسی ئیسرا و میعراج دەکات بۆ ساڵی ١٥٧٠ دەگەڕێتەوە لە مۆزەخانەی سان فرانسیسکۆ، ئەویش وێنەی دەموچاوی تێدا ئاشکرا نەکراوە

وێنەیەك لە ئێرانی کۆنەوە کە بۆ سەدەی چواردەیەم دەگەڕێتەوە، تێیدا کەسێکی باڵدار قسە بۆ کەسێکی دانیشتوو دەکات و دیسان ئادگارەکانی روومەت دیار نین.

وێنەیەك لە شاری تەبرێزی ئێران کێشراوە لە ساڵی ١٣١٥دا لە کتێبێکدا بەناوی "جمائل التاريخ" کە ئێستە لە زانکۆی ئەدەنبرەیە.

لە ساڵی ١٩١١دا لە فیلمێکی بێدەنگدا کەسێك کەسایەتیی پێغەمبەری بەرجەستە کرد.

لە ساڵی ١٩٨٨دا لە لا١٣ی نامیلکەیەکدا بەناونیشانی "پێغەمبەر"، جاك چیك Jack Chick.

لە زنجیرە کارتۆنیی ئەمەریکی South Park لە ٤ یۆلیۆی ٢٠٠١دا.

لە گەمەیەکی پلەی ستەیشندا بەناوی گەمەی جەنگی پیرۆزHoly War " تێیدا سیمبوڵە ئاینییەکانی ئاینە جیاوازەکان شەڕ دەکەن.

چەند وێنەیەکی کاریکاتێری لە نەوەدەکاندا لە رۆژنامەکانی هۆڵەندا و فەرەنسادا. هەروەها وێنەیەك کەلەلایەن ژنە کاریکاتێریستێکی ئیسرائیلییەوە کێشرابوون بەناوی تاتیانا سوسکن لەساڵی ١٩٩٧دا، بەڵام رۆژنامەکان قایل نەبوون بڵاوی بکەنەوە، هەر بۆیە خۆی لە شاری خەلیلی فەلەستین بڵاوی کردەوە.

**کاردانەوەکانی وێنە کاریکاتێرییەکان**

– 9 ئۆکتۆبەری ٢٠٠٥: کۆمەڵەی موسڵمانانی دانیمارک Danish Islamisk Trossamfund داوای لە ڕۆژنامەی یولاندس بوستن کرد لەسەر بڵاوکردنەوەی وێنە کاریکاتێرییەکان داوای لێبوردن لە موسڵمانان بکات.

– 14 ئۆکتۆبەر ٢٠٠٥: ٣٥٠٠ کەس خۆپیشاندانێکی هێمنانەیان لە بەردەم بارەگای ڕۆژنامەکە لە کۆپنگاگن ئەنجام دا.

– 17 ئۆکتۆبەر ٢٠٠٥: ڕۆژنامەی (الفجر)ی میسری هەندێ لە وێنەکانی بڵاو کردەوە و تەعلیقی لەسەر دان.

– 19 ئۆکتۆبەر ٢٠٠٥: باڵیۆزانی وڵاتانی جەزائیر، بۆسنە و هیرسك، میسر، ئەندەنووسیا، ئێران، مەغریبن پاکستان، لیبیا، سعوودیە، تورکیا و فەلەستین نامەیەکیان ئاراستەی ئەندرس فۆگ ڕاسمۆسن سەرۆك وەزیرانی دانیمارك کرد و داوایان کرد کۆبوونەوەیەکیان لەو بارەوە لەگەڵدا بکات، بەڵام ڕاسمۆسین ئەو کۆبوونەوەی ڕەت کردەوە و ڕای گەیاند حکوومەت ناتوانێ لە مەسەلەی ئازادیی دەربڕیندا خۆ تێوەربدات و هەر بابەتێك پەیوەندی بە هێرشکردنە سەر ئاینەوە هەبێ دەکرێ بۆ دادگە بەرز بکرێتەوە.

– 3 نۆڤێمبەر ٢٠٠٥: ڕۆژنامەی Frankfurter Allgemeine Zeitung لە ئەڵمانیا یەکێك لە وێنە کاریکاتێرییەکانی بڵاو کردەوە.

– ٢٩ دێسەمبەر ٢٠٠٥: کۆمکاری وڵاتانی عەرەبی ڕەخنەی گرت لە ڕۆژنامەکە و شیوەی مامەڵەکردنی حکوومەتی دانیمارکی لەگەڵ ڕووداوەکەدا.

– 26 یەنایەر ٢٠٠٦ عەرەبستانی سعوودی بەمەبەستی ڕاوێژکردن باڵیۆزی خۆی لە دانیمارك کێشایەوە و سعوودییەکان هەڵمەتی بایکۆتکردنی شمەکە دانیمارکییەکانیان دەست پی کرد.

– ٢٩ یەنایەر ٢٠٠٦: لیبیا باڵیۆزخانەی خۆی لە دانیمارك داخست. ئوردن بۆ ڕاوێژکردن باڵیۆزی خۆی لە دانیمارك بانگ کردەوە.

– پەرلەمانی یەمەن سەرکۆنەی ڕۆژنامە دانیماریکییەکەی کرد. هەریەك لە سووریا و بەحرێن سەرکۆنەی بڵاوکردنەوەی وێنە کاریکاتێرییەکانیان کرد.

– لە نابلوسی فەلەستین ئاڵای دانیمارك هاتە سووتان.

– بزووتنەوەی جیهادی ئیسلامیی فەلەستینی مۆڵەتی ٤٨ کاتژمێری بۆ نەرویجییەکان دیاری کرد تا کەرتی غەزە بەجێ بێڵن، بەڵام دواتر ڕەتی کردەوە هەڕەشەی لێ کردبن.

– 30 یەنایەر ٢٠٠٦: ڕۆژنامەی یولاندس پۆستن بە هەردوو زمانی عەرەبی و دانیمارکی پۆزشێك بۆ موسڵمانان بڵاو دەکاتەوە.

میسر هانی هاوڵاتییانی دەدات بایکۆتی بەروبوومە دانیمارکییەکان بکەن.

یەکێتیی ئەورووپی پاڵپشتی لە دانیمارك دەکات و بایکۆتکردنی بەروبومە دانیمارکییەکانی بەپێچەوانەی یاساکانی بازرگانیی جیهانی لەقەڵەم دا.

بەحرێن داوای لە شاژنی دانیمارك مارگریتی دووەم کرد پۆزش بێنێتەوە و هۆشداری دا کە ئەگەر شاژن داوای لێبوردن نەکات رۆژانە ١٥٩ هەزار بەرمیل نەوتی لێ دەبڕی.

ڕۆژنامەی die tageszeitung ئەڵمانی دوو لە وێنە کاریکاتێرییەکان بڵاو کردەوە.

– ١ فێبرایەر ٢٠٠٦: ڕۆژنامەی France Soir فەرەنسی وێنە كاریكاتێرییەكانی بڵاو كردەوە و وێنەی تریشیان بۆ زیاد كرد، هەر هەمان ڕۆژ جاك لیفرانس گەورە بەڕێوەبەری نووسینی ڕۆژنامەكە لەلایەن رامی لەكەحی خاوەن ئیمتیازی ڕۆژنامەكەوە دەركرا.

– ڕۆژنامەكانی Die Welt و Berliner Zeitungی ئەڵمانی، La Stampaی ئیتالی، El Periodicoی ئیسپانی وVolkskrantی هۆڵەندی وێنە كاریكاتێرییەكانیان بڵاو كردەوە.

سووریا باڵیۆزی خۆی لە دینیمارك كێشایەوە .

كیرت ویلدەر سەرۆكی یەكێك لە حزبەكانی هۆڵەندییەكان وێنە كاریكاتێرییەكانی لە پێگەی ڕەسمیی حزبەكە لە ئینتەرنێت دانا.

– 2 فێبرایەر ٢٠٠٦: ڕۆژنامەی Die Zeitی ئەڵمانی یەكێك لە وێنەكانیان بڵاو كردەوە.

ڕۆژنامەی شەیحانی ئوردنی وێنەكانی بڵاو كردەوە و بەو هۆیەوە بەڕێوەبەری ڕۆژنامەكە لە كارەكەی لادرا.

هەردوو ڕۆژنامەی New York Sunئەمەریكی و Le Soir بەلجیكی دوو وێنەیان بڵاو كردەوە.

ڕۆژنامەی فەرەنسی Le Mondeی وێنەكانی بڵاو كردەوە

دەستەی ئێزگەی بەریتانی وێنەكانی پێشان دا.

– 4 فێبرایەر ٢٠٠٦:

ڕۆژنامەی The Dominion Postی نیوزیلەندی وێنە كاریكاتێرییەكانی بڵاو كردەوە.

هەردوو ڕۆژنامەی Rzeczpospolita لە پۆڵەندا و Dagbladet Information لە دانیمارك وێنەكانیان بڵاو كردەوە.

باڵیۆزخانەی دانیمارك و نەرویج لە سووریا سووتێنران و هەردوو وڵات داوایان لە هاوڵاتیانیان كرد سووریا بەجێ بهێڵن.

مەحموود ئەحمەدی نەژادی سەرۆكی ئێران پێشنیازی كرد هەموو ئەوگرێبەستانە هەڵبوەشێنرێنەوە كە ئێران لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی وێنەكانیان بڵاو كردووەتەوە، ئیمزای كردوون.

كۆفی ئەنانی سكرتێری گشتیی نەتەوە یەكگرتووەكان داوای كرد پۆزشەكەی ڕۆژنامە دانیماركییەكە قبووڵ بكرێ.

– 5 فێبرایەر ٢٠٠٦: خەڵاتی ڤیكتۆر كە ساڵانە لەلایەن ڕۆژنامەی ی دانیماركییەوە دەبەخشرێتە ئەو ڕۆژنامانەی بەرگری لە "ئازادیی بیروڕا" دەكەن بەخشرایە ڕۆژنامەی یولاندس بوستن.

ئێران باڵیۆزی خۆی لە دانیمارك كێشایەوە.

لە بەیرووتی پایەتەختی لوبنان ئاگر بەردرایە كونسوڵخانەی دانیمارك.

وەزارەتی گواستنەوەی عێراق گرێبەستەكانی لەگەڵ دانیمارك و نەرویجدا سڕ كرد.

هەزاران موسڵمان لە برۆكسێلی پایتەختی بەلجیكا خۆپێشاندانێكیان ساز كرد.

نزیكەی ٥٠٠ كەس لە پاریس لە دژی وێنە كاریكاتێرییەكان خۆپیشاندانیان كرد.

– 6 فێبرایەر ٢٠٠٦: لە شاری سلێمانی خۆپیشاندانێكی هێمنانە بۆ بەردەم ئەنجوومەنی وەزیران ساز كرا، پێشتریش پەرلەمانی كوردستان سەركۆنەی كارەكەی كرد.

نزیكەی هەزار كەس لە پاریس لە دژی ئەو وێنانە خۆپێشاندانیان كرد.

لە ئەفغانستان لانی كەم ٤ كەس كوژران لە ئەنجامی خۆپێشاندانی نزیكەی ٢ هەزار كەس لە بەردەم بنكەی سەرەكیی هێزەكانی ئەمەریكا لە ئەفغانستان.

دەرەوەی دانیمارك ئامۆژگاری هاوڵاتیانی خۆی کرد کە بەمەبەستی گەشت سەردانی وڵاتانی میسر و مەغریب و تونس و جەزائیر و لیبیا و سودان و عومان و قەتەر و ئیمارات و بەحرێ و ئوردن و ئێران و پاکستان و ئەفانستان نەکەن.

تۆنی بلێری سەرۆك وەزیرانی پێشووتری بەریتانیا، هەروەها سکرتێری پەیمانی باکوری ئەتڵەسی (ناتۆ) پاڵپشتیی تەواوی خۆیان بۆ دانیمارك دەربڕی.

– ٧ فێبرایەر ٢٠٠٦ هەزاران کەس لە ئێران و ئەفغانستان و میسر و پاکستان لەدژی وێنەکان خۆپێشاندانیان کرد.

رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی بەیاننامەیەکی بڵاو کردەوە تێیدا ئاماژەی بەوە دا کە ئازادیی بیروڕا و دەربڕین رەها نییە و پێویستە بە دانایی دەستی بۆ ببرێ.

بزووتنەوەی تالیبانی ئەفغانی داوای لە موسڵمانان کرد "جیهاد" بکەن.

– ٨ فێبرایەر ٢٠٠٦ : رۆژنامەی (الشمس)ی سعوودی جارێکی تر وەك تانەلێدان وێنەکانی بلاو کردەوە، بەو هۆیەوە هەڵمەتێکی لە دژی رۆژنامەکە و لێپێچینەوە لە بەرپرسان لەو بڕیارە دەستی پێ کرد. لە ٢٠ی فێبرایەردا رۆژنامەکە راگیرا و بەڕێوەبەری نووسینی رۆژنامەکەیش لە کار دوور خرایەوە.

هەفتەنامەی ی فەرەنسی وێنە کاریکاتێرییەکانی بڵاو کردەوە.

– 10 فێبرایەر ٢٠٠٦: خۆپێشاندەران بە شوشەی ئاگرین هێرشیان کردە سەر باڵیۆزخانەی فەرەنسا لە تاران(*).

– لە ١٤ی فێبرایەردا لەسەر داوای کۆمەڵی ئیسلامی و یەکگرتووی ئیسلامی و یەکێتیی زانایانی ئاینیی ئیسلامیی کوردستان، لە شاری هەولێر رێپێوانێکی گەورە بۆ بەردەم پەرلەمان رێك خران کە دەیان هەزار کەس تێیدا بەشدار بوون. ئەو خۆپیشاندانە جگە لە کاریکاتێرە دانیمارکییەکە دژ بە بڵاوکردنەوەی دوو کتێب بوون لە کوردستان کە ناوەندی ئاینیی کوردستان بە سووکایەتیکردن بە پێغەمبەر تۆمەتباری کردن، ئەوانیش کتێبی "سێکس و شەرع و ژن لە ئیسلامدا"ی مەریوان هەڵەبجەیی و بەرگی دووەمی "الکرد فی التاریخ"ی د.جەمال رەشید بوون.

(*) بۆ زانیارییەکانی تایبەت بە وێنە کاریکاتێرییەکان سوود لە سایتەکانی ئینتەرنێت وەرگیراوە.

## ناوەرۆك

* پێشەكی...
* ئاین : دایەلۆگ و سووكایەتی...
* شەڕی "سووكایەتیكردن بە ئاین" بەرەو كوێ؟...
* شەڕی دوور لە شەقام...
* قەدەغەكردنی سوكایەتی نەك رەخنە...
* رێزگرتنی پیرۆزی...
* ئاین بە بوێری...
* مێژووی رەخنەگرتن لە پێغەمبەری ئیسلام...
* دوای ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١...
* "رەخنە" و "سووكایەتیەكان" لە كوردستان...
* ئەو كتێبانەی هەرایان ناوەتەوە...
- نووسەرە عەلمانیەكان...
- نووسەرە ئاینییەكان...
* هەرای وێنە كاریكاتێرییەكان...
* وێنەكانی پێغەمبەر...
* كاردانەوەكانی وێنە كاریكاتێرییەكان...